کۆمەڵە چیرۆک



# ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک

ئەحمەد کامەران

**رۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێك**

**ئەحمەد کامەران**

**ناسنامەی کتێب:**

*ناوی کتێب: ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێك.

*بابەت: کۆمەڵە چیرۆك

*نووسەر: ئەحمەد کامەران

*نەخشەسازی بەرگ: ئارێز عەزیز.

*چاپی یەکەم: 2020

*چاپ: چاپخانەی فێربوون

# ناوەڕۆکی کتێب


| ناوەڕۆکی کتێب |
| --- |
| 1-ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێك.... |
| 2- نهێنی کچێك لەیەکەم شەوی بووکێنی دا...... |
| 3- بیرەوەریەکانی کچێك لەنەخۆشخانە... |
| 4- کچە پاشاو کوڕە گالیسکەکە... |
| 5-دوو هاوڕێی کۆڵنەدەر... |
| 6-نارڤین... |
| 7-کچێکی پیانۆ ژەن... |

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا :

*ئەحمەد کامەران حەیدەر, لە دایکبووی ساڵی 1998 , خەڵکی شاری خانەقینە.

*لە پاییزی ساڵی 2009 وە , بەشێوەیەکی خێزانی لە هەولێر نیشتەجێ دەبن.

*ناوبراو لە خێزانێکی خوێندەوار پەروەردە کراوەو هاوکاتیش خوشکەزای هونەرمەندو نووسەری کۆچ کردوو ( تەها ئاغاجانە ).

* نووسەر لەسەرەتای ساڵی 2019 وە لەڕێگای ڕۆژنامەو ماڵپەرەکانەوە, چەندین وتاری جۆراو جۆری بڵاوکردۆتەوە.

## رۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێك

چوارشەممەیەکی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2019 بوو, کە هاوکات هەموو چوارشەمانێکم, بە کۆتایی هەفتەکانی زانکۆم دادەنرا , کە ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشەکەی من جیاوازتر بوو لەبەشەکانی دیکەی کۆلێژەکەم کە لە شەمە بۆ چوارشەم دەوامی ئاسایی خۆی ئە نجام دەدا, منیش لە زۆربەی کۆتا هەفتەکانی زانکۆم راستەوخۆ نەدەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە , بەڵکو بڕیارم دا کە پیاسەیەك بە تەنیا بکەم بەدەوروبەری پیرە قەلاتی هەولێردا و لە پاشانیش لەوێوە راستەوخۆ بەرەو چایەخانەکەی مەچکۆ بەڕێ کەوتم, کە بۆخۆم لە کوچەیەکی چا یخانەکە بەکز و ماتەوە دادەنیشتم و میوانی چایەکی گەرم لەگەڵ رۆژنامەیەکی گەرما و گەرم لە هەواڵ و زانیاری ,کە سەرجەم هەواڵەکان پڕاو پڕ بوون لە درۆو دەلەسەی بێ بنەما,بەڵام جاروباریش چاوەکانم دەسوڕاندەوە بۆ سەر وێنەی کەسێکی خۆشەویستی خۆم کە وێنەکەی بەگەورەیی لە سووچێکی چا یخانەکەدا هەڵواسرابوو.

بەڵام ئەم کۆتا هەفتەی ئەم جارەم بڕیارم دابوو بڕۆم بۆ ناوچەی عەنکاوە, چوونکە ماوەیەکی زۆر بوو پیاسەیەکم بەیادی رۆژانی رابردووم بەناو کوچە و کۆڵانەکانی عەنکاوەم نەکردبوو , هەربۆیە ئارەزووم لە پیاسەیەکی شەقام و کووچەکانی عەنکاوە دەکرد , بەڵام پیاسەیەکی ئێستام بەنێو هەموو کووچە و شەقامەکانی عەنکاوە زۆر بۆم جیاوازترە لە پیاسەیەکی ساڵانی

رابــردووم ,لــە کــاتی پیاســەکردنم بــەنێو هەرکووچــەیەکی ئــەو شارۆچــکە بچووکەدا ,راســتەوخۆ چــەندین یــادەوەری خــۆش و ناخۆشــی ساڵانی رابردوومی بــەبیری مــنی هێنایــەوە کــە هــەرگیز لــەبیر نــاکرێن ئــەو یادەوریانــەی ژیــانم. هــەرکاتێکیش کــە بــەرەو عــەنکاوە برۆیشــتبامایە دەبوایــە لەیــەکێك لــە خواردنگــە خێراکــانی ئــەو ناوچــەیە بەتایبــەتی خواردنگەیــەکی خێــرای لێبــوو لــە نزیکــی قوتابخانەکەم بوو کــاتی خــۆی کــە لــە قۆنــاغی ناوەنــدی دەمخوێنــد زۆربەی جــار لــەو خواردنگەیــە نــانێکم دەخــوارد لــە پاش تــەواوبوونی قوتابخانەکــە , هەربۆیــە ئێســتاش ئــەو خواردنگەیــە مــابوو, منــیش وەکــو رۆژانــی رابــردوو دووبــارە لــەو خواردنگەیــە دادەنیشــمەوەو خوانێکی خێــرام تێــدا خــوارد, لەگــەڵ ئەوەشــدا مــن زۆر ئــارەزووم لــە خواردنە خێراکان هەیە کە چێژێکی تایبەتی پێم دەبەخشێت.

ئــەو رۆژە زۆر برســیم بــوو , هەرکــە چــوومە ژوورەوە راســتەوخۆ داوای دوو لەفــەی گەســی بــەنانم کــرد لەگــەڵ ماســتاوێکی ســاردا , پاشــان بردمــە دەرەوە بــۆ خــۆم لەســەر یــەکێك لــە مێــز و کورســیەکانی دەرەوە دانیشــتم ,ئــەو خواردنگەیــە شــوێنێك بــوو هــەتا رادەیــەکی زۆر پێشــکەوتوو و رێــك و پێــك و خــاوێن بــوو بۆیــە منــیش ئــارەزووی خــواردنم لــەوێ دەکــرد, بــەڵام کاتێــك ســەرقاڵی نــان خــواردن بــووم لــەناکاو کەسێك هاتــە ســەر ســەرم کــە بەشــێوەیەکی ناســکانە بــە زمانــە عەرەبیەکــەی دراوســێمان داوای پارەیــەکی نــانی لــێم دەکــرد, منــیش ســەرم لــەخوارەوە بــوو بــەڵام خۆزگــە هــیچ کاتێــك ســەری خــۆم بڵنــد نەکردبایــەوە ,کاتێــك کــە ســەری خــۆم بڵنــد کــردەوە راســتەوخۆ

چـاوەکانم کەوتــە نــاو چـاوێکی شـینی پڕشـنگدارەوە, کـە هـەروام دەزانی ئـەو ڕۆژە مـن کەوتمـە نـاو ئـاوی دەریاچـەیەك,بـەڵام خۆزگـە ئــەو ڕۆژە لــە ئــاوی دەریاچــەیەك نوقمبوومایــەو کۆتــاییم پــێ بهاتبایـە, نـەك چـاوەکانم بکەوتبایـە نـاو چـاوی کچـێکی جوانـەوە کە ئەمـەش زیـاتر مـنی ئـازار دەدا, بینـیم کچـێکی جـوانی باڵابـەرزی پرچ ڕەش کـە پرچـەکانی بەسـەر شـانی دا هـاتبووە خـوارەوە, کەچـی هـاتبوو داوای پارووێـەکی نـانی لـەمن دەکـرد , منـیش تووشـی شـۆك بــووم بــەو قســەیەی کــە لــە لێــوە هەنگوینیەکــەی دەهاتــە دەرەوە چوونکە هیچ باوەڕم نەدەکرد بـەو قسـەیەی , بـەڵام لـە دڵـی خۆمـەوە هەستم دەکرد بەجوانیەکەیەوە هـاتووە بـەو نیوەڕۆیـە گاڵتـە بـە دڵـی کوڕێکی پڕ لە ئـازاری ئـەم نیشـتمانەدا بکـات, بـەڵام بەهـەرحاڵ لـە دڵـی خۆمـەوە گـوتم : لـە کۆتـایی دا ئـەو هـاتووە داوای نـانێکم لـێ دەکات ویـژدانی مـن چـۆن ڕێگـا دەدات کـە بـەبێ نـازی بـەڕێی بکـەم . هەرچـەندە بـاوەڕم نـەدەکرد کـە ئـەو کچـێکی هـەژار بێـت چـوونکە ڕووخســار و جلـەکانی لــە هــی مـن جــوانترو پۆشــتەتر بــوو,بــەڵام لەکۆتایی دا من ئەو کچە جوانەم کـرد بـە میـوانی سـەر مێزەکـەی خـۆم و هەرچـیەکی داوا کــرد چــووم بــۆم هێنــا هەرچــەندەش ئــەو ڕۆژە پارەیەکی کـەمم لـە گیرفـان دا مـابوو , بـەڵام گـوێم نەدایـە گیرفـانی خــۆم , کاتێــك بەجوانیەکەیــەوە لەبەرامبــەرم ڕووبــەرو دانیشــت راســتەوخۆ لــە شــەرما ســەری خــۆی هێنــابووە خــوارەوەو خــەریکی خواردنەکـەی پێشـی بـوو ,ئـیتر منـیش شـتێك لـەناخی دڵمـەوە بـووە حەســرەتێك کــە دەبوایــە بم زانیبایــە بۆچــی جوانکیلەیــەکی پــرچ

ڕەشی چاوشین هاتووە داوای پارووییەکی نانم لێ دەکات. هەربۆیە بە بەشێوەیەکی کزەوە پێم گوت: تۆ دیارە هیچ کەسێکت نەماوە ؟ خەڵکی کوێی؟ کچەی چاوشین بە زمانی شیرینی کوردی خۆمان وەڵامی منی دایەوەو پێی گوتم: ئەتوانی بە کوردیش لەگەڵم قسە بکەی من لە زمانی کوردی تێدەگەم بۆیە هیچ خۆت مەشڵژێنەو, بە زمانی خۆت قسەم لەگەڵ بکە, منیش گوتم: زۆر باشە ئەتوانی باسی ژیانی خۆتت بۆم بکەیت, بۆچی تۆ لێرەیەت؟ ئەویش دووبارە بەجوانیە سەرنج ڕاکێشەکەیەوە وەڵامی دامەوەو گوتی: من دەمێکە چاوەڕێی دەرفەتێکی لەم شێوەیەم دەکرد کە ڕووبەرو لەگەڵ تۆ دابنیشم باسی ژیانی خۆمت بۆ بکەم ,ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە بۆ من کە توانیم لەبەرامبەری تۆدا دابنیشم و باسی بەشێکی بچووکی ئازارەکانی خۆم و هاوڕێکانم بۆت بکەم .

منیش تووشی شۆك بووم بە قسەکانی ئەو کچە, چوونکە من یەکەم جارم بوو کە ئەو جوانکیلەیە ببینم, بەڵام لەقەسەکانی ئەو کچەدا ئەوە دیاربوو کە دەمێکە یەکتر دەناسین یاخود پەیوەندیەکمان هەبووبێت لە پێشتردا, بەڵام بەهەرحاڵ منیش ئەو ڕۆژە ناچار بووم کەتەنیا بێ دەنگی هەڵبژێرم بۆئەوەی گوێ لە قسەکانی ئەو کچە بگرم, منیش پێم گوت: فەرموو بەقوربان من ئێستا گوێت بۆ دەگرم و تۆش باسی خۆتت بۆم بکە بزانم ,ناوت چیە؟ بۆچی لێرەیەت و چیت لەمن دەوێت چۆن هاتوویت بۆ ئێرە؟

من ناوم ئیسرایە, تەمەنم بیست یەك ساڵە بەڵام لە تەسکەرەکەم بەهەڵە منیان دووساڵ گەورەتر کردوە, من لە خێزانێکی مامناوەندی لە شاری موسڵ بەبێ ئاگەدارکرنەوەی خۆم من چاوم بە دنیایەکی نامۆ کردەوە , سێ خووشك و سێ برابووین لە ماڵەوە لەگەڵ دایکم و باوکم واتە ئێمە لە ماڵەوەخێزانێکی قەرەباڵغ بووین. باوکم ناوی جەوادە, ساڵانێکی زۆر فەرمانبەری بەڕێوبەرایەتی ئاو بوو لە موسڵ دا ,باوکم یەکێك بوو لەباشترین فەرمانبەری بەڕێوبەرایەتیەکەی خۆی, هەروەها دایکیشم ناوی ئایشەیە ئافرەتی ماڵەوە بوو بەڵام ئافرەتێکی زۆر خوێندەوار بوو کە بەبەردەوامی ئارەزووی لە کتێب خوێندنەوەو گەڕان بە دوای شتی نوێ دەکرد ,لەهەمان کاتیشدا زۆربەی ئافرەتانی گەڕەکمان دەهاتن بۆلای دایکم هەتاوەکو فێری خوێندەواری بن, بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی کارەکانی رۆژانەی خۆیان را پەڕێنن, دایکی من دەستێکی کابانی هەبوو لە درووسکردنی خواردن و شیرنەمەنی, بەتایبەتیش کاتێك پاقلاوەی درووست دەکرد بۆمان ئەو ڕۆژە وەکو چەژن وابوو بۆ ئێمە, چوونکە پاقلاوەکەی دایکم لەهیچ شوێنێکی شاری موسڵ بوونی نەبوو جاری وا هەبوو دایکم بڕێکی زۆری درووستدەکرد لە پاشان دەیدایە باوکم هەتاوەکو بڕوات لە بازار بیفرۆشێت کە توانی پارەیەکی باشی پێ پەیدا بکات. ئیتر وای لێهات کە خەڵکی داوای ئەم جۆرە پاقلاوەیەی دایکم بکەن, بۆیە باوکم بڕیاری دا کە شوێنێکی بچووك بەکرێ بگرێت بۆ دایکم بۆ درووسکردنی پاقلاوە و شیرنەمەنیەکانی , ئەمەش وای کرد

ژیا نمــان زیــاتر خۆشـبێت و دڵیشــمان خۆشـتر بێــت , هەرچــەندە ئێمــە لەســـەرەتادا زۆر باوەڕمـــان بەبەشـــی خۆمـــان هـــەبوو هـــیچ کاتێـــک گلــە یمان لــە نــەبوونی شــتێك نــەکردوە یــاخود بــۆ نــەبوونی شــتێك دڵگــران نەبووینــە بــە پێی توانــای خۆمــان توانیومانــە هــەموو شــتێك بکەین .

دووبــرا گەورەکــەم , لەگــەڵ ئێمــە نــەدەژیان چــوونکە ئــەوان ژیــانی هاوســەرگیریان پێــك هێنــابوو خــاوەنی مــاڵی تایبــەتی خۆیــان بــوون بــەڵام ناوبــەناوە بــۆ ســەردان دەهــاتن بۆلامــان ئــیتر ماڵــە بچــووکەکەمان زۆر قەرەبــەڵاغ دەبــوو بــەهۆی دەنــگ و هــارو هــاجی منداڵی براکــانم, دوو خووشــکەکەی تریشــم ئــەوانیش لــەماڵی خۆیــان بوون واتە بۆخۆیان مێردیــان کردبــوو بــەڵام یــەکێك لــە خووشــکەکانم چەندین جــار هــەوڵیان دابــوو بۆئــەوەی منــداڵێکیان بێــت بــەڵام هــیچ منداڵێکیان بــە قســمەت نــەدەبوو , بــەڵام ئــەوان زۆر بەختــەوەر بــوون بۆخۆیان ,لــە بنەڕەتــدا کێشــەکە لەخووشــکم دابــوو کەچــی زاوەکــەمان لــەلای خــەڵکی کێشــەی منــداڵ نەبوونەکــەیان دەخســتە ئەســـتۆی خۆیـــەوە کـــە گوایـــە زاوەکـــەمان لەبنەڕەتـــەوە کەســـێکی نەزۆکـــە ,چوونکە ئــەو خووشــکەکەمی زۆر خــۆش دەویســت و هەمیشــە ئامــادەبوو لـــە پێناو خووشـــکەکەم هـــەموو شـــتێك بکـــات , ئـــەو زاوایـــەمان پیــاوێکی هــەتا بڵێــی رۆشــنبیر بــوو, منــیش ئــەو جــۆرە پیاوانــەم زۆر خــۆش دەوێــت کــە رێــز لــە خێزانــەکانیان دەگــرن و بەبەختــەوەری بۆخۆیـــان دەژیـــن, بەهـــەرحاڵ بـــا مـــن ســـەری تـــۆ نەیەشـــێنم بـــەم قسانەمەوە دڵنیام کە هــەتاوەکو کۆتــایی قســەکانم تــۆ بێــزار دەبیت

لـیٚم, بـەڵام هیـوادارام هـەتاوەکو کۆتـایی هـیچ شـتێك نـەڵێیت و تـەنیا گـوێم بـۆ بگریـت , ئـیتر سووپاسـت دەکـەم.
هەروەهاخووشـکەکەی تریشـم ئـەوان بڕیاریـان دابـوو کـە درەنـگ منـداڵیان ببێت.بـەڵام ئـیتر مـن و برایەکـەی تـرم بەتـەنیا لەگـەڵ دایـك و بـاوکم دەژیـان ,هەرچـەندە کـاتی خـۆی ماڵێـك هاتبوونـە داوام بـۆ کوڕەکـەییان بـەڵام بـاوکم ڕەتـی کـردوە کـە مـن بـدات بـەو کوڕە. .منیش خۆم ئـارەزووم لـیٚ نـەبوو کـە هاوسـەرگیری بکـەم لەگـەڵ ئـەو کـوڕەدا چـوونکە کـوڕێکی بـاش نـەبوو,زۆریش دواکـەوتوو دیـاربوو. لەهەمانکاتیشـدا مـن ئـەوکات لەسـەرەتای ژیـانی هـەرزەکاری دابـووم ,هـەرەوەها خـاوەنی چـەندین خـەونی گـەورەتر بـووم بـۆ داهـاتووی خـۆم نـەك چـوونە نـاو ژیـانی هاسـەرگیریەوە, بـەڵام زۆرجـاران چـارەنووس یـاری بـە خـەونی مرۆڤـەکان دا دەکـات و ژیانیـان بـەرەو ئاراسـتەیەکی تـر دەبـات کـە هـەرگیز چـاوەڕێی ناکـەین. بەڕاسـتی هەنـدێك کەسـی دواکـەوتوو فـامی ئـەو شـتانە ناکـەن ئـیتر وادەزانـن کـە کچـەکە تۆزێـك بەخۆیـەوە هاتبێـت ئـیتر دەبێت هاوسەرگیری بکات و بڕواتـە مـاڵی مێردەکـەی ,ئـەوکات مـن لـە قۆنـاغی سـێی ناوەنـدی دەمخوێنـد کەچـی بەشـێك لـەهاوڕێکانم دەستینیشـان کرابـوون لـەو تەمەنـە بچـووکەیانەوە, بـەڵام خێزانەکـەی مـن لـەو جـۆرە خێزانانـە نـەبوون کـە کچـەکانی خۆیـان لەتەمەنێکی بچـووك وبـە زۆر بیانخەنـە نێـو ژیـانی هاوسـەرگیریەوە.
دوو خووشـکە گەورەکـەم تەمـەنیان گەیشـتە بیسـت و پێـنج سـاڵ ئـەو کـات چـوونە نـاو ژیـانی هاوسـەرگیریەوە,چـوونکە لـە راسـتیدا باوکی

من پیاوێکی زۆر رۆشنبیر بوون کە هیچ کاتێك دڵی کچەکانی خۆی نەدەشکاند و بەردەوام وەکو قەلایەك لە پشتمان وەستابوو, هەروەها دایکیشمان وەکو چرایەك وابوو بۆمان بۆ رووناك کردنەوەی رێگا تاریکەکانمان, بەڵام ئیتر ئەو چرایەی ژیانمان کوژرایەوە بۆ هەتا هەتایی. لەگەڵ ئەوەشدا من یەکێك بووم لە قوتابیە زیرەکەکانی قوتابخانەکەم هەمووساڵێك بە پلەی نایاب دەردەچووم هەروەها زۆر بەئاواتی ئەوە بووم کە لە داهاتوودا ببم بە رۆژنامەنووس یاخود پەیکەرتاش بەتایبەتیش زۆر ئارەزووی پەیکەرتاشیم دەکرد کە هونەرێکی زۆر جوان بوو بەلامەوە هەرچەندە ئەوکاتە من, لەماڵەوە زۆربەی کاتەکانم قورم دەهێناو هەندێ پێداویستی تریشم لەگەڵی هێنا پەیکەری جوان جوانم درووست دەکرد, بەتایبەتی پەیکەری هونەرمەندەکان و کەسایەتیەکانم زۆر درووست دەکرد وەکو نانسی عەجرەم و کازم ساهیر و عەلی وەردی وە هەروەها پەیکەری فەرهاد پیربالیشم درووست کردبوو کەزۆر سەرسام بووم بەکەسایەتی ئەو پیاوە گەورەیە, کە رۆژێکیان لەرێگای زاوەکەمانەوە بوو چەند کتێبێکی ئەوی بۆمن هێنا و منیش هەموویانم خوێندەوە, بەبیرم ماوە کە من ئەوکات تەمەنم چواردەساڵان بوو کە کتێبەکانی فەرهاد پیربالم خوێندەوە, هەرچەندە لەراستیدا من لەتەمەنی دازدەساڵانەوە خۆشەویستیم بۆ خوێندنەوە درووست ببوو کە ئیتر وای لێهات خویندنەوە بووە هاورێی ژیانم, بەڵام کتێبەکانی فەرها پیربال بەزمانی کوردی نووسرابوون منیش لەزمانی کوردی تێدەگەیشتم و

زۆریش بەلامەوە شیرین بوو زمانی کوردی, لەڕاستی دا من چێژێکی تایبەتیم لە کتێبەکانی ئەو نووسەرە بینی , لەبنەڕەتدا ئەو پیاوە یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد کە خەڵکی ئەربیلە ,ئێمەش کاتی خۆی چەند جارێك بەشێوەی خێزانی سەردانی ئەربیلمان کردبوو کە شارێکی زۆر جوانە بەلامەوە,بەڵام کەچی خۆم ئێستا لەم شارەدام بەبێ کەسی تێدا دەسووڕێمەوە, بەڕاستی ژیانێکی زۆر ئاڵۆزە کەچی زۆرجار ئارەزووی پێکەنین دەکەم بەخۆم و بەم ژیانە , هەروەها چەند جارێکیش سەردانی سلێمانیشمان کردوە ,ئێمە خێزانێك بووین بەردەوام ئارەزووی گەشتکرد نمان هەبوو , بەتایبەتی باوکم زۆر ئارەزووی لە گەشتکردن و گەڕان هەبوو, کە هەموو مانگێك ئێمەی دەبرد بۆ شوێنێکی جوان.

کازمی برام لەنێومان دا تاقانەبوو چوونکە تەنیا ئەو لە قوتابخانە نەیدەخوێند بوو ,بۆخۆی لە نێو بازار کاری ئازادی دەکرد ,کوڕێکی زۆر بە کێشە بوو بەردەوام شەڕی دەکرد و کێشەی بۆ ئێمەی دەهێنایەوە, بەڵام لەسەر ئەو هەمووشتانەوە ئێمە زۆر خۆشمان دەویست بەتایبەتی من چوونکە هەرشتێکم داوا بکردبایە ڕاستەوخۆ بۆمی دەکرد بێ ئەوەی دڵی خووشکە بچووکەکەی لەخۆی زویر بکات, دوو براکەی ترم مامۆستای بنەڕەتی بوون کە هەردووکیان لە یەك قوتابخانە وانەیان دەوتەوە, لەگەڵ دوو خووشکەکەی تریشم یەکێکیان پەرستار بوو ئەوی تریش لە بانك کاری دەکرد بەکورتیەکەی ئیتر ژیا نمان زۆر خۆش بوو هەموو

ڕۆژێکمـــان خەنـــدە و پێکـــەنین و ئاســـایی بـــەڕێ دەکـــرد بەتاییـــەتیش من زۆر هەستم بەدڵخۆشی دەکرد لەماڵەوە.

کـــوڕێکی دراوســـێمان هـــەبوو لەشـــارەکەی خۆمـــان, نـــاوی ســـامی بـــوو کوڕێکی باش و کەشـــخەبوو لـــەخێزانێکی بـــەڕێز بـــوو کـــە ســـاڵانێکی زۆر دراوســـێمان بـــوون , هـــەروەها دایکـــم و دایکـــی ســـامی وەکـــو خووشـــك وابوون بـــۆ یـــەکتری کـــە زۆربـــەی کـــات لەگـــەڵ یـــەکتری دابـــوون, بـــەڵام ســـامی لـــەمن گـــەورەتر بـــوو لـــە کۆتـــا قۆنـــاغی خوێنـــدنی بـــوو کـــە بڕیـــاری دابـــوو لـــە پاش تـــەواوکردنی خوێندن,راســـتەوخۆ بڕواتـــە کۆلێـــژی ســـەربازی بخوێنێـــت , هـــەموو بـــەیانیانێك لـــە ڕۆژە جوانـــەکانی ژیـــانم, تێیـــدا مـــن و ســـامی و لـــەیلای هـــاوڕێم بـــەڕی دەکەوتین بـــۆ قوتا بخانەکـــەمان بۆئـــەوەی نزیـــك ببینـــەوە لـــە خەونـــە بـــەدی نـــەهاتووەکا نمان خۆزگـــە هـــیچ خـــەونێکمان نەبوایـــە ,هـــەموو جارێك بەخۆم دەڵێم: نەفرەت لەهەموو خەونەکانم بێت.

بەڵی با کەمێك باسی لـەیلای هاوڕێمـت بـۆ بکەم,لـەیلا گیـان یـەکێك بوو لە باشـترین کچـە هاوڕێکـانم کـە هـاو پـۆل و هاوتەمـەنی یـەکتر بووین کچێکی هـەتا بڵێـی زۆر جـوان و سـادە بـوو, لەهـەمان کاتیشـدا دراوسێی یـەکتر بـووین, واتـەماڵی ئێمـە لـەنێوان مـاڵی لـەیلاو سـامی دا بـوو , کـە مـن بـەبیرم دێـت لەتەمـەنێکی بچـووکەوە ئـەو کچـەم ناسـیوە, هـەروەکو خووشـکەکانی خـۆم خۆشـم ویسـتووە, دایکـی لـەیلا مامۆستای وەرزشی قۆناغی بنـەڕەتی بـوو کـە هاوکـات مامۆسـتای مـن و کچـەکەی بـوو لـەقۆناغی بنـەڕەتیی دا, دایکـی لـەیلا ئـافرەتێکی

وەرزشـوان بـوو هـەروەها جەسـتەیەکی زۆر ڕێـك و پێکـی هـەبوو. مـن وسـامی پەیوەندیەکـەمان لـەنێوان هاوڕێیـەتی و خۆشەویسـتی دابـوو من دڵم زۆر بـەلای ئـەو کوڕەبـوو زۆرم خـۆش دەویسـت هـەروەها لـەیلای هاوڕێشم دەیزانـی کـەمن چـەند ئـەو کـوڕەم خۆشـدەوێت بـەڵام سـامی هـیچ شـتێکی نـەدەزانی دەربـارەی ئـەو خۆشەویسـتیەی مـن کـەبۆیم هەبوو, بەڵام لەچاوەکانی سـامی دیـاربوو کـە ئـەویش مـنی زۆر خـۆش دەویست, هـەرکاتێك سـەیری چـاوەکانی سـامیم دەکـرد دەریایـەك لـە خۆشەویسـتی مـنی تێـدا دەدرەوشـایەوە, بـەڵام بـەهۆی قسـەو قسـەلۆکی خـەڵکی نـەمان تـوانی زۆر پێکـەوە بگـەڕێن بەتاییـەتی کاتێـك بـەیانیان بـەرەو قوتا بخانـە بڕۆیشـتباینە سـامی لەسـەری کۆڵـان چـاوەڕێی مـن ولـەیلای دەکـرد هـەتاوەکو ئێمـە دەگەیشـتینە سـەری کۆلانەکـەی گـەڕەکمان, ئـیتر هەرسـێکمان بـەرەو قوتا بخانـە کەوتینـە ڕێ بـەڵام لـەڕێگادا سـامی ئەوەنـدە قسـەی خۆشـی بۆمـان دەکرد مـن دڵـم لـە پێکەنینـە کـەمێك مـابوو کـە ڕابوەسـتێت, کوڕێـك وەکـو فریشـتە وابـوو کـە هـیچ خرا پەیـەك هـیچ هەڵسـەوکەوتێکی خرا پم لێ نەبینیبوو بەدرێـژایی ئـەو چـەند سـاڵەی کـەمن ناسـیبووم هەموو شەوێك کاتێـك دەچـوومە سـەرجێگاکەم, پـێش ئـەوەی بخـەوم هەردەم بیرم لـەلای سـامی بـوو هەمیشـە خـەیالی ئـەوەم لـەلای خـۆم درووست دەکرد کە ڕۆژێـك دێـت سـامی دەبێتـە هـاوژینی ژیـانم, سـامی دەبێتـە ئـەو کـوڕەی کـە ڕێـز لـە خـۆم و لـە ئارەزووەکـانم دەگرێـت چوونکە ئـەو کـوڕێکی ڕۆشـنبیر بـوو کاتێـك قسـەی دەکـرد قسـەکانی پڕبـوون لـە قسـەی واتـادار و چـێژبەخش , مـن هـەموو کاتێـك

بەقسـەکانی سـامی دەروونم زیـاتر ئـارامتر دەبـوو, لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام ئـارەزووم دەکـرد کـە سـامی قسـەی خۆشـم بۆبکـات و مـن بخاتـە پێکـەنین و لەگـەڵ خـۆی بمبانـە جیهانـە جـوان و پاکەکـەی خـۆی دا, جیهـانی سـامی پڕبـوو لـە سـۆزداری و وەفـاداری ,بـەردەوام خـەیالم بـۆ ئـەو ڕۆژانـە دەچوو کـە مـن و سـامی منـداڵێکمان دەبێـت لەگەڵ ئەوەشـدا مـن دەبم بـەدایك و ئـەویش دەبێـت بـەباوکێکی بـاش بـۆ منداڵەکـەی.ئـیتر بـەم شـێوەیە هـەردووکمان منداڵەکـەمان بـەجوانترین شـێوە پـەروەردە دەکـەین و دەیخەینـە باشـترین قوتابخانـەکان و زانکۆکـان , لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەموو پێداویسـتیەکانی ژیـانی بـۆ دابـین دەکـەین هـیچ کـاتێکیش نـاهێلین کـە منداڵەکـەمان هەسـت بەنـەبوونی و کـەم کـورتی بکـات ,ئـیتر لەگـەڵ چـەندین خـەیالی هەرزەکارانـەی دیکـە کـە بـەردەوام بـەناو مێشکی من دەهات و دەڕۆیشـت ,چـوونکە هـیچ یـەکێك لـەو خەیالانـە نـەبوون بەراسـتی کـە مـن ئـاواتم بۆیـان دەخواسـت بـەڵام هـەموو ڕۆژێکم بەشەوان و بـەرۆژانم لـەناو ئـەو خەیالـە دام, بـەڵام دەبێـت بەخۆم بڵێم کە ئیتر ئیسـرا هەسـتەوەو کۆتـایی بـەو خەیالانـەت بێنـە چوونکە ئەو خەیالانە هەرگیز نابن بەڕاستی.

چـیتر باسـکردنی ئـەو ڕۆژە جوانانـەی ژیـانم هـیچ کـەڵکێکی نیـە و تەنیا کاتی خۆمی پـێ دەکـوژم و هـەروەها مێشـکی تۆشـی پـێ مانـدی دەکـەم ,چـوونکە هـەرگیز ژیـانی مـن ناگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ڕۆژانـە , بەڵکو واباشە ئـیتر ماڵئـاوایی لـەو ڕۆژانـە خـۆم بکـەم , هـەروەها مـن زۆر سووپاست دەکـەم کـە هـەتاوەکو ئێسـتا توانیـت گـوێ لـە بەشـێکی

چیرۆکی ژیانم بگریت, هیوادارم بتوانی گویٚ بۆ بەشەکەی تری چیرۆکەکەم ڕابگری, ئەگەریش من تۆم بێزارکردوە ئەتوانی پێم بڵێی, هەتاوەکو هەستمەوە سەرپیٚ و لێرە بڕۆم.

من ئەو ڕۆژە دەستەکانم و قاچەکانم و زمانیشم هەموویان تووشی ئیفلیج بوون هاتبوون کە نەمتوانی هیچ قسەیەکی بکەم چوونکە لەچاوەکانی ئیسرا دیاربوو , کە نووقمی نێو ئازارێکی گەورەبووە, بۆیە منیش بە رووخسارێکی پێکەنینەوە , بەئیسرام گوت: بەقوربان من هیچ کاتێك بێزار نابم لەقسەکانی تۆدا , تۆ بە ئارەزووی خۆت هەرچیەکت لەناو دڵت دایە بۆمی باس بکەو هیچ شەرم مەکە , من ئامادەم هەتاوەکو درەنگانی شەو لەم شوێنە لەگەڵ تۆ دابنیشم وگویٚ لەقەسەکانت بگرم, بۆیە من تکات لیٚ دەکەم ئیسرا خان کە هەموو چیرۆکی ژیانی خۆتت بۆم باس بکەیت بۆ ئەوەی وەکو نووسەرێك بتوانم یارمەتیەکی بچووکت بدەم, ئەگەریش نەمتوانی هەریارمەتیەکی ترت پێشکەش بکەم ئەوا هیوادارم بمبووریت.

سووپاست دەکەم بەڕاستی من هەتاوەکو ژیانم مابێت قەرزاری تۆم گەورەترین یارمەتی تۆ ئەوەیە بۆمن کە تەنیا گوێم بۆ گرەو هیچی تر تکایە, بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە کە باسی سەرەتای ڕۆژە رەشەکانی ژیانی خۆمت بۆ بکەم , ئەو ڕۆژانەی کە هەرگیز نە من و نە خێزانەکەم کە لە چاوەڕوانی دا نەبووین, هەرچەندەش نازانم لەکوێوە دەستی پیٚ بکەم و چۆنی بۆت باس بکەم, هەروەها

بەشێکی زۆریم لەبیر نەماوە, بەڵام هەوڵ دەدەم بەشێوەی پارچە پارچە , باسی ئەو ساڵانەی خۆمت بۆ بکەم...

لە راستیدا نەمدەزانی چۆن ڕوویداو! بۆچی ئەو ڕووداوانە ڕووبەڕومان بوونەوە, هەرئەوەندەم زانی کە بە چاو تروکانێك ئەو هەموو خۆشیەمان نەما تەواوی خێزانەکەم سەرگەردان بوو لەگەڵ تەواوی خەڵکی ناوچەکە. ئێوارەیەك بوو بەڵام بەبیرم نایەت بەرواری چەند بوو بەڵام بەبیرم دێت کە ساڵی 2014 بوو ئەگەر بەهەڵە دا نەچووبم چوونکە هەموو شتێکم لە یاد چووە بەتایبەتی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە هاتە سەر ڕێگای من و خێزانەکەم و تەواوی خەڵکی شارەکەم دا لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێك هەستم بە شەو و رۆژی خۆمدا نەکردبوو , شارێکی گەورەو ئارام لەژیانێکی ئاسایی خۆیدا گۆڕا بۆ شارێکی وێرانکەر کە ژیانی تێدا بووە دۆزەخ بۆمان , بەبێ ئەوەی هۆکاری ئەو هەلگیرسانی دۆزەخە بزانین کە لەناکاوەوە بۆمان هەلگیرسا, من لە کونی پەنجەرەکەی سەربا نمانەوە سەیری دەرەوەم دەکرد بینیم کۆمەڵێك چەکداری جلك ڕەش و ڕیشیانیش زۆر درێژ بوو شێوەیەکی زۆر ناشرین و ترسانکیان هەبوو بە ئۆتۆمبیل دەسوڕانەوە بەناو گەڕەکەکەمان, بەڵام باوکم لە دەرەوە بوو لە پەنجەرەکەوە بینیم بە خۆی و کیسەکانی دەستی بە ڕاکردن دەهاتەوە بۆماڵەوە , بەڵام کاتێك نێزیکی ماڵەوە بوو ڕاستەوخۆ باوکم لە پێش دەرگاکە کەوتە زەوی خوێنێکی زۆری لێ بەردبوو چوونکە ئەو رۆژە چەند فیشەکێکیان بەباوکمە نابوو بەڵام باوکم بەرگەی گرتبوو

هەتا پێش دەرگـای ماڵـەوەمان هـاتبوو بـەڵام ئـیتر بەرگـەی نـەگرت و بـۆ دواجـار بـاوکم کەوتــە سـەرزەوی , منــیش پە نجەرەکـەم کـردەوە قیژەم لێدا و بانگی بـاوکم دەکـرد بـەڵام هـیچ دەنگـی نـەبوو, چـەند چەکدارێك باوکمیان خسـتە نێـو ئۆتـۆمبیلێکی بڵنـدەوە لەگـەڵ خۆیـان بردیـان , پاشـانیش چـەند چـەکدارێکی تـر لـە ئۆتۆمبیلەکـەیان هاتنـە خـوارەوە هـەڵیان کوتایـە سـەر مـاڵی ئێمـە و چـەند مـاڵێکی تری گەڕەکەکـەمان, منـیش ئـەو ڕۆژە تـەنیا گوێبیسـتی دەنگـی قیـژەو هـاوار بوومـەوە لـە خـوارەوە لەترسـان خـۆم خـراپ تـەڕ کردبـوو نـەمتوانی بڕۆمـە خـوارەوە چـوونکە زۆر دەترسـام هـەروەها ئـەوکاتیش تەمـەنم پازدەسـاڵان بـوو لـە سـەرەتایەکانی قۆنـاغی هەرزەکاری دابـووم بۆیـە خـۆم لـەژێر سیسـەمەکەم بـە کـزی شـاردەوە هـیچ دەنگـم لێـوە نـەدەهات ,بەتایبـەتی کاتێـك بینـیم دوو چـەکدار خۆیان بەژوورەکەی منـدا کـردو بـەناو ژوورەکـەم دا گـەران وەکـو ئـەوە وابوو کە هەسـتیان کردبێـت کەسـێکی تـر لەماڵـەوە هەیـە بـەڵام مـن بەهەموو شـێوەیەك هەناسـەی خـۆی بڕانـدبوو بـۆ ئـەوەی هەسـتم پـێ نەکەن, بـەڵام لـە پاش چـەند خولـەکێك دەنگـی هـیچ قیـژەو کەسـێك لـەنێو ماڵەکـەی ئێمـە کۆتـایی هـات وەکـو ئـەوە وابێـت چـەکدارەکان ڕۆیشـتبن و منـیش دڵـم زۆر خـۆش بـوو کـە چـەکدارەکان ڕۆیشـتن و وازیـان لـە خێزانەکـەمیان هێنـا , منـیش لـەژێر سیسـەمەکەم هەسـتامەوەو بـەرەو خـوارەو ڕۆیشـتم بـەڵام خۆزگـە نەڕۆیشـتبامە خـوارەوە چـوونکە ماڵەکـەمان نـووقمی خـوێن کرابـوو, لاشـەی دایکـم بەلایەکـەوە کـەوتبوو هـەروەها کـازمی براشـم لـە پێش دەرگـای

چێشتخانەکەمان کەوتبوو کـە هـەموو گیـانی بەخوێنـەوە بـوو, بـەڵام یەکێك لە خوشکەکانم بۆ سـەردان هـاتبوو بۆلامـان بـەڵام ئـەو دیـاری نەمابوو نازانم بـەرەو کـوێ برابـوو, بـەڵام دەمزانـی کەتۆتـە دەسـتی چـەکدارە جلـك ڕەشـەکان.نەمـدەزانی کـە ئـەم چـەکدارانە چیان لەئێمـە دەویسـت و بۆچـی هاتووتبوونـە شـارەکەمان . لەهـەمان کاتیشـدا دووبراکـەی تـرم و خووشـکەکەی تـرم ئـەوانیش هـیچ دەنگێکیـان نـەبوو لـەو ڕۆژەوە هـەتاوەکو ئێسـتا هەرچـەندە مـن بـێ هیوابوومە لەگەڕانەوەی کەسە ئازیزەکانی خۆم.

نـاخم پڕبـوو لـەگریان و قیـژە بـەڵام نـەمتوانی ئـەو هـاوارەی نێـو ناخـەم هـەڵیڕژێنم بـەڵکو هـەموویم لـە کووچـێکی دڵـم هێشـتەوە, چـووم بـەرەو لای دەرگـای حەوشـەکەمان بینـیم دەرگاکـەمان بـەڕەنگی خـوێن دا پۆشـرابوو, لـەکونی دەرگـای حەوشـەوە سـەیری بـارودۆخی دەرەوەم دەکرد بـەڵام هـیچ بـاش نـەبوو گەڕەکـە کـەمان جمـەی دەهـات لـە سـەیارەی چـەکدارەکان و لاشـەیەکی زۆر بـەو نـاو گـەڕەکمان کەوتبوو منـیش لـە ترسـان نەمـدەوێرا بڕۆمـە دەرەو چـوونکە دەمزانـی چارەنووسـی منـیش لـەوان خـراپتر دەبێـت چـوونکە ئـەو چـەکدارانە هیچ ویژدانێکیان نەبوو بە قێزەونترین شێوە ئازاری خەڵکیان دەدا.

تاکـە ڕێگـا کەبـە مێشـکم داهـات لـەو ڕۆژە ڕەشـەدا, ئـەوە بـوو کـە لەسەر بـانی ماڵمانـەوە بڕۆمـە مـاڵی لـەیلای هـاوڕێیم و هاوپۆلەکـەم کـە لـە یـەك قوتابخانـە دەما نخوێنـد چـەندین ڕۆژی خۆشمـان بـەڕێکردبوو مـن و لـەیلا. بـەڵام ئـەو ڕۆژە پـێش ئـەوەی خـۆم

بخەستبامایە مالّی لەیلاوە لەسەر بانەوە تەماشای مالّی سامیم دەکرد بەلّام هیچ کەسێك دیارنەبوو مالّەکەیان کش ومات دیاربوو منیش زۆر بیری سامیم دەکرد نەمدەزانی چی بەسەر هاتووە هەموو ئەو خەون و خەیالانەم هەبوو لەبەرامبەر سامی دا هەموویان بوونە خۆل و لەگەلّ ڕەشەبایەکی توند ڕۆیشت کە هەرگیز جارێکی تر ناییینمەوە, بەلّام لەناو دلّی خۆمەوە هەمیشەم هەولّم دەدا دلّنەوایی ئازارەکانی خۆم بدەمەوە چوونکە ئازارەکانی من تەنیا بە مردنم کۆتایی دێت .

پاش ئەوەی کە خۆم خستە مالّی لەیلای هاوڕێم بینیم دەنگی هیچ کەسێك نایەت وەکو ئەوە وابوو کە چەکدارەکان ئەوانیشیان بردبێت, بەلّام دەرگای چێشتخانەکەیان لەناکاو کرایەوە, لەیلا هاوڕێم بە دەنگێکی زۆر کزەوە منی بانگی ژوورەوە کرد, منیش چوومە ژوورەوە تەنیا خۆی و برا بچووکەکەی بەتەنیا لەمالّە بوون , منیش بەلەیلام گوت: ئەی دایك و باوکت لەکوێن؟ لەیلاش وتی: دایکم و باوکم لەمالّەوە نین ئەوان لەدەرەوەن بەلّام هەتا ئێستا دیاریان نیە نەگەڕاونەتەوە , لەیلای هاوڕێم ئەو ڕۆژە زۆردەترسا کە دایك و باوکی شتێکیان بەسەرهاتبێت, ئەویش بەمنی گوت: ئەی تۆ بۆچی هاتوویت بۆ لای من ئەی خێزانەکەت لە کوێن؟

منیش بە گریانەوە وەلّامی لەیلام دایەوە گوتم: دایکم و باوکم و براکەم کوژران و خوشکەکە گەورەکەیشم چەکدارە جلك رەشەکان لەگەلّ خۆیان بردیان بۆ شوێنێکی نامۆ, هاتاوەکو ئێستاش

دەنگوباسی براکانی ترم لەگەڵ خوشکەکەی ترم نیە مێشکم بۆ لای شتی زۆر خراپ دەڕۆیشت ئەو رۆژە, هەتاوەکو ئێستاش هەواڵی خووشکەکانم و دووبراکەی ترم نازانم بەڵام هەموو رۆژێك هیوا دەخوازم کە جارێکی تر پێکەوە شادبین , بەڵام ئەم هیوایەم زۆر ئەستەمە بەدی بێت چوونکە من چەند ساڵە بەو هیوایەوە دەژیم هەتاوەکو ئێستا هیچ دەنگێکیان نەبووە .

ئەو رۆژە تەنیا کەس کە مابوو بۆم لەیلای هاوڕێم بوو, لەیلای هاوڕێم بەچاوەکانی خۆی سامی بینیبوو کەلەلاین چەکدارەکانەوە لەماڵەکەی خۆیان لەگەڵ دایك و باوکی و دوو خووشکەکەی سواری ئۆتۆمبیلی چەکدارەکان کرابوون. سامی دوو خووشکی بچووکی جوانی هەبوو کە ناوبەناو دەهاتنە ماڵی ئێمە, دووکچی زۆر رووخۆش جوان بوون , هەرکاتێك ئەوان دەهاتنە ماڵی ئێمە من واهەستم دەکرد کەسامیم لەلایە , نەمتوانی بۆ جارێك ماچێکی سامی بکەم کە زۆر تامەزرۆی ماچێکی روومەتەکانی سامی بووم , بەڵام کاتێك ماچی دووخوشکەکانی سامیم دەکرد ئیتر وا هەستم کرد کە ماچێکی سامیم کردوە , رۆژێکیان یەکێك لە خووشکەکانی سامی کە بە قسەگەورە ناسرابوو , بەمنی گوت: دادە ئیسرا هەموو جارێك کاکم باسی تۆ دەکات لەماڵەوە بۆ دایکم , ئەو بە تۆ دەڵێت: کچێکی زۆر جوان و ژیریت, کاکم زۆر عاشقی تۆ بووە تۆ زۆر جوانی دادە ئیسرا گیان, منیش بەقسەکانی خوشکەکەی خەندەیەك کەوتە سەر لێوەکانم و پێم گوت: هێواش کچی جوان ئەو قسانە لای کەسێکی تر باس نەکەی, بەڵێنم پێ بدە کە بۆ

هـــیچ کەســـێك باســـی نەکـــەی , بـــا تـــەنیا لـــەنێوان خـــۆم و خـــۆت بمێنێتەوە, ئیتر ئەویش بـەڵێنی بـە مـن دا کـە بۆکـەس باسـی نـەکات تەنیا لەنێوان خۆمان دا بمێنێتەوە .

هیچ ڕێگایەکمان لـە پێش نـەبوو هـەموو چـوار دەورمـان گیرابـوو, بۆیـە گریـــان هـــیچ ســـوودی نـــەبوو لـــەنێو ئـــەم دۆزەخـــەدا ئـــەو ڕۆژە فرمێســـکەکا نمان لەســـەر ڕووخســـارمان ســـڕیەوە لـــەنێو دڵمانـــدا هەڵمانگرتەوە بـۆ هـەتا هەتایـە, ئـیتر بیرمـان لـەوە دەرکـردەوە کـە چۆن ڕزگارمان بێـت, چـوونکە ڕزگـاربوون لـەنێو ئـەو دۆزەخـە کـارێکی ئاسان نەبوو بۆمـان, شـەو داهـات و خـۆر لـە ئاسمـان ماڵئـاوایی کـرد بـەڵام مـن و لـەیلای هـاوڕێم و براکـەی لەماڵـەوە بـەبێ دەنگـی دانیشـــتبووین زۆریـــش برســـیمان بـــوو, راســـتی ئـــەو ڕۆژە ئێمـــە کووبەمان هەبوو کە دایکـم کووبەیـەکی زۆر خۆشـی لێنـابوو بـەڵام مـن نیوەڕۆیەکـــەی برســـیم نـــەبوو بڕیـــارم دابـــوو بـــۆ شـــەوەکەی تۆڵـــە بکەمـەوە کـە زۆرتـرین کووبـە بخـۆم وە هـەروەها بڕیـار وابـوو کـە هـەموومان بەشـێوەیەکی خێزانـی کۆببینـەوەو, کـاتێکی خـۆش بەسـەر ببـەین کـە زۆر بـەی کـات ئـەو جـۆرە کۆبونـەوە خێزانیـەمان ئـە نجام دەدا ,بـــەڵام ئـــە مجارەیان چـــارەنووس ڕێگـــای نـــەدا کـــە هـــەموویان لەیەك ماڵدا کۆببینەوە , بەڵکو هەموومانی لەیەکتر دابڕاندا.

لـــەیلای هـــاوڕێم لـــە نێـــو تەلاجەکـــەی ماڵیانـــدا هەنـــدێك ماســـت و پەنیرو زەیتوونی لێ بـوو , ئـیتر هەرسـێکمان بـەبێ دانیشـتین بەسـەر پێـوە خواردنەکـەمان خـوارد و لە پاشـان بڕیـاری چـوونە دەرەوەمـان دا

لێرە چوونکە ئەگەر چەند لێرە بمابایینەوە ئەگەری زیاتر هەبوو کە بکەوینە دەستی چەکدارەکان,ئەو شەوە کاتژمێر نۆو نیو بوو 9:30, جموجۆڵی ئۆتۆمبیلی چەکدارەکان بەرەو کەم بوونە دەڕۆیشت لەناو گەڕەکەکەمان بەڵام دەنگی تەقەی ناوبەناو دەهات, ئێمەش دەرگای پشتەوەمان کردەوەو بە ڕاکردن خۆمان بەرەو سەری گەڕەك گەیاند بۆ ئەوەی بتوانین لەوێوە خۆمان بگەیەنینە شوێنێکی پارێزراوتر, هەرچەندە ئێمە زۆر نەفام بووین چوونکە شار ببووە مەڵبەندێکی گەورەی ئەو چەکدارانە کە راکردن هیچ سوودێکی نەبوو, لەناکاودا لەسەری ڕێگا ئۆتۆمبیلێك لە پێشمان وەستا کۆمەڵێك چەکداری جلك ڕەش هاتنە خوارەوە شتێکیان خستە لای دەمانەوە ئیتر نەمزانی ئەوکاتە چی ڕوویدابوو , چیمان بەسەر هاتبوو ئێمەیان بەرەو کوێ بردبوو هیچ شتێکم نەدەزانی,بەڵکو تەنیا ئەوەم زانی کە چاوم کردەوە بینیم لە ناو کۆمەڵێك کچی گەنج دابووم, لەیلای هاوڕێشم لە تەنیشتمەوە بوو لەگەڵ کۆمەڵێك کچی هاو تەمەنی خۆم و هەندێکیانیش لە من گەورەتر دیار بوون, کاتێك من و لەیلا بە هۆشی خۆمان هاتینەوە سەرەتا نەمان زانی ئێرە کوێیە؟ بەڵام بەبیرم دێت کچێك هاتە سەر سەرمان گوتی: بەیانیتان باش بەخێربێن کچینە بۆ (سوریا) من ناوم مریەمە , منیش بەمریەمم گوتم: سوریا کوێیە؟ بۆچی هاتووین بۆئێرە؟ مریەمیش وەڵامی منی دایەو پێی گوتم: شوێنێکی دوورە لەشارەکەی خۆتان دەزانم ئێوە لە موسڵەوە هاتوون بەڵام ئێرە سوریایە ئەو وڵاتەی کە بووە

**گۆڕستانێك بۆ خەڵكەكەی, ئیتر ئەو كاتە دەمزانی كە سوریا كوێیە؟ چوونكە پێش ئەوەی كە ناخۆشیە بەسەر ئێمەدا بێت, من و خێزانەكەم لە تەلەفزیۆن گوێبیستی ڕووداوەكانی سووریا ببووین , لەهەمانكاتیشدا ئەم چەكدارە نەفرەتیانە لەسەرەتادا لەوێوە سەریان هەڵدا كە ئیتر بوونە دێوەزمەیەك بۆ خەڵكی و بۆ گیانی ئێمە**...

**مریەم بە من و لەیلای گوت: كە گوایە زۆربەی كچەكان دەهێننە ئەم شوێنەو لە پاشان وەكو كاڵایەك دەیان فرۆشنەوە بە دەوروبەری خۆیان دا , وە هەروەرها بەبیرمە كە وتی: ڕزگار بوون لێرە زۆر مەحالە, چوونكە ئێمە هەموومان لێرە وەكو دەسكەوتی جەنگ دەست بەسەر كراوین, دەبێت خزمەتی ئەو چەكدارانە بكەین بەبێ دەربڕینی هیچ جۆرە ناڕەزایەتیەك لەبەرامبەریان دا, لە راستی دا منیش تێنەگەیشتم لە مەبەستەكەی مریەم كە چۆن و بەچ شێوازێك خزمەتی ئەو چەكدارانە بكەین؟ ئەویش بە پێكەنینەوە وەڵامی منی دایەوە وتی: بێگومان تۆ تازەی جاریَ نازانی بەڵام فێر دەبیت چۆن خزمەتیان بكەیت , بە قوربان دەبێت جەستەی خۆت وەكو پارچە گۆشتێك بخەیتە بەردەستی ئەو گورگانە بەتایبەتیش گورگە گەورەكانیان ئەگەر بێت و گورگە گەورەكەیان تۆی بەدڵ بێت ئەوە دەبیتە هی ئەو بۆ هەتا هەتایە بۆ خۆی بەردەوام چێژت لیَ دەبینێت و هەموو داواكاریەكانیشت جیَ بەجیَ دەكات , بەڵام هەر نارەزایەتیەك دەربڕی لەبەرامبەر گورگە گەورەكەیان یاخود جەستەی تۆی بەدڵ نەبێت بۆ خۆ**

تێرکردنـــی ئـــەوە ڕاســـتەوخۆ فرێـــت دەداتـــە بـــەر کۆمـــەڵێك گـــورگی پیســـی بۆگەنـــەوە کـــە بـــە ئـــارەزووی خۆیـــان هەرچـــیەکیان بـــوێ لـــە جەســـتەت دەکـــەن, هـــەتاوەکو ڕووح لـــە گیانـــت دەردەچـــێت تـــۆ ئـــەوان ناناســـی کچـــی جـــوان ,ئـــەو کچـــانەی ئێـــرە هـــەمووی ئـــەو ئازارەیـــان چەشتووە بە دەستی ئەو دڕندانـــەوە, مـــن هـــەرگیز وشـــەی مـــرۆڤ بـــۆ ئـــەو چـــەکدارانەم بەکارنـــەهێناوە چـــوونکە هـــیچ هەڵســـوکەوتێکی مـــرۆڤ بوونیـــان پێـــوە بـــەدی نـــەکرا, شـــەوان بـــەهۆی دەنگـــی قیـــژەی هاوڕێکا نمانـــەوە ئێمـــە لـــە تـــاو ئـــازاری جەســـتەیانەوە خـــەو لەچـــاوەکا نمان حـــەرام کرابـــوو هـــەموومان لێـــرە ئـــاوات بـــە مـــەرگی خۆمان دەخوازین, نـــەك ئـــەم ژیانـــەی ئێمـــە کـــە بەشـــێوەیەکی رەزالـــەت هـــەرجارە و بەشـــێوازێك ســـووکایەتی بەجەســـتەمان دەکرێـــت لەلایـــەن ئـــەم دڕندانـــەوە .لـــە راســـتیدا بەقســـەکانی مریـــەم ,مـــن زۆر ســـەرم ســـوڕمابوو لـــە بەرامبـــەر ئـــەو چـــەکدارانە کـــە هـــیچ ســـیفاتێکی مرۆڤایـــەتیان تێـــدا نیـــە ,چـــوونکە ئـــەوان ئێمـــەیان وەکـــو کۆیلەیـــەك تەماشـــا دەکـــرد کـــە بـــۆ ئارەزوەکـــانی خۆیـــان ئێمـــەیان بـــەکاردەهێنا , لەڕاستیدا مـــن مێشـــکم وەســـتابوو لەقســـەکانی مریـــەم کـــە هـــەموو ئـــەو شـــتانەی بـــۆمن و لـــەیلا بـــاس دەکرد,باشـــە بۆچـــی ئەوانـــە وا مامەڵـــەیان لەگـــەڵ ئێمـــەدا کـــرد , مـــن و هاوڕێکـــانم تـــاوا نمـــان چـــی بـــووە, بـــەڵام راســـتەوخۆ ئەوکاتـــەی کـــە مریـــەم ئـــەو قسانەی بـــۆمن کرد, هەرزوو قسەیەکی بـــاوکم بەبیرهاتـــەوە کـــە کـــاتی خـــۆی بۆمـــانی بـــاس دەکـــرد ,دەیگـــوت: ململانـــێ سیاســـیەکانی دەســـەڵات دارەکـــان ,

دەرئە نجامەکــــەی هاوڵـــاتی هـــەژار باجەکـــەی دەدات بـــەبێ هـــیچ هۆکارێکەوە.

ئیتر من لە پاشان تێگەیشتم لــە قســەکانی مریــەم کــە بۆچــی ئێمــەیان لێــرە گرتــووە ,بــۆ ئــەوەی وەکــو کاڵایــەك بــەکارمان بهێــنن و بــە ئارەزووی خۆیان کــاری سێکســمان لەگــەڵ دا بکــەن ئەوانــە مرۆڤــانێکی زۆر درِەنــدە بــوون ,بکــوژوو و بــێ ویــژدان بــوون هــەروەها برســی نــاو گەڵی ئێمەی کچــان بــوون, کاتێــك تەماشــای مریــەم و کچــەکانی تــرم دە کــرد کـــە هـــەموویان دەســـتدرێژی سێکســـیان کرابـــووە ســـەریان, هــەموویان ســەرەتای تەمــەنی گە نجیــەتیان بــوو بــەڵام ئەوانــە هــیچ خۆشــیەك لــەژیانی گە نجیــەتی خۆیــان نــەبینیبوو, کچــێکی بچــووك لــەنێو ژوورەکــەمان دابــوو کــە لەســەرەتای تەمــەنی هــەرزەکاری دابــوو بەڵام ئەو دووگیــان کرابــوو بــەڵێ دووگیانیــان کردبــوو منــیش هــاوارم کــرد و گــوتم: کــوا ویــژدان ئــەوە چ جــۆرە ویژدانێکــە کــە ئەوانــە هەیانە, چــۆن توانیــان کــە کچــێکی هــەرزەکار نــاو گــەڵی خۆیــان پــێ تێرکــردووەو پاشــانیش بــە دووگیــانی فرِێیــان داوەتــە سووچــێکەوە, ئــیتر منــیش تــك تــك ئارِەقــەم لــێ دەرژاو ئــاواتم بــە مــەرگی خــۆم خواســت, مــن و لــەیلای هــاورێم باوەشمــان بــەیکتر کــرد و دڵنــەوایی یەکترمان دایەوە , من ئەو رۆژە زۆر رقــم لــە کــچ بــوونی خــۆم دەکــردەوە هــەموو چــرکەیەك چــاوەرێی مــەرگی خــۆم دەکــرد نــەك بکەومــە ژێــر چــنگی ئــەو ئاژەڵانــەوە بــە ئــارەزووی خۆیــان یــاری بەجەســتەو نــاو گەڵم دا بکەن .

پرسیارم لە مریەم کردو پێم گوت: تۆ چەنێکە لێرەی؟ مریەمیش بە گریانەوە وەڵامی دامەوەو وتی: ماوەیەکی زۆرە لێرەم بەڵام بەبیرم نایەتەوە کەی هاتم بۆ ئەم شوێنە بەس تەنیا ئەوە دەزانم ژیانی منیان فەوتاند ئەو ئاژەڵانە, هەموو شەوێکم لە باوەشی یەکێکیان دا من شەوەکەم تێدەپەڕاند , ئەو دڕندانە بەئارەزووی خۆیان چێژیان لە جەستەی من دەبینی من ئێستا تەمەنم 22 ساڵە , هەمووژیانی کچێتی منیان وێران کردوە ئەو چەکدارانە, هەرچەندە جارێکیان ویستم لە ژێر دەستیان ڕابکەم بەڵام سەرکەوتوو نەبووم, دووبارە منیان دەستگیر کردەوە بە سێ نەفەرەوە کەوتنەگیا نمەوە بە ئارەزووی خۆیان سێکسیان لەگەڵ مندا کرد. بەڵام ئەو دڕندانە بەوەوە تێر نەبوون لە ئازاردانی ئەندامەکانی جەستەم, بەڵکو هەستان جگارەکانی دەمیان بە هەردوو مەمکەکانی من کوژاندیانەوە کە زۆر بە ئازارتر بوو بۆمن, لەسەرووی هەموو ئەو رووداوانەی کە بەسەرم داهاتووە, بەڵام من توانیومە هەتا ئێستا بەرگە بگرم, بەڵام باوەڕم پێبکە ئیسرا هەموو شەوێك لەناو ئازاری خۆم دا دەخنکێم, هیچ کەسێك گوێ لەدەنگی من و هاوڕێکانم نەبوو جیهان لەئاستی ئێمەدا بێ دەنگ بوون, پێش ئەوەی کە تۆو هاوڕێکەت بێن بۆئەم شوێنەنەفرەتیە, کچێکی هاوڕێمان هەبوو ئەو تەمەنی 16 ساڵان بوو شەوێکیان کۆمەڵێك چەکدار پەلەماریان داو ئەویش نەیتوانی بەرگەی ئەو پەلەماردانە بگرێت, سەرەنجام گیانی لە دەست دا, ئەو کچێکی زۆر جوان و ژیر بوو, ئەگەر هەڵە نەبم خەڵکی شەنگال بوو

ناویشی جانـدان بـوو بـەڵام بەداخـەوە بـووە قوربـانی دەسـتی ئـەم درندانە , بـەڵام هیـوادارم ئیسـرا گیـان تـۆو هاوڕێکـەت ئـەم ئـازارەی ئێمـە نەبینن,بـەڵام ئەگـەر ڕۆژێـك لێـرە ڕزگاریشـم بێـت هـیچ سوودێکی نیە بۆمن ئیسرا گیان .

قسـەکانی مریـەم مـنی زۆر ترسـاند لەگـەڵ ئەوەشـدا تووشـی دڵـە ڕاوکێی کردم,لەدڵی خۆمەوە گـوتم : دەبێـت منـیش خـۆم بـۆ ئـەو کـارە قێزەونانـە ئامادەبکـەم ,بـەڵام مـن هـەرگیز لـەژیانم هـیچ کەسـێك دەستی بۆمن نەبردوە بە ئـارەزووی خـۆی چـێژم لـێ ببینێـت تاکەکـەس لـەم ژیانـەدا کـە ڕێگـەم دەدا بـە ئـارەزووی خـۆی دەسـتم بـۆ ببـات ئەویش تەنیا سـامیەکەی مـن بـوو بـەڵام ئـەویش نـەی تـوانی بگاتـە ئەو ڕۆژە کە دەستم بۆ درێـژ بکـات, ئـەوە زۆر ئەسـتەمە بهـێلم کـە بـە ئاسـانی جەسـتەم بکەوێتـە ژێـر دەسـتی ئـەو چـەکدارانە ئەگـەر باجەکەیشـی مـردن بووبێـت , زۆر بـە سـەربەرزیەوە ئامـادە بـووم بـۆ ئەو مردنە نەك وەکـو کۆیلـە بکەومـە ژێـر دەسـتی ئـەم چـەکدارانە بـە ئـارەزووی خۆیـان یـاریم پـێ بکەم.ئـەو شـەوە کاتێـك خـەریکی قسـەکردن بـووین مـن و لـەیلاو مریـەم بـەڵام لـەناکاو کۆمـەڵێك چـەکدار دەرگایـان کـردەوە خۆیـان کـردە ژوورەوە قـۆلی هەنـدێ لـە کچەکانیا گرت ویـەك لەچـەکدارەکان گـوتی : ئێـوە فرۆشـراون نابێـت نارەزایـەتی دەربـڕن لەبەرامبـەر مووشـتەریەکان ئـەوان ئێوەیـان بەدڵـە حەزدەکـەن کـاتی خـۆش لەگـەڵ ئێـوە بەسـەر ببـەن ئێـوەش نابێـت دڵیـان بشـکێنن دەبێـت ئـەو موجاهیدانـەی برامـان دڵخـۆش بکـەن, چـوونکە ئـەوان زۆر مانـدوو دەبـن لـە بـەرەکانی جـەنگ دا

لەگەڵ دووژمنانی خـاك و دینمـان دەجـەنگن, بۆیـە دەبێـت ئێـوە وەكـو دەسـكەوتی ئـەم جەنگـە ئـەوان دڵخـۆش بكـەن. لـەیلای هاوڕێشـم یەكێك بـوو لـە كچـە فرۆشـراوەكان كـە بـەزۆری ژێـر قۆلیـان گـرت و بردیـان بـەڵام چـارەنووس ئـە مجارە لەگـەڵ مـن و مریـەم دا بـوو كـە نەفرۆشراین. لەهەمانكاتیشـدا چارەنووسـی بـرا بچـووكەكەی لـەیلای هـاوڕێم دیـار نـەبوو نەمـدەزانی بـەرەو كـوێ بردویانـە بـەڵام مریـەم پێـی گـوتم: ئـەوان منداڵـەكان ڕاهێنانیـان پـێ دەكـەن بـۆ ئـەوەی خۆیان ئامادە بكەن بۆ جـەنگ وجیهـاد كـردن لـە پێناو ئـەم ڕێكخـراوە, چـوونكە ئەمـە ڕێكخراوێكـی تیرۆرسـتی مەترسـیدارە لـەژێر نـاوی (داعـش) كـە تاكـە ئاما نجیشـیان بـەلای خۆیانـەوە بریتیـە لـە سەرخسـتنی ئـاینی ئیسـلام بەشـێوەیەكی هەڵـەدا, چـوونكە هـیچ كاتێـك ئـاین ناتوانرێـت بـەزۆری بەسـەر خـەڵكی دا بسـە پێنرێت, بەڵام ئەوانەی ئـەم كـارە ئـە نجام دەدەن لەهـەموو جـۆرە ئـەخلاقێكی دیـنی و مرۆڤبـوونی خۆیـان دەرچـووبوون كـە هـەرگیز جێگـای قبـول نەبوون .

چـارەنووس هـەموو شـتێكی پێچـەوانە كـردەوە بـۆمن و مریـەم و ئـەو هاوڕێیانـەی دیكـە كـە لـەم ژوورەوە مانـەوە بـەڵام لـەیلای هـاوڕێم چارەنووسـێكی ڕەشـی بەركـەوت نـازانم بۆچـی ئەوكەسـانەی كـە مـن زۆرم خۆشویسـتن هـەموویان بەچـاو تروكانێـك هـیچ كەسـێك لەدەوروبـەرم نـەمان, ئـیتر ئـەو ئێوارەیـە , هێرشـێكی بـەرفراوان كرایـە سـەر چـەكدارە جلـك ڕەشـەكان دەنگـی گولـە و قومبەلـەو چـەندین شـتی تـر دەهـات كـە دەنگـەكان ئەوەنـدە گـەورە بـوون

گوێچـکەکانمان زرینگـەی لێـوە دەهـات , بـەڵام ئەمـەش لەلایەکـەوە بۆ ئێمە بـووە خۆشـی و ناخۆشـی چـوونکە خۆشـیەکەی لـەوە دابـوو کـە فرسـەتێکی گـەورە لە پێشـمان کرایـەوە بـۆ ئـەوەی لێـرە هـەڵبێن خۆمـان بـدەین بەدەسـتی هێزەکـانی بەرگریکـەر دژی ئـەم تیرۆرسـتانە , بـەڵام ناخۆشـیەکەی لـەوە دابـوو کـە هێرشـەکە زۆر گـەورە بـوو ئەگـەری هـەبوو بـە فیشـەك یـاخود هاوەنێـك گیانمـان لەدەست بدایـە چـوونکە شـەڕەکە زۆر بـەهێز بـوو فیشـەك وەکـو بـاران دەهاتە خوارەوە, بـەڵام گوێمـان نەدایـە هـیچ شـتێك و ئێمـەش ڕامـان کرد هەتا چـەند توانامـان هـەبوو بـەردەوام بـووین لـە ڕاکردن,بـەڵام ئەو ئێوارەیـە دوو لـە کچـەکان و مریـەم, بـە فیشـەکی چـەکدارە جلـك ڕەشـەکان کـوژران و کۆتـایی بەسـەرجەم بـە ئازەرەکانیـان هـات, ئـیتر تـەنیا مـن ماومـەوە, منـیش هـەر بـەردەوام بـووم لـە ڕاکـردن هـەتاوەکو ڕزگـارم بێـت لـەم دۆزەخـەدا ئەگـەر بـە مـردنیش بێـت چـوونکە خـۆی لەبنەڕەتـدا ئێمـە کەسـانێکی مـردوو بـووین تـەنیا جەسـتەمان زینـدوو بـوو بـەڵام دڵمـان دەمێـك بـوو مردبـوو, خۆزگـە منیش وەکو مریەم و ئـەو هاوڕێیانـەی دیکـە بەفیشـەکێك کۆتـایم پـێ بهاتبایە.

بەڵام لـە کۆتـایی دا تـوانیم خـۆم بگەینمـە دەسـت کۆمـەڵێك چـەکدار بـەڵام ئـەوان چـەکداری خـراپ نـەبوون بـەڵکو کۆمـەڵێك چـەکداری ئازادی خوازبـوون کـە هـاتبوون گیـانی خۆیـان فیـدا بکـەن لـە پێنـاو کۆتـایی هـاتن بـەم چـەکدارانە, بـەڵام ئـەوان بـە زمـانی کـوردی قسەیان دەکرد کۆمـەڵێك چـەکداری کـچ و کـوڕی گـەنج بـوون کـە بـە

گـەریلا ناسـرابوون, بـەڵام مـن لەقسـەکانیان تێگەیشـتم چـوونکە بـەهۆی ئـەوەی زۆر تێکـەڵاو بـوونم هـەبوو لەگـەڵ کوردەکـان و, وە زمانی کوردیشم بەلاوە جوان بوو کـە توانیبـووم خـۆم فێـری ئـەو زمانـە بکەم, تـوانیم بـە کـوردی لەگـەڵیان بکەومـە قسـەکردن و گفتگـۆکردن ئـەوان زۆر بەقارەمانانـە شـەڕیان دەکـرد, یـەکێك لـە کچـە شـەڕڤانەکان کـە لەتەنیشـتی منـەوە دانیشـتبوو لـەناو ئۆتۆمبیلەکـەدا نـاوی جـەیلان بـوو کچـێکی چاوڕەشـی جـوان بـوو , خـەڵکی دیاربـەکر بـوو , لـە راسـتیدا شـوێنێکی جوانـە دیاربـەکر بەلامـەوە ,چـوونکە جارێکیـان بەشـێوەی خێزانـی سـەردانی ئـەو شـوێنەمان کردبـوو هەرچـەندە دیاربـەکر ناوچـەیەکی کوردنشـینە بەڵام سەر بە تورکیایـە, چـوونکە ناوچـە کوردیـەکان دابەشکراوە بـۆ سـەر چـوار پارچـە کـە بەسـەر چـوار دەوڵـەت دا دابەشـکراون, ئـەم دابـەش کردنـە مێژوویـەکی درێـژی هەیـە مـن زۆر شـارەزاییم نیـە دەربـارەی هۆکـاری ئـەو پارچـە بوونـەی خـاکی کوردەکـان, بـەڵام جەیلان خۆی لە ئیسـتەنبوڵ لـە کۆلێـژی پزیشـکی خوێنـدبووی بـەڵام لە پاشان بـەهۆی هەسـتی نەتەوایـەتی بـۆ گەلەکـەی وئـەو ئازارانـەی کـە گەلەکـەی دەیچـێژێت بەدەسـتی داگیرکـەرانی خاکەکەیـەوە ئـیتر ئەمـەش وای لـە جـەیلان کردبـوو کـەبڕیاری چـوونە شـاخەکان بـدات شان بەشانی خووشـك و برایـەکانی دیکـەی بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـە خـاك و ناسـنامەی گەلەکـەی بکـات, بەڕاسـتی کچـێکی بـوێرو قارەمان بـوو ئـەو جەیلانـە کـە بەچـەکەکەی سەرشـانیەوە پارێزگـاری لەشەرەفی خاك و گەلەکەی دەکات...

زیاتر لەچەند کاتژمێرێك بوو ئێمە بەڕێوە بووین , بەڵام لەکۆتایی دا گەیشتینە سەر سنور و گەریلاکان ئێمەیان بەجێ هێشت و کەوتینە دەست کۆمەڵێك هێزی تر کە ئەوانیش دووبارە بەکوردی قسەیان دەکرد بەڵام ئەوان هێزی پێشمەرگە بوون هێزێکی زۆر قارەمان بوون, بەردەوام گوێبیستی ناویان دەبووین کە هێزێکی چەندە قارەمان بوون لەبەرامبەر دووژمنان کەشان بەشان لەگەڵ هێزەکانی سووپای عێراق دا دەجەنگان لە دژی ئەم نامرۆڤانە, ئیتر ئەوانیش منیان خستە ناو کەمپێکەوە لەگەڵ کۆمەڵێك کچ و خێزانی دیکەدا , بەڵام ژیان لەناو کەمپەکان زۆر بە ئازارتر بوو بۆمان لەژێر دەستی ئەو چەکدارانە, هەر کەمپێك زیاتر لە دوازدە بۆ پازدە کەسی تێدابوو , هەموو ڕۆژێك وەکو مردن و زیندوو بونەوە وا بوو بۆمان لەناو ئەو کەمپانەدا بەتایبەتی بۆ ئێمەی کچەکان کە بەردەوام ڕووبەڕوی ڕووداوی زۆر ناخۆش دەبووینەوە لەناو کەمپەکان, من ئێستا هەست بەشەرمەزار بوونی خۆم دەکەم ئەگەر باسی ئەو ڕووداوانەت بۆ بکەم کە بەسەر مندا هاتووە لەنێو کەمپەکاندا, بەڵام بەناچاری توانیمان بەرگە بگرین. هیچ یەکێك لەو ڕووداوانەی کەبەسەر مندا هات هەرگیز ئازارەکەی لەبیرم ناچێتەوە , هەموو شەوێك کاتێك ئەو ڕووداوانە دێتەوە یادم زۆر ئازارم دەدات , ناتوانم لەیادیان بکەم بەتایبەتی مردنی دایکم, لەهەمانکاتیشدا زۆر بیری براکانم و خووشکەکانم و باوکم دەکەم ئیتر هیچ کەسم نەماوە بۆ خۆم بەبێ کەسی دەسووڕێمەوە لەم شارەدا, هەرچەندە لە پاش

چەند ساڵێك لەو ڕووداوە ناخۆشە کەبەسەر خەڵکی شارەکەم دا هات بەڵام بۆدواجار بەشێکیان گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵە ڕووخاوەکەیان پاش ئازادکردنەوەی شارەکەمان, بەڵام من هەر لێرە مامەوە چوونکە ئیتر ماڵ بەمن چی کە هیچ کەسێکم نەماوە نە خێزانەکەم نە لەیلای هاوڕێم نە ئەو کەسەی کە هەموو شەوێك بەخەیالی خۆشەویستیەوە سەرم دەنایەوە کە ئەویش سامییەکەی من بوو , کەچی هەتاوەکو ئێستا نازانم چی بەسەر هاتووە من ئەوەم زۆر خۆش دەویست, ئیتر زۆر ئەستەمە کە لە پاش ئەو من عاشقی کوڕێکی تر بم,چوونکە سامی تاکە کەس بوو بۆمن کە لە ناخی دڵی من تێدەگەیشت , ئەو ڕۆژێکیان بە نهێنی داوای لێ کردم کە ڕۆژێك دابنێم بۆ ئەوەی لە یەکێك کافتریاکانی شارەکەی خۆمان یەکتر ببینین منیش دڵم زۆر خۆش بوو بەو قسەیەی سامی, بەڵام چارەنووس هەموو شتێکی پێچەوانە کردەوە بۆ هەردووکمان.

بەڵام پێش چەند رۆژێك پوورم تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: کە گوایە هەموو هەوڵێکی خۆی بۆم دەدات ,هەتاوەکو بمباتە لای خۆی لە بەیرووت, پوورە حەلیمەکەم ماڵیان لە بەیرووتە , ساڵی 2012 مێردەکەی بە ڕووداوێکی هاتووچۆ گیانی لە دەست دا , لە ئێستادا تەنها خۆی و کچەکەی بەتەنیا لە شوقەیەك دەژین بەڵام من ئەوەی ئاگەدارم کە کچەکەیشی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتووە ماوەیەك دەبێت لەنەخۆشخانە خەوێنراوە,بۆیە ئێستا پوورم دەیەوێت من بۆلای خۆی رابکێشێت بۆ ئەوەی وەکو کچی خۆی بەخێوم بکات بەتایبەتی لەکاتێکدا کە

کچــە تـاقـانەکــەی ژیــانی لەمەترسـی دایــە, بــەڵام هیــوادارم ئـاسـیای کچە پوورم چاکببێتەوەو دووبارە هەڵسێتەوە سەرپێ.

بەڵام شتێك هەیە کە دەبێـت تـۆ مـن ببـوری چـوونکە لەسـەرەتـادا مـن درۆیەکــەم لەگــەڵ تــۆ کـرد کـە گـوتم: پارووپـەکی نـانم بـۆ بکـرە, لەڕاستی دا مـن ئێسـتا لەیـەکێك لـە هۆتێلـەکانی ئـەم ناوچـەیە بـۆ خـۆم کـارێکم دۆزیەوەتــەوە لەگــەڵ کۆمــەڵێك کچــی دیکــەدا, بــەڵام تــەنیا ویســتم ئــەو ئازارانــەی نــاو نــاخی دڵــم بۆتــۆی بــاس بکــەم ,چوونکە من مـاوەی مانگێکـە زیـاتر چـاودێری تـۆم کـردوە لـە بـازارو بەتـاییەتیش ئەوکاتانـەی کـە دەهاتیـت بـۆ عـەنکاوە, چـوونکە مـن تــۆم زۆر بینیــوە لەعــەنکاوە بەتـاییــەتی لــە پـارکــە گشــتیەکەی ئــەم ناوچــەیە کــە زۆربــەی کــات لــەوێ بۆخــۆت بەتــەنیا دانیشــتبووی, بــــەڵام هـــیچ هــــەلێکم بــــۆ نەدەڕەخســـا کــــە بــــێم بــــۆلات لە پارکەکەدا, چــوونکە لەراســتیدا نەمدەویســت ئــەو کــەش و هــەوا تاییەتــەت لــێ تێـك بـدەن کـە لە پارکـە گشـتیەکە بۆخـۆت درووسـتت کردبــوو, بەقەلــەم و دەفتەرەکــەی دەســتەوە خــەریکی نووســین بوویــت بۆخۆت, هەربۆیە نەمدەویسـت بـێم بـۆلات, بــەڵام ئــەمڕۆ تــوانیم تــۆ لەم خواردنگەیە ببینم و رووبەرو لەگەڵت دابنیشم .

بەردەوام تۆم بینی کـە زۆر جیـاواز بوویـت لـە کەسـانی تـر, چـوونکە تۆ هەموو جارێك ڕۆژنامــە و کتێـب و دەفتــەرت بەدەسـتەوە بـووە منـیش هەربۆیە لــەدڵی خۆمــەوە گــوتم: ئــەو کــورە یــان ڕۆژنامەنووســە یــان نووســەر یــان ئــیتر شــتێکی لــەم جۆرانــە, لە پێشــتردا لــە شــارەکەی

خۆمان من ئــەو جــۆرە كەســانەم وەكــو تــۆ دەناســی كــە هاشـێوەی تــۆن بــەردەوام شــێوەیەكی جیاوازیـــان هـــەبوو, منـــیش زۆر پێیـــان سەرســـام بـــووم , بەبـــەردەوامیش كتێـــب یـــاخود رۆژنامـــە بەدەســـتیانەوەیە بۆیـــە منیش راســتەوخۆ زانــیم كــە تــۆش لــەوجۆرە كەســانەیەت كــە دەتــوانی گــوێم بــۆ بگــری, هــەروەها تــۆ زۆر بەكەســانی ڕۆشــنبیر دەچــیت نــەك هــەموو ڕۆشــنبیرێك چــوونكە زۆر كــەس تــەنها ناویــان لــەخۆیان نــاوە ڕۆشنبیر كەچی هــیچ سـیمایەكی ڕۆشــنبیری بوونیــان پێــوە دیــار نیــە , بۆیـــە منـــیش چـــاوەڕێی دەرفـــەتێكم دەكـــرد بۆئـــەوەی لەگـــەڵ تـــۆدا دابنیشـــم بكەومـــە قســـەكردنی ئازارەكـــانی نـــاو دڵـــم بـــۆ تـــۆ, بـــەڵام ئێستـا وا هەست دەكــەم بەشـێك لــەو ئازارانــەم زۆر كــەم بووەتــەوە كــە توانیم لەگــەڵ تــۆدا دابەشــی بكــەم. تــۆ كــوڕێكی زۆر باشــی هــەروەكو یەكــەم كــوڕ كــە ناسـیم لــەژیانم دا كــە ئــەویش سـامیەكەی مـن بــوو ,بـــەڵام چـــارەنووس وای لـــەمن كـــرد كـــە ئـــەو لەدەســـت بـــدەم بـــۆ هەتاهەتایەو ئەو وەكو فریشــتەیەك وابــوو بــۆمن, ســامی كوڕێــك بــوو كــە ڕووخســارو نــاخی دڵــی وەكــو یــەك پــاك بــوو هــەموو ڕۆژێــك دەپاڕامــەوە كــە لــەم ژیانــە ســامیم هــەبێت و ئــیتر هــیچ شـتێكی تــرم ناوێـت چـوونكە سـامی بـۆمن هێلانـەی خۆشەویسـتیمە ئـەو هێلانـەی ماڵ و سامانی منە ئەگــەر ئێســتا هــەموو دونیــا لــەژێر پێــی مــن بێــت بــەڵام ســامیم لەگــەڵ دا نــەبێت هــیچ كامیــان چــێژ بــەمن نابەخشــن, بەڵام خۆشبەخاتە ئەم جارە كــوڕێكی تــرم ناســی كــە وەكــو ســامی نــاخ و ڕووخســاری پاكــە كــە تــوانی گــوێ لــە هــەموو ئازارەكــانم بگرێــت بــەبێ ئــەوەی یــەك وشــەت لــە زمانتــەوە بێتــە دەرەوە یــاخود بــەبێ

ئەوەی داوای هیچ شتێکم لێ بکەی, تۆ توانیت کاتێکی زۆری خۆت بۆمن تەرخان بکەی, لەراستیدا من لەسەرەتادا ترسێکی بچووکم لە بەرامبەری تۆدا هەبوو ,چوونکە دەترسام لەوەی کە تۆ لەبەرامبەر گوێگرتن لەو قسانەی من و کردنی بەچیرۆکێك بۆخۆت هەرچەندە لەوە دڵنیام کە تۆ ژیانی من دەکەیت بە چیرۆکێك لەرێگای کتێبێکەوە یاخود رۆژنامەیەك , بەڵام ئەوەی کەدەترسام ئەوەبوو کە تۆداوای سێکسم لێ بکەیت , هەرچەندە ئەوەی بەناو مێشکم داهات لەبەرامبەری تۆدا هۆکارەکەی بۆ ئەو چەندساڵانەی رابردوو دەگەرایەوە کە لەژێر چنگی ئەودراندانەبووم , ئەگەر تۆ ئێستا داوای سێکست لەمن بکردبایە ئەوە بۆ من دەبووە دووەمین کاری سەرجێی کردنم , لەراستیدا من بریارم دابوو کە جەستەم بۆ یەك کەس بێت لەم ژیانە کە ئەویش سامی , بەڵام چەکدارێکی ریش درێژی پیس بەهەموو شێوەیەك توانی من بخاتە داوی خۆیی و ژیانی من بفەوتێنێت, لە لەسەرەتادا من زۆر هەستم بەشەرمەزاری دەکرد کە باسی ئەو رۆژەی خۆمت بۆبکەم کە لەژێر چنگی ئەو درندەیە من چ جۆرە ئازارێکم چەشتووە , منیش هەروەکو کچەکانی دیکە ناو ژوورەکە لە سووریا ئەو ئازارەم چەشتبوو بەڵام ئەوان زۆربەیان مردن و کۆتایی بە ئازارەکانیان هات,ئێستاش ناتوانم باسی ئەو رۆژەی خۆمت بۆ بکەم کە من چەن ئازارێکی گەورەم چەشتووە بەدەستی ئەو درندە بۆگەنەوە کە چەند برسی ئەندامەکانی جەستەم بوو.

هـــەموو کاتێــك هــەوڵ دەدەم  کــە ئــیتر ئــەو ئازارنــە لــەبیری خــۆمی ببمــەوەو دووبــارە دەســت بــەژیانێکی نــوێتر بکەمــەوە بۆخــۆم وەکــو هەموو کچێکی تــر  ,  بــەڵام   مــن زۆریــش داوای لێبووردنــت لــێ دەکــەم کە ئەو جۆرە قسەیەم لەبەرامبــەری تــۆدا بــەکارهێنا چــوونکە تــۆ لــەو جــۆرە کەســانە نیــت کــە برســی ئەندامــەکانی جەســتەی ئێمــەی کچــان بیــت ,  تــۆ ئــەو کــوڕەی کــە وەکــو ســامی خۆشەویســتم خــاوەن دڵێــك و رووخســارێکی جــوانی , هــەرکاتێك ســەیری نــاو چــاوەکانت دەکــەم ڕاستەوخۆ سامیم دێتەوە  پــێش چــاوم تــۆ زۆر بەســامیەکەی مــن دەچــیت ئــەویش پرچــێکی خــاوی وەکــو تــۆی هــەبوو لەگــەڵ باڵایــەکی بــەرزی هاشێوەی باڵای خۆت.  دەزانم کە  مــن ئێســتا تــۆم غــەمبار کــردوە بــەو قســانەمەوە,بەڵام بەچــەند ڕۆژێکــی  کــەم ئــەم قســانەی مــن هــەمووی لەیاد دەکەیت و دووبارە دەگەڕێیتــەوە بــۆ ژیــانی ئاســایی خــۆت بــەڵام من  هەموو ڕۆژێك و هــەموو شــەوێك لەگــەڵ ئــەو ئــازارەی خــۆم دەژیــم. هەوڵــدەدەم بــە زووتــرین کــات ئــەم شــوێنەش بــەجێ بهــێلم و بــڕۆم بــەرەو لای پــوورم , بۆئــەوەی ئــیتر لــەوێوە جــارێکی تــر ژیــانێکی تــر بۆخــۆم درووســت بکەمــەوە, بــەڵام مــن ئێســتا دەبێــت وێنەیــەکی تــۆ بگرم,چوونکە هەرکــە گەیشــتمە بــەیرووت مــن راســتەوخۆ پەیکــەرێکی تایبەتی تــۆ درووســت دەکــەم و, دەیخەمــە  پــاڵ پەیکــەری خێزانەکــەم و هاوڕێکا نمەوە ...

ئەو رۆژە من زیــاتر لــە چــوار کاتــژمێر بــەدیار گــوێگرتن لەچــیرۆکێکی پڕ لەتراژیدی بووم کــە نــاخی دڵمــی پڕکردبــوو لــەگریان , قســەکانی ئیســرا کارگەریــەکی زۆری لەســەر ژیــانم درووســت کــرد,  بــەڵام ئــیتر

بۆ كۆتا جـار ئیسـرا دەسـتە نەرمـەكانی خـۆی بـۆ دەسـتم درێـژ كـرد و پەنجـەكانی خسـتە نێـو پەنجەكانمـەوەو بـە خەندەیەكـەوە گـوتی: زۆر سووپاست دەكـەم بـۆ هـەموو شـتێك تـۆ كـوڕێكی زۆر باشـی هیـوای سەركەوتن وتەندروسـت باشـیت بـۆ دەخـوازم , پـارەی ئـەم خواردنـەش لە سەر ئەستۆی منە, هیوادارم تۆم بێزار نەكردبێت .

ئیسـرا هەسـتایەوە سـەرپێ و پـارەی خواردنەكـەی بـە كـاژێری خواردنگەكـەداو ڕاسـتەوخۆ بـە ڕووخسـارێكی پـڕ لـە گریـان ڕۆیشـتە دەرەوەو مـنی لـەوێ بـەجێ هێشـت و منـیش هـیچ هۆشـم لەسـەر خـۆم نـەما,منیش راسـتەوخۆ داوای كاپەچـینۆیەكم كـرد هـەتاوەكو بەهۆشی خـۆم دا بێمـەوە, لەگـەڵ خـواردنی كاپیچـینۆكەدا تـەنیا بـیر و هۆشم لەسەر ئیسـرا مـابوو كـە نـەمتوانی لـەبیری بكـەم, لەلایـەكی تـرەوە مـن ئـەورۆژە, زۆر هەسـتم بـە دڵتـەنگی دەكـرد كـە نـەمتوانی دەستەكانی ئەو كچـە غـەمبارە بگـرم و بـۆ هـەتا هەتایـە ئازارەكـانی ناو دڵـی لەگـەڵ خـۆم دابـەش بكردبایـە ,لەسـەرەتادا كاتێـك چـاوم كەوتە ناو چاوە شینەكانی ئیسـرا مـن دەرگـای خۆشەویسـتی دڵـم بـۆی كرایـەوە, ئـەو كچـێكی زۆر جـوان و تێگەیشـتوودیار بـوو بـەڵام ئـەم ژیانـە نەفرەتیـە چارەنووسـی كچـێكی جـوانی رەش كـرد, منـیش نەمتوانی ئـەو رۆژە داوای خۆشەویسـتی لـێ بكـەم و بیكەمـە هاوسـەری ژیانم بۆ ئـەوەی سـەرجەم ئازارەكـانی لـەبیر ببەمـەوە, ئـیتر لـە پاش ئـەو ڕۆژەوە بـەدواوە مـن هـیچ ڕۆژێكـی دیكـە چـاوەكانم بـەنێو چاوەكانی ئیسرا نەكەوتوە ئەمـەش وەكـو ئـەوە وایـە كـە ئـەم خاكـە

**شەقی بردبێت وئیسرا کەوتبێتە ژێر ئەم خاکە بێ وەفایە کە ئێمەی مرۆڤ لەسەری دەژین.**

2020|3|28

## نهێنی کچێك لە یەکەم شەوی بووکێنی دا

هــەموو بــەیانیانێکی زوو لەگــەڵ دەنگــی کەڵەبابــەکان و دەنگــی باڵندەکانی ئاسمــان, ئــارام بەدڵخۆشیەوە لەخــەو هەڵدەستێت خــۆی ئامــادە دەکــات هــەتاوەکو بــەڕێ بکــەوێت بــۆ زانکۆکــەی , ئــارام زۆر دڵخۆشــە کــە توانیویــەتی لــە پــاش هــەوڵ و مانــدوبوونێکی زۆرو ســەرەرای ســەختی ژیــانی هەژاریەکــەی بــەڵام لــە کۆتــایی دا تــوانی بگاتــە قۆنــاغی زانکــۆو داهاتوویــەك بۆخــۆی دابــین بکــات, بــەڵام هەمیشــە بۆچــوون و هەڵســەوکەتی ئــارام دەربــارەی بابەتــەکان زۆر جیــاوازتربوون لەکەســانی دەورووبــەری خــۆی دا ,بەتایبــەتیش بۆچوونی سەبارەت بە ناوەنــدی زانکــۆ زۆر جیــاوازتر بــوو ,ئــارام پێــی وابــوو مامۆســتاکانی زانکــۆ تــەنیا قوتابیــان لــە گۆشــەیەکی بچــووکی زانســت و زانیــاری دا کــۆ دەکەنــەوە لە پاشــانیش قوتــابی بێزاربــوونی خۆی لەو گۆشــە بچــووکەی زانســت دا دەردەبڕێــت ,بۆیــە لــە کۆتــایی دا ئــەو قوتــابیــە زانکــۆ و زانســتی لــە پێش چــاوی دا دەکــەوێت , ئەمــەش بەهۆی ئــەو هەڵەیــەی مامۆســتاکانی زانکــۆ کــە لەبەرامبــەر قوتابیــان ئە نجامی دەدەن, کــە زۆرتــرین فشــاری بــێ بنــەما لەســەریان درووســت دەکەن, بەڵام ئارام پێی وابــوو کــە دەبێــت قووتــابی خــۆی لــە زانکــۆوە ڕێچــکەیەکی زانســتیانەی فــراوان بگرنەبــەر بۆخۆیــان و داهاتوویــان لەگــەڵ ئەوەشــدا دووربکەونــەوە لەســەرجەم شــتە لاوەکیــەکانی نــاو زانکــۆدا, لەهــەمان کاتیشــدا ئــارام هەمیشــە پێشــنیاری بــۆ مامۆستایەکانی خــۆی دەکــرد کــە چیتر قوتابیــەکان بــە مەلزەمەیــەکی کرچ و کاڵ یاخود چــەند شــتێکی لاوەکــی دا نەبســتنەوە بــەڵکو دەبێــت

مامۆستاکانی زانکۆ قوتابییەکانیان ئازاد بکەن لەهەر جۆرە زانستێك بۆ ئەوەی سەرەنجام قوتابی زانکۆکان زانستیان بەلاوە خۆشەویست بێت و هیچ کاتێك بێزاربوونی خۆیان بەرامبەر زانکۆ نیشان نەدەن.

ئارام کوڕێکی لەسەرخۆ و زیرەك بوو کە بەردەوام ئارەزووی لە خوێندنەوەو فێربوونی زانست دەکرد چوونکە ئارام پێی وابوو بەختەوەری مرۆڤەکان لە فێربوونی زانست و خوێندنەوەو شتی نوێ دایە لەم سەردەمەی ئێستادا,ئارام پێی وابوو مرۆڤەکان لە ئەمرۆدا لەسەدەیەکی زۆر جیاوازو نامۆدا دەژین بۆیە بەلای ئارامەوە خوێندنەوە گرنگە, هەتاوەکو هەرتاکێك لە رێگای خوێندنەوە دەربازی بێت لەو نامۆبوونەی کە تێی کەوتوە ,هەرئەمەش وای کردبوو ئارام جیاوازتر بێت لە هاوڕێکانی زانکۆکەی, بەهۆی ئەوەی ئارام زۆربەی کاتەکانی لە زانکۆ لە پاش تەواو بوونی وانەکانی کە زۆرجار هیچ سوودێکی لەو وانانەی نەبینیبوو کە لە ماوەی ئەو چل و پێنج خولەکەدا ئامادەببوو, چوونکە لە دیدی ئارامەوە ئەو وانانە تەنیا بە شتێکی لاوەکی تەماشای دەکرد کە پێی وابوو کە ئەگەر پشتی خۆی بەو وانانە ببەستێت ئەوە داهاتوویەکی نادیار چاوەڕێی دەکات کە لە کۆتایی دا لە پاش تەواوبوونی چوارساڵی زانکۆکەی دا ناتوانێت هیچ خزمەتێکی فراوان پێشکەش بە دەورووبەرەکەی دا بکات , هەربۆیە لە پاشا تەواو بوونی وانەکان دا ئارام ڕاستەوخۆ بە ڕاکردن بەرەو نێو کتێبخانەی زانکۆکەی دا دەڕوات و لەوێ

دەستبەجێ باوەشێکی توووند بە کتێبەکان دا دەکات و لەگەڵ کتێبەکان گەشتێك بەنێو جیهانێکی تردا دەکات کە دووربێت لەم جیهانە قێزەونەدا, لەهەمانکاتیشدا ئارام لەیەکەم قۆناغی زانکۆیەوە پەیوەندی بەچەند ماڵپەرو ڕۆژنامەیەك دەکات , کە تێیدا لەڕێگای ئەو ماڵپەرو ڕۆژنامانەوە ئارام وتارەکانی بۆخۆی بڵاودەکردەوە, کە بە بڵاوبوونەوەی وتارەکانی, هەستێکی تایبەت و چێژبەخشی بە ئارام دەبەخشی, ئارام پێی وابوو قوتابی زانکۆ بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی خۆی لەنێو ئەم کتێبخانەیەوە دەتوانێت ببێت بە قوتابیەکی ئەکادیمیانە بۆ داهاتووی خۆی و سوودگەیاندن بەدەورووبەرەکەی دا ,بە پێچەوانەی ئارام هاوڕێکانی زانکۆی تەواوی کاتەکانیان خەریکی ڕابواردن و پیاسەکردن و تەماشا کردنی کچی جوان بوون لەناو زانکۆدا, بەڵام هەمیشە ئارام گاڵتەی بەوجۆرە شتانە دەهات چوونکە بەلای ئارامەوە ئەو جۆرە کارانەی هاوڕێکانی کارێکی منداڵانە و کاتیە کە هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێت و تەنیا کاتەکانی خۆیان بەبێ ئامانج دەکوژن, چوونکە کات بەلای ئارامەوە سامانێکی زۆر گەورەبوو, هەربۆیە ئارام ئەو کورە ئارامبەخشە بوو کە هەموو کاتەکانی ژیانی بۆخۆی ڕێکخستبوو, بەردەوام ئارام هەوڵی دا کە ئەوەی لە توانای دابێت بتوانێت هاوڕێکانی هۆشیار بکاتەوە لەگرنگی ئەو چوار ساڵەی کە لەزانکۆدان , واتە دەبێت ئەو چوارساڵەی ژیانیان بکەنە داڕێژەری پلانەکانیان بۆ داهاتوویان بەڵام بەشێکی زۆری هاوڕێکانی ئارام, گاڵتەیان بەقسەکانی ئارام دەهات و هیچ

گرنگیـــەکیان بەقســـەو ئامۆژگاریـــەکانی نـــەدەدان , ئـــیتر ئـــارام بڕیاریـــدا کـــە واز بێنێـــت لـــە ئامۆژگـــاری کردنـــی کەســـانێك کـــە نایانەوێت ئامۆژگاری وەربگرن لە کەسانی دیکەدا .

ئارام ,زۆربەی کـات دەردە دڵیـەکانی نـاو نـاخی دڵـی خـۆی تـەنها لـە گەڵ کتێبەکان باس دەکـات , چـوونکە ئـەو بـاوەڕی وابـوو کـە تـەنها کتێبـەکان دەتـوانن لـە ئـەمڕۆدا ئازارەکـانی نـاو دڵـی ئـارام کـەم بکەنەوە ئەگەرنا هـیچ کەسێکی تـر ناتوانێـت ئازارەکـانی ئـارام کـەم بکاتەوە

هاتووچـۆ کردنـی ئـارام بـۆ زانکۆکـەی هـەموو بـەیانیانێك لـە ڕێگـای هێڵـی پاسـەکەی نزیـك ماڵیـان بـوو, چـوونکە ئـارام کـوڕێکی هـەژار بوو,لەگـەڵ ئەوەشـدا لەماڵـەوە هـیچ ئۆتۆمبیلێکیـان نـەبوو کـە پێـی بێتـە زانکـۆ یـاخود پارەیـەکی زۆری لـە گیرفـانی دا نـەبوو هـەتاوەکو بـە تەکسـی لـە پێش زانکۆکەکـەی ڕابوەسـتێت,ئارام تـەنها چـەند دینـاریکی کـەم لەگـەڵ جلێکـی کـۆنی لەبـەردابوو کـە هـەموو بـەیانیانێك بەسـەرماو بـە بـاران دا بـە ڕاکـردن بـەرەو لای هێڵـی پاسـاکەی نزیـك ماڵیـان دا ڕۆیشـت بـۆ ئـەوەی بـڕوات بـۆ زانکۆکـەی کەچی هەتا دەگەیشـتە لای هێڵـی پاسـەکە هـەموو جلەکـەی بـە ئـاوی باران تەڕبوو.

ئارام بەجلێکی تەڕاویدا لـەژێر کە پرێکـدا لـەتاو سـەرماو بارانـدا لـە چـاوەڕوانی هـاتنی پـاس دایـە بـۆ ئـەوەی خێـرا فریـای وانـەکانی زانکـۆی بکـەوێت بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕۆژەی بـە نـەهاتوو بـۆ هـەژمار

نەکەن, هیچ ڕۆژێـك ئـارام لەوانــەکانی دوانەکـەتبوو ئەمــەش بــەهۆی ئەوەی بەیانیان زووتــر بەخەبــەر دەهــات و شــەوانیش لــەکاتی دیــاری کــراوی خــۆی کــە کاتــژمێر دەو نیــو 10:30 بــوو, دەڕۆیشــتە ژێــر جیگاکەی و چاوەکانی لێـك نــاو لــە چــاوەڕوانی بەیانیــەکی تــردا بــوو بۆ ئەوەی دووبـارە هەڵسێتەوەو بڕوات بۆ زانکۆ .

ئـیتر زیــاتر لــە دەخولــەك لەچــاوەڕوانی دا ئــارام تــوانی ســەربکەوێت بــەناو پاســەکەدا و شــوێنێکی بــۆ خــۆی دۆزیــەوە کــە لــە تەنیشــتی کچــێکەوە تــوانی جیگــای خــۆی بکاتــەوەو بەجلــە تــەڕەکانی بەریــەوە لەتەنیشــتی کچــەکەوە دادەنیشــێت, بــەڵام ئــارام بــەبینینی کچــەکە زۆر پێــی سەرســام دەبێــت , نــەك سەرســام بــوون بەجوانیەکــەی چــوونکە بــەلای ئارامــەوە جــوانی رووخســار گــرنگ نــەبوو, بــەڵکو سەرســامی خوێندنــەوەی کتێبەکــەی دەســتی دەبێــت, ئــارامیش زۆر دڵخــۆش دەبێــت کــە کچــێك دەبینێــت خــۆی ســەرقاڵ کــردوە بەخوێندنــەوەی کتێــب کــە هــەتاوەکو دەگاتــە زانکۆکــەی , ئــارامیش بــۆ خــۆی بەبێــدەنگی دەســت دەکــات بەخوێندنــەوەی کتێــب , بــەڵام بــەهۆی ئــەوەی ئــارام نــەی تــوانی کتــێبی زۆر بکڕێــت , ئەمــەش وای کردبــوو کــە ناچــاربێت لــەڕێگای مۆبایلــە بچــووکەکەی دەســتیەوە بەبەردوامی کتێبەکان بخوێنێتەوە.

کاتێك ئــارام خــۆی ســەرقاڵ کــردوە بەخوێندنــەوەی کتێبەکــەی لــەناو مۆبایلــە بچــووکەکەی دا, بــەڵام لــەناکاو کچــەکەی تەنیشــتی بەخەندەیەکــەوە بــە ئــارام دەڵێــت:کوڕی قــۆز تــۆ چــۆن دەتوانیــت

لــەناو ئــەو مۆبایلــە بچــووکەدا کتێــب بخوێنیتــەوە ؟ چــوونکە دوایــی ئەو دوو چــاوە جوانانــەت مانــدوو دەبــن, بۆیــە هەوڵبــدە بــە کتــێبی کاغــەز بخوێنــەوە یــان مۆبــایلێکی گــەورە بکــڕە بــۆ ئــەوەی چــاوت ماندوو نەبن لــە کــاتی خوێندنــەوەدا, ئــارامیش بــە ڕووخســارێکی پــڕ لەخەمبارییــەوە وەڵــامی کچــەکە دەداتــەوەو پێــی دەڵێــت: کچــی جــوان بــاوکم مــاوەی دوومانگــە نەشــتەرگەریان بــۆ ئــە نجام داوە کەچــی هێشــتا نــەمان توانیــوە پــارەی نەشــتەرگەریەکەی بــاوکم بدەینــەوە ,خۆ منیش ئارەزوو ئەوە دەکــەم وەکــو خــەڵکانی تــر بــە کتــێبی کاغــەز بخوێنمــەوە یــاخود مۆبــایلێکی گــەورەم هــەبێت بۆخــۆم بــە جــوانی وشــەکانم لــێ دیاربێــت , بــەڵام هــەرگیز ئــەم شــتانە مــن پاشــگەز ناکاتــەوە لــە کتێــب خوێندنــەوە , چــوونکە مــن لــەڕێگای ئــەم کتێبانــەوە هەســت بــە ئــارامبوونی دەروونــی خــۆم دەکــەم ,کتێبــەکان بــۆمن هەســتێکی جیاوازیــان هەیــە لەهــەر لا پەڕەیــەکی کتێبــەکان پڕیەتی لــە وشــەی جــۆراو جــۆر کــە لەهــەر وشــەیەکی نــاو کتێبــەکان بەخشینی ژیانێکی نوێ و تەمەنێکی جوانترە بۆمن.

کچەکە بەو قسانەی ئارام وای لــێ دەکــات کــە هەســتێکی تاییــەتی بــۆ ئارام درووست دەبێــت و هەربۆیــە کچــەکەی تەنیشــتی ئــارام لــە نــاخی دڵــی خۆیــەوە , هەســت بە پەشــیمانی دەکــات کــە ئــەو جــۆرە قســەیەی لەبەرامبــەر بــە ئــارام کــرد. بەهــەمان شــێوەش ئــارامیش هەســتێکی جوان و تاییەتی بۆ کچــەکە درووســت دەبێــت , ئــارام لــە نــاخی دڵیــەوە پێ وایــە کــە ئەمــە, ئــەو کەســەیە هــەروە وەکــو کتێبــەکان دەتوانێــت لــەناخی دڵــم تــێ بگــات و کــەمێك لــە ئازارەکــانم کــەم بکاتــەوە,

هەربۆیە ئارام خـۆی بــە کچــەکە دەناسـێنێت و پێـی دەڵێـت: مـن نـاوم ئارامە, ئەم ساڵ لە قۆنـاغی دووەمـی زانکـۆدام تــەنیا دوو سـاڵم مـاوە بــەڵام لەلایەکــەوە زۆر دڵتــەنگم بــەکۆتایی هــاتنی زانکــۆ چــوونکە زانکۆ بۆ من پڕە لە وێـستگەی جـوان کــە هــەر ڕۆژێــك بــۆ مـن ڕۆژێکـی نوێیــە لــە تەمــەنم دا, هــەر ڕۆژێـك لــە ڕۆژەکـانی زانکـۆم مـن تێیــدا فێری شتی نـوێ دەبم لەگــەڵ کتێبــەکان و ئــەو کەسـانەی دەورووبــەرم دا...

لەگــەڵ ئەوەشــدا هەوڵــدەدەم لەگــەڵ خوێنــدنی زانکۆکــەم کارێکیشــم دەســت بکــەوێت بــۆ ئــەوەی بتــوانم پێداویســتی زانکــۆم و لەهــەمان کاتیشــدا یارمــەتی ماڵــەوەمان بــدەم, چــوونکە بــاوکم نەخۆشــەو توانــای کــارکردنی نیــەو هــیچ جــۆرە داهاتێکیشــی نیــە, هــەروەها دایکیشــم زۆر مانــدوە بــەیانیان زوو پــێش هــەمووومان هەڵدەســتێت و هــەتاوەکو نیوەڕۆلــە نەخۆشــخانەیەك کــاری پاکردنــەوە دەکــات بــۆ ئەوەی خــەرجی مـن و خووشـك و برابچــووکەکانم دابـین بکـات, بۆیـە ئەگەر کارێـك بدۆزمـەوە ئـەوە دەتــوانم قورسـایی سـەر شـانی دایکـم کــەم بکەمــەوە, چــوونکە مــن دایکــم زۆر خــۆش دەوێــت ئــەو هــەموو شــتێکی منــە بــۆمن, هەربۆیــە زۆر دەترســم کــە لەچــاوتروکانێکدا دایکم لە دەست بدەم.

کچەکەی تەنیشتی ئارام هــەتا دەهــات زیـاتر هەسـتی بـە پەشـیمانی خۆی دەکرد کــە لــەو قسـانەی بەرامبــەر ئــارام کـردی,ئیتر کچــەکەش بــە ڕووخســارێکی پێکەنیناویــەوە خــۆی بــە ئــارام دەناسـێنێت و پێـی

دەڵێت: خۆشحاڵ بووم بە ناسینی کوڕێکی وەکو تۆ , منیش ناوم سۆمایە وەکو تۆ ئەم ساڵ لە قۆناغی دووی زانکۆم, بەڵام دەبوایە لە قۆناغی سێ بوومایە ئەمساڵ , بەهۆی کۆمەڵێك کێشەوە ساڵێکم لەدەست چوو, بەڵام لەلایەکی دیکەوە خۆشحاڵم کە ساڵێك ماومەتەوە بەهۆی ئەوەی دەتوانم زیاتر لەڕێگای زانکۆکەمەوە بۆخۆم زانست و کتێبی باشتر بخوێنمەوە چوونکە من ئەم چەند ساڵەی زانکۆ بەهەلێکی زێرین دایدەنێم بۆخۆم کە دەتوانم زۆر کاری گرنگ ئەنجام بدەم, من و خوشکە گەورەکەم لە منداڵیەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ کتێب پەیداکردبوو , لەگەڵ ئەوەشدا کتێبخانەیەکی زۆر گەورەمان لەماڵەوە هەیە کە نزیکەی دووهەزار کتێبی تێدایە, هەموو شەوێك بۆ چەند کاتژمێرێك دەچمە ژووری کتێبخانەکەم و لەگەڵ هەموو کتێبەکان بۆخۆم دەست دەکەم بە گفتوگۆکردن, بەڕاستی کتێبەکان بۆمن زۆر ڕاستگۆن, چوونکە هەر شتێك بپرسم لە کتێبەکان ئەوان بەلاپەڕە بە لاپەڕە بۆمی شی دەکەنەوە بێ ئەوەی هیچ درۆیەکم لەگەڵ دا بکەن, لەگەڵ ئەوەشدا لەناو مۆبایلەکەم کتێبخانەیەکی بچووکم هەیە کە جاروباریش لە ڕێگای مۆبایلەکەمەوە دەست بۆ خوێندنەوەی کتێبێك دەبەم لە جیاتی ئەوەی خۆم بەشتی بێ کەڵکەوە سەرقاڵ بکەم لە مۆبایلەکەم دا.

من ئەو کاتەی کە لەلایەن کتێبەکانەوە دەگەم بە پرسیارەکانی ناو مێشکی خۆم , ئیتر ئەوکات زۆر هەست بە ئارامبوونی دەروونی خۆم دەکەم چوونکە کتێبەکان لەگەڵم ڕاستگۆن و هیچ درۆیەکم

لەگەڵــدا ناکــەن بــەڵام زۆرینــەی مرۆڤــەکان کاتێــك لەگــەڵت دادەنیشــن بــەبێ ئــەوەی هەســت بکــەیت زۆرتــرین درۆت لەگەڵــدا دەکــەن. بــاوکی مــن پیــاوێکی کاســبکاری نەخوێنــدەوارە بــەڵام بــەردەوام هــانی مــن وخوشــکەکەم دەدات کــە کتێــب بخوێنینــەوە بــۆ ئەوەی ببین بە کەسێکی تێگەیشتوو خاوەن پێگــەی تاییــەتی خۆمــان لــەنێو کۆمەڵگادا.هەرچــەندە مــن و خوشــکەکەم جیــاوازتر بــووین لــە کچانی دیکەی ئەمرۆدا کــە دەبیــنم زۆرینــەیان , کاتــەکانی خۆیــان بــە شتە لاوەکیەکانەوە خــەریك کــردوە کــە هــیچ ســوودێکی ئــەوتۆیان پــێ نادات جگە لــە زیــان گەیانــدن بــۆ خــودی خۆیــان و دەورووبــەریان دا, لەگەڵ ئەوەشدا من بە بــەردەوامی هاوڕییــەتی ئــەو کچــانە دەکــەم لــە زانکــۆ کــە بــەردەوام خــەریکی کــاری جــوان و سوودبەخشــن و خــاوەن هیــوای گــەورەن بــۆ داهــاتووی خۆیــان دا , نــەك ئەوکچــانەی کــە هــەر ڕۆژێك بە مــۆدێلێکی قومــاش خۆیــان نیشــان دەدەن لــە زانکــۆدا, بــەڵام هیواداریشــم ئاســتی زانســت و خوێندنەوەیــەیان هاوشــێوەی جــل و بەرگــەکانیان بێــت, مــن بەهەمووســاڵی خوێنــدنم تــەنیا دوو جــل لەبــەردا دەکــەم چــوونکە جــل و بــەرگ تــەنیا قوماشــێکە مــرۆڤ بــۆ دا پۆشــینی خــۆی لەبــەری دەکــات و هــیچ گرنگیــەکی تــری لــێ بــەدی ناکرێت کەهەتاوەکو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی زەق گرنگی پێ بدەن.

ئارام و ســۆما هــەروەکو دوو بلبــولی جــوان ســەریان بەســەری یــەکترەوە نــابوو خــەریکی قســەکردن و دەردەڵــی بــوون لەگــەڵ یــەکتردا , بــەڵام زیاتر لە چل و پێــنج خولــەك لــە گفتگــۆ و قســەکردندا , لــە کۆتــایی دا ئــەم دوو بولبوولــە تێگەیشــتووە گەیشــتنە زانکۆکــەیان , بــەڵام

ئەوەی کـە لێـرەدا جێگـای دڵخۆشـیە بـۆ ئـارام ئەوەیـە کـە سـۆما لـە هـەمان کۆلێژەکـەی ئـارام دەخوێنێـت , بـەڵام سـۆما لەبەشـێکی دیکـەی کۆلێژەکـەدا بـوو, ئەمـەش بـووە جێگـای دڵخۆشـی ئـارام کـە تـوانی هاوڕێیـەکی بـاش وەکـو خـۆی لـەناو کۆلێژەکـەی دا ببینێتـەوە کە خـاوەنی بیرکردنەوەیـەکی جوانـە بـۆ داهـاتووی و لەگـەڵ ئەوەشـدا سـۆما کچـێکی ئاما نجـدار بـوو لـەژیانی کـە ئەمـەش زیـاتر ئـارامی دڵخۆش دەکرد بە هاوڕێیـەتی کـردن لەگـەڵ سـۆمادا, ئـارام جیـاوازتر لـە هـەموو ڕۆژەکـانی تـر ئـەمڕۆ زیـاتر دڵـی خـۆش بـوو , چـوونکە تـوانی ببێتـە هـاوڕێی کچـێکی جـوان و زیـرەك و تێگەیشـتوو , ئـارام لەدڵی خۆیەوە گوتی: ئیتر لەمـەو بـەدوادا مـن جگـە لـەوەی سـاڵانێکی دوورو درێژە تەنیا هاوڕێیـەتی کتێبـەکان دەکـەم ,کەچـی ئـەمڕۆ ئـیتر لـە پاڵ کتێبـەکانم , کچـێکی جـوانی هەسـت ناسـکی ڕۆشـنبیر کەوتـە ناو ژیانی منەوە کە ئیتر پێکەوە دەردەدڵیەکا نمان ئە نجام دەدەین.

سۆما پێش ئـەوەی بـڕوات بـۆ نـاو بەشـەکەی خـۆی بـە ئـارام دەڵێـت: هـاوڕێ لـە پاش تـەواو بـوونی وانـەی یەکـەم لـە کتێبخانـەی کۆلێژەکـەمان دەتبینمـەوە , هیـوادارم تـۆش لـەوێ ئامادەبیـت بـەبێ دواکـەوتن , ئـارامیش بەخۆشـحاڵیەوە بـەڵێنی بـە سـۆما دا کـە هـەر یەکـەم وانـە تـەواو بێـت ڕاسـتەوخۆ خـۆی لـە کتێبخانـەی کۆلێـژدا ببینێتـەوە , کتێبخانـەی کۆلێژەکـە بـۆ ئـارام بـووە سەرچـاوەیەکی گـەورە لـەفێربوونی زانسـت و زانیـاری لەگـەڵ ناسـینی باشـترین و پـاکترین کـەس لـەم دونیایـەدا کـە ئـەویش سـۆمایە هـەروەکو فریشـتەیەك هاتـە نـاو ژیـانی کـوڕێکی هـەژاری دڵپـاك ئـەو کـوڕەش

ئـارام بـوو كـه بـەردەوام لەبەرامبـەر ناخۆشـيەكانى ژيـانى دا ئـارامى
هەڵدەبژاردو هيچ كاتێك كارێكى سەركێشيانەى ئه نجام نەدەدا .

كــات و ڕۆژەكــانى نێــوان ئــەم دوو هاوڕێيــە زۆر بــەخێرايى دەڕوات و بەبێ ئەوەى خۆيان هەسـتى پـێ بكـەن كـە چـۆن تێدەپـەڕێت , بـەڵام ئــيتر سـۆما و ئــارام هەسـت بــەوە دەكــەن كــە ڕۆژ بــەدواى ڕۆژى هاوڕێتيەكـەيان گـۆڕانى تێـدا ڕوودەدات و لــە هاوڕێيــەتى ئاسـايى دەگۆردرێـت بـۆ هاوڕێيەتيـەكى سـۆزدارى و خۆشەويسـتى, چـوونكە لـە ديـدى ئــارام و سـۆمادا لـەو زنجـيره گفتگۆيانـەيان كـە بەدرێــژايى ڕۆژەكانيــان لـــە زانكــۆ ئــە نجاميان دەدا كـــە لــەبارەى ســـەرجەم پرســـەكانى كۆمـــەڵگا و بەتايبـــەتيش پرســـى هاوســـەرگيرى و خۆشەويستى لەنێوان كـچ و كـوڕدا كـە ئەمـەش تـەوەرێكى گـرنگ بـوو بـەلاى ئـارام و سـۆماوە لــە كۆمــەڵگادا. ئــارام و ســۆما وەكــو دوو خوێنــدكارى ســەركەوتووى بــوارى كۆمەڵناســى و دەروونناســى دەيــان خوێند كه ئاما نجيـان ئـەوەبوو لـە داهـاتوودا بڕوانامـەى بـەكارليۆس له بوارەكـەى خۆيـان بەدەسـت بهێـنن و بتـوانن خزمـەتى كۆمەڵگاكـەى خۆيان بكەن , هەتاوەكو لـەڕێگاى ئـەو زانسـتەى كـە هـەڵيان گرتـووە بتـوانن كۆمەڵگايـەكى تەندرووسـت درووسـت بكـەن بەتايبـەتيش بـۆ گـە نجانى هاوشـێوەى خۆيـان , چـوونكه بـەلاى ئـارام و سـۆما زۆر گـرنگ بـوو كـە چـينى گـە نجانى كۆمـەڵگا لـە ئاسـتێكى بـەرزى ڕۆشـنبيرى و خۆشـگوزەرانى دا بـژين و سـەره نجام گـەنج داينەمۆيـەكى گرنگـى كۆمەڵگايــە هەربۆيــە ئــارام و ســۆما بــەردەوام تيشــكيان

دەخستە سەر چینی گەنجان ، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان دووگەنجی تێگەیشتوو بوون لەژیان دا .

ئەگەر چی ئەوان بڕوایان وابوو کە ئەم پڕۆسەیە دەبێت لەسەرەتادا لەسەر مامەڵەکردنی هاوڕێیەتی بێت، ئەمەش واتە دەبێت لە نێوان ئەو کچ و کوڕەدا کە دەچنە قۆناغی ژیانی هاوسەرگیریان دا دەبێت لە پێش هەموو شتێك دا وەکو دوو هاوڕێی خۆشەویست مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن لەهەمان کاتیشدا زۆر بەجوانی لەیەکتر تێبگەن وبتوانن سەرجەم پرسەکان و کێشەکانی نێوان خۆ یان وەکو دوو هاوڕێ دا چارەسەر بکەن، ئەم بۆچوونەی سۆما و ئارام لەبەرامبەر پرۆسەی هاوسەرگیری و بنیاد نانی خێزانێکی تەندرووست و بەختەوەر، پێیان وایە کە دەرئەنجامی پڕۆسەی هاوسەرگیریەکە سەرکەوتوانە دەبێت چوونکە لە کۆتایی دا ئەو کچ و کوڕە کە بڕیاری پرۆسەی هاوسەرگیریان داوە ، بڕیارەکەیان لەسەر بنەمایەکی هاوڕێتیانەی پڕاو پڕ لە خۆشەویستی و سۆزداری بۆ یەکتری بووە کە هەرگیز ناتوانن بە ئاسانی دەست بەرداری یەکتری بن لەسەر بچووکترین شتی ژیانیان دا.

سۆما و ئارام بەهەموو خۆشیەکان و ناخۆشیەکانەوە پێکەوە توانیان چوار ساڵی زانکۆیان بە زۆرترین زانست و زانیاری و خوێندنەوە تەواو بکەن، کە توانیان لە ماوەی ئەو چوارساڵەی زانکۆیان دا ڕێچکەیەکی ڕاست و درووست بۆ داهاتووی ژیانی

خۆیـــان بگرنـــه بـــەر كـــە هـــەتاوەكو تەمـــەنیان مابێــت لەســـەر ئـــەو ڕێچـــكەیە بـــەردەوام بـــن لـــە كـــاركردن و خزمـــەت كردنـــی خۆیـــان و دەوروبەرەكـــەیان دا, دووبـــارە بـــە بۆچـــوونی ئـــارام و ســـۆما كـــە ئەمجارەیان لە ڕێگـــای وتـــارێكی درێـــژەوە بـــۆ یـــەكێك لـــە ڕۆژنامـــەكان نووسیبیان , لـــەژێر ناونیشـــانی ( زانكـــۆ بكـــە بـــە وێـــستگەیەكی گرنگـــی ژیانـــت ) كـــە بـــە شـــێوەی دوو قـــۆلی نووســـیبیان , لـــە وتـــارەكـــەیان دا ئـــارام و ســـۆما ئاماژەیـــان بـــەوە كـــردوە كـــە دەبێـــت قوتـــابی لەیەكـــەم ڕۆژی پـــێ خســـتنە نـــاو زانكـــۆ ی دا, پێویســـتە كـــەش و هەوایـــەكی پـــڕ لە ئـــارامی و زانســـت و زانیـــاری و زۆرتـــرین خوێندنـــەوە درووســـت بكـــات , چـــوونكە ســـۆما و ئـــارام پێیـــان وابـــوو كـــە كـــە قۆنـــاغی زانكـــۆ , قۆنـــاغێكی زۆر كورتـــە بـــە چـــاوتروكانێك كۆتـــایی دێـــت, هەربۆیـــە لـــەڕێگای وتـــارەكەیانـــەوە داوایـــان لەســـەرجەم قوتـــابیـــانی زانكـــۆ كردوە كـــە ئـــەو چـــوار ســـاڵەیان لـــە زانكـــۆ بـــە هـــەلێكی گـــەورە دابنـــێن بۆخۆیـــان ,كـــە بتـــوانن ئاســـتی زانســـتی خۆیـــان دۆڵەمەنـــد بكـــەن لـــە بوارەكەی خۆیـــان و بوارەكـــانی دیكـــەدا , بۆئـــەوەی پـــاش تـــەواوكردنی زانكۆیان هەســـت بكـــەن كـــە كـــارێكی گـــرنگ و سوودبەخشیان ئـــە نجام داوە, ئـــیتر ئەمانـــەو چـــەندین شیكردنەوەی دیكـــە لەلایـــەن وتـــارەكـــەی سۆما و ئارام خرابووە ڕوو بۆ سەرجەم قوتابیانی زانكۆ.

ئـــارام و ســـۆما پـــاش تـــەواوكردنی زانكۆیـــان و بەدەســـتهێنانی بڕوانامـــەی ســـەركەوتنیان لـــە بوارەكـــەی خۆیانـــدا ,بۆ دواجـــار توانیـــان وەكـــو دوو كـــادیری ســـەرەتایی بوارەكـــەی خۆیانـــدا دەست بـــەكار بـــن ,لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هـــەموو هـــەوڵێكی خۆیـــان خســـتە گـــەڕ, بـــۆ ئـــەوەی

بتــوانن خزمــەتێكی ســەرەتایی پێشــكەش بكــەن كــە ئەمــەش بــەهۆی ئــەو بەرهەمــە چــوار ســاڵەی زانكۆیانــە كــە بــە درێــژایی ئــەو چوارســـاڵەیان دا بـــەردەوام لـــە ڕێگـــای خوێندنـــەوەی زۆرتـــرین كتێبـــەكان و توێژینەوەكانـــەوە ئـــە نجامیان دەدا, كەلـــە ئێســـتادا دەتوانن خزمەتی بەرامبەرەكانیان پـێ بكـەن, ئـیتر بـۆ مـاوەی شـەش ساڵ لـە یـەكتر ناسینی نێـوان سـۆما و ئـارام كـە سـێ سـاڵیان وەكـو خوێندكار لەیـەك كۆلێـژ یـەكتریان ناسـی و لە پاشـانیش سـێ سـاڵی پـــاش تـــەواوكردنی زانكـــۆ لەگـــەڵ یـــەكتردا بـــوون لـــە كـــاركردن و خزمەتكردنـــدا بـــەڵام لـــە دوو بـــواری جیـــاواز و لەیـــەك ئاما نجـــدا خۆیان بینیەوە.

ئـــارام و ســـۆما كۆتـــا بڕیـــاری خۆیـــان دا كـــە ئـــیتر لـــەم چركەســـاتەی ژیانیانەوە دا دەست بخەنـە نـاو دەسـتی یـەكترەوە بـۆ هـەتا هەتایـە لەیەك هێلانـەی بەختـەوەری و خۆشەویسـتی دا ژیانیـان بـەڕێ بكـەن, چـوونكە سـۆما و ئـارام هەسـتیان بـەخۆیان كـرد كـە ئـیتر لـە رووی هـەموو شـتێكەوە ئامـادەن بـۆ ژیـانی هاوسـەرگیری و پێـك هێنـانی خێزانێكـــی بەختـــەوەر, بـــەڵام لێـــرەوە نهێنیـــەكی ســـۆما هەیـــە كەهـــەرگیز نـــەیتوانیوە بەدرێـــژایی ئـــەو چـــەند ســـاڵەی هاوڕێیـــەتی لەگـەڵ ئارامـدا , هـەرگیز نـەیتوانیوە لـە دەرفـەتێك ئـەو نهێنیـەی بۆ ئارام بـاس بكـات, چـوونكە سـۆما ترسـی هـەبووە لـەوەی كـە ئـەو نهێنیـە ببێتـە هـۆی لـە دەسـتدانی پـاكترین و فریشـتە تـرین كەسـی ئەم دونیایـە كـە ئـەویش ئارامەكـەی سـۆما بـوو كـە بـەدڵ و گیانـەوە ئارامی خۆشدەویسـت, نهێنیەكـەی سـۆما ڕووداوێكـی ناخۆشـی تەمـەنی

منـــدالّى خۆيـــەتى هـــەركاتێك بـــەبيرى دێتـــەوە ڕاســـتەوخۆ ئازارێـــك لـــەناو دڵـــى دا درووســـت دەبێـــت, بـــەڵام دەبێـــت ئـــەم شـــەو كـــە يەكـــەم شەوى بووكێنى سۆمايە بۆيـــە دەبێـــت ئـــەم شـــەو ئـــەو نهێنيـــە بـــۆ ئـــارام ئاشكرا بكات .

ســـۆما بـــە ڕووخســـارێكى كـــزەوە لەبەرامبـــەر ئـــارام دەوەســـتێت و ئاراميش هەســـتدەكات كـــە ڕووداوێكـــى نـــاخۆش ڕوويـــداوە بۆيـــە هـــەرزوو هەردوو دەســـتە جوانـــەكانى ســـۆما دەگرێـــت و پێـــى دەڵێـــت: تـــاقانەكـــەى مـــن ســـۆما گيـــان بـــۆ چـــى ڕووخســـارت داوەتـــە يـــەك مـــن نامـــەوێت هەرگيز تۆ بەم شێوەيە ببينم.

سۆما: ئارام گيان تكايە گـــوێم بـــۆ بگـــرە بـــۆ شـــتێك كـــە چـــەندين ســـاڵە لەتۆم شاردۆتەوە بەڵام چـــيتر بەرگـــەى نـــاگرم كـــە ئـــەو نهێنيـــە لـــەتۆى بشارمەوە, بەڵام ئەم شەو كـــاتى ئەوەيـــە كـــە ئـــەو نهێنيـــە پێـــت بڵـــێم پێش ئەوەى تۆ ئەم شەو دەســـتم لـــێ بـــدەى, مـــن ئـــەو كاتـــەى تەمـــەنم دوازدە ساڵان بوو, ڕۆژێكيـــان نامـــەردێك مـــنى بێهـــۆش كـــردو لە پاشـــان ئـــيتر مـــن هـــيچ ئاگايەكـــەم لـــە خـــۆم نـــەما , بـــەڵام كاتێـــك بەخەبـــەر ها تمـــەوە تەماشـــاى خـــۆم دەكـــەم هـــەموو جلـــەكانى بـــەرم دڕاوە و خـــوێنێكى زۆرم لـــێ هـــاتبووە خـــوارەوە لـــەنێوانى هـــەردوو رانـــەكانم دا منـــيش راســـتەوخۆ دەســـتم كـــردە بـــە قيـــژەو هـــاوار گريـــان بـــەڵام هـــيچ سوودێكى نـــەبوو, ئـــيتر لـــەو ڕۆژەوە ئـــەو نامـــەردە ژيـــانى كچـــێنى مـــنى فەوتانـــدبوو, هـــەركاتێك ســـەيرى ڕوخســـارى خـــۆم دەكـــرد لـــە ئاوێنـــە من نەفرەتم لەو ڕۆژە دەكرد كـــە ها تمـــە ســـەر ئـــەم دونيـــا قێزەونـــە كـــە

پڕیەتی لـە مرۆڤـی خـراپ و درنـدە , هـەروەها خێزانەكـەم بەهـەموو شـێوەیەك هـەوڵیان دا كـە ئـەم ڕووداوە پـەردە پۆش بكـەن و هـیچ كەسێك پێـی نـەزانێت, منـیش هـەوڵم دا بەهـەموو شـێوەیەك لـەبیری خـۆمی ببەمـەوە بـەڵام نـەمتوانی لـەبیری خـۆمی ببمـەوە چـوونكە ئازارێكـە هـەموو شـەوێك لەگـەڵ ئـەو ئـازارەی خـۆم چـاوەكانم لێـك دەنا , بەڵام لەلایـەكی تـرەوە تـوانیم دووبـارە دەست بـەژیانی خـۆم بكەم كـە ئـەوەتا ئێسـتا تـوانیم كۆلێژەكـەم بەسـەركەوتوویی تـەواو بكەم و بـۆ ئـەوەی بتـوانم بە پیشـەكەم لە پشـتی ئـەو كچـانە بم كـە لەتەمـەنێكی بچـووكی وەكـو مـن ڕووبـەڕوی ئـەو جـۆرە ناخۆشـیە بوونەتـەوە, منـیش ئـەوەی لەدەسـتم بێـت بتـوانم هـەتا ڕادەیـەكی كەم هیوایەكیان پێ ببەخشم بـۆ ئـەوەی جـارێكی تـر هیوایـەكیان بـە ژیان دروست ببێتـەوە , لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن ئێسـتا دڵ خۆشـترین كچـم كـە لـە ئێسـتادا كـە پاكترین و باشـترین كـوڕ لەبـەردەمم وەسـتاوە كـە هەر چركەیەك لەگەڵ تۆدا مـن هەسـت بـا ئـارامبوونی خـۆم دەكـەم لـە ژیانەدا.

ئـارامیش بـە فرمێسـكەوە باوەشـێكی تونـد بـە سـۆما دەكـات و پێـی دەڵێـت : خۆزگـە ئـەم ئـازارەت سـاڵانێكی زوو لـەبیری خۆتـت بربردبایەوە تاقانەكـەم, بـەڵام دڵنیابـە سـۆما گیـان مـن دەبمـە ئـەو كـوڕە بـۆت كـە هـەموو ئـەو ئازارانـەت بـۆ لـەیاد ببەمـەوە , لەگـەڵ ئەوەشـدا دڵنیابـە كـە مـن ژیـانێكی جـوان و خنجیلانـەت بـۆ فەراهـەم دەكـەم و هـەموو هـەوڵی خـۆم دەدەم كـە ببمـە هـەڵگری ئـەو ئـازارەی

نـــاو ناخـــت , دڵنیاشـــبە کـــە ئـــەو ئـــازارەت کۆتـــایی پـــێ دەهێـــنم و ژیانێکی زۆر خۆشمان دەبێت من وتۆ پێکەوە.

ئـــارام و ســـۆما لـــە پـــاش دوو ســـاڵ لـــە هاوســـەرگیری و خۆشەویســـتی نێوانیان دا , بۆ دواجار توانیان بـبن بـە دایـك و بـاوکی کچـێکی جـوان و خنجیلانـــە کـــە ناویـــان لـــێ نـــا دلڤـــین گیـــان, دلڤـــین بـــووە وێســـتگەیەکی تـــر لـــە بەختـــەوەری نێـــوان ژیـــانی ســـۆما و ئـــارام دا لەگەڵ ئەوەشدا ئـارام و سـۆما بڕیاریـان دا کـە تـەنیا دلڤـین گیانیـان هـەبێت و هـیچ منـداڵێکی تریـان لـە پاش دلڤـین نـەبێت , چـوونکە داهاتەکەی هەردووکیان دیاری کـرا بـوو کـە تـەنیا بەشـی سـێ کەسـی دەکـــرد بـــۆ خۆشـــبەختی ژیـــانی خۆیـــان و دابینکردنـــی هـــەموو پێداویستیەکانی دلڤین گیـان, ئـارامیش بڕیـاری دا کـە هەمیشـە ئـەم خێزانە بچووکەی خۆی بپارێزێت و بەختەوەریان بکات لەژیان دا .

2020|4|6

## بیرەوەریەکانی کچێك لە نەخۆشخانە

پزیشـکەکان بـەمنیان ڕاگەیانـد کـە دەبێـت بـۆ مـاوەی دوو مـانگ لـە نەخۆشـخانەدا بمێنیتـەوەو هـەتاوەکو چارەسـەرێکی تـەواوەتی بـۆم دەکـەن, بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر بتـوانم هەسـتمەوە سـەرپێیەکانی خـۆم و درێـژە بـەژیانی خـۆم بـدەم , بێگومـان دوومـانگ لـەژوورێکی نەخۆشـخانە لەسـەر قەروێلەیـەك زۆر ناخۆشـە , کـە نـەتوانی هـیچ جوڵەیەك بە ئـارەزووی خـۆت بکـەیت بـەڵام لـەکۆتایی دا ناچـارم کـە بەرگە بگرم بۆ ئـەوەی بـەزووترین کـات چـاك ببمـەوەو هـەتاوەکو بـۆ جارێکی تر درێژە بەم ژیانـە نەفرەتیـە بـدەم, بـەڵام بەرگـەم نـەگرت کە هـەروا بەدەسـت بـەتاڵی دابنیشـم ,بۆیـە داوام لـە دایکـم کـرد کـە دەفتـەرێکی بچـووك و قەڵـەمێکم بـۆ بهێنێـت بـۆ ئـەوەی بتـوانم بەشـێك لـە ڕۆژانـی ژیـانی خـۆم بنووسمـەوە لەگـەڵ خێزانەکـەم دا , چـوونکە زۆر بـیری ئـەو ڕۆژە خۆشـانەی ژیـانم دەکـەم کـە لەماڵـە سادەکەی خۆمان لە حەلـەب بـووین, لەگـەڵ براکـەم و دایکـم و بـاوکم بەدڵخۆشیەوە دەژیـان , سـەرباری ئـەوەی کـە خێزانێکـی هـەژار بـووین لـەڕووی دارایـی بـەڵام خۆشـبەختیەکەمان لەوپـەڕی دۆڵەمەنـدی دابـوو ,کـەزۆر کـەس ئـەو خۆشـبەختیەی ئێمـەیان نـەبوو لـەژیان دا, هەربۆیـە منـیش بڕیـارم دا بەشـێك لـەو ڕۆژانـە لـەناو دەفتەرەکـەم دا بنووسمەوە ئەگەرچـی ئێسـتا سـاڵانێکە تێپـەڕیوە بەسـەر ئـەو ڕووداوە ناخۆشـەی کـە بەسـەر ئێمـەو تـەواوی خـەڵکی شـارەکەم دا داهـات لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنم ئێسـتا بیسـت و چـوار سـاڵە بـەڵام ئەوکاتـە تەمـەنم هەژدەسـاڵان بـوو کـە ڕووبـەڕوی ئـەو ڕووداوە ناخۆشـە

بووینـــەوەو هـــەموو شـــتێکمان لەدەســـت دا بـــەڵام بەختەوەرەیەکـــەمان توانیویـــەتی کۆمانبکاتـــەوە , لەگـــەڵ ئەوەشـــدا مـــن هـــیچ کـــاتێکیش هەستم بەهەڵکشانی تەمەنی خۆم نەکردوە.

تەمووزی 2017 ,دیمەشق( سوریا ),زیلان

نـــاوم زیلانـــە, دانیشـــتووی گـــەڕەکێکی هەژارنشـــینی نـاوچـــەی حەلـــەبی ( ســـوریام ) بـــووم, بـــۆنی بـــەیانیانی گەڕەکـــەم هـــەتاوەکو ئێســـتا لـــە لـــوتم ماوەتـــەوەو, هـــەروەها دەنگـــی منداڵـــە بچـــووکەکانی گـــەڕەکمان لـــەنێو گوێچـــکەکانم دا زرینگـــەی دێـــت , گەڕەکـــەمان گـــەڕەکێکی زۆر قەرەباڵغ و میلـی بـــوو بـــەڵام ژیـــان لەنێویـــدا زۆر ســـادەو ئاســـایی بـــوو کە هـــەمووومان وەکـــو دۆســـت و هـــاوڕێ وابـــووین بۆیـــەکتری, بەتاییـــەتی لە مانگی رەمەزانانـــدا گـــەڕەکی ئێمـــە بەشـــەوان هـــەروەکو حـــەمامی لـــێ هـــاتبوو ئەوەنـــدە قـــەرەباڵغ بـــوو, هـــەتا دەرەنگـــانی شـــەو منـــداڵان و ژنـــانی گـــەڕەکمان بەتاییـــەتی پـــووره رەعنـــاو ســـەمیرە و ســـوندوس و لەگـــەڵ دایکـــم دا بۆخۆیـــان لـــە پێش دەرگـــا دادەنیشـــتن و ئـــیتر خـــەریکی قســـەو قســـەلۆك بـــوون لـــەنێوان خۆیـــان دا هـــەتا درەنگـــانی شەودا.خۆشەویســـترین کەســـی گەڕەکەکـــەمان کـــە مـــاڵێکی بچـــووکی هەبوو لەســـەرەوەی گەڕەکـــەمان ,ئـــەویش مامـــە جـــەمالی کەونـــە فـــرۆش بـــوو پیـــاوێکی بەتەمـــەن بـــوو بـــەڵام دەنگێکـــی خۆشـــی هـــەبوو کاتێـــك هـــەموو بـــەیانیانێك بـــەناو گەڕەکـــەمان داهـــات و هـــاواری دەکـــرد و دیگوت: یەلا شتی کەونـــەمان دەوێـــت یـــەلا کەونەیـــەکمان پـــێ بـــدەن , بەڕاســـتی مامـــە جـــەمال کـــردی بەبـــەزمی خـــۆی بەدەنگـــە گەورەکەیـــەوە

منداڵانی گـەڕەکیش قسـەکەی مامـە جـەمالیان لەگـەڵ خۆیـان وتـەوە هـەروەکو سـرودی نیشـتمانی لـێ هـاتبوو بۆمـان , بـەڵام ڕۆژێکیـان گوێبیسـتی هـەواڵی ئـەوەبووین کـە مامـە جـەمال تووشـی شـکانی ئێسـکەکانی پشـتی هـاتووە بۆیـە ئـیتر ناتوانێـت دەسـت بـەکاری کەونـە فرۆشـیەکەی بکاتـەوە, منـیش زۆر بـۆ مامـە جـەمال نیگـەران بـووم بەبیسـتنی ئـەو هەواڵـە دڵتەزێنـە.هـەروەها لە پشـتەوەی گەڕەکی خۆمـان کـوڕێکی چوارشـانەی لـێ بـوو پێیـان دەگـوت عوسمـان ئەبو شوارب, کوڕێکی هـەتا بڵێـی ڕەزا گـران بـوو کـە جاروبـار دەهاتـە نـاو گـەڕەکمان ئـیتر چـاوەکانی ئەسـووراندەوە بـۆ دوو سـێ کچـی گـەڕەکی خۆمـان ,خـۆی لەبنەڕەتـدا کـوڕێکی قـۆز بـوو عوسمـان ئـەبو شوارب, بەڵام من زۆر رقم لێ دەبـوو چـوونکە چـاوێکی پیسـی هـە بـوو کە بەردەوام چاوی دەسوڕاند بۆسەر مەمکی کچەکانی گەڕەکمان .

هاوڕێکـانم و خێزانەکـەم منیـان بـە کچـە شـێوەکارە هەژارەکـەی حەلـەب بـانگ دەکـرد کـە مـن تاکـە کچـی ئـەو گەڕەکـە بـووم کـە دەسـتی وێنەکێشـانم هـەبوو , هـەوەروەها چـەندین وێنـەم بـۆ منداڵـەکانی گـەڕەکی خۆمـان ولەگـەڵ کچـەکانی گـەڕەکمان کێشـابوو زۆر دڵیـان خـۆش بـوو وێنـە سـادەکانی مـن کـە بۆیـانم کێشـابوو, لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن کچـێکی خوێنـدەوار بـووم کـە لـە قوتا بخانـە دەمخوێنـد بـەڵام زۆربـەی کچـانی گـەڕەکمان لـە قوتا بخانـە دەرهێنرابـوون و بەشـێکیانیش لەتەمـەنێکی بچـووك دا هاوسەرگیریان کردبوو.

بــــــاوکی مــــــن نــــــاوی( ئاریانــــــه ) پیــــــاوێکی کاســــبکاری نەخوێنــدەوارە, هــەروەها شــاژنە جوانەکــەیماڵــەوەمان ئــەو شــاژنەی کە وەکو ڕووناکی وابوو بــۆ ئێمــە بــەردوام ماڵەکــەمانی بۆمــان ڕوونــاك دەکــــردەوە ئـــەویش دایکـــە جوانەکـــەی مـــن بـــوو ئـــەو نـــاوی (کەژاڵ)خانــە, بــرا بچــووکە کەیشــم نــاوی عیســایە بــەڵام ئــەو کــــوڕێکی زیــــرەك و زۆرزان بوو, لەهــــەمان کاتیشــــدا هــــەردووکمان تاقانە بــووین وە یــەکتریمانیش زۆر خــۆش دەویســت هــیچ کاتێــك دڵــی یــەکترمان نەدەشــکاند, مــن لــە تەمــەنی منداڵیــەوە ئــارەزووی هونــەری وێنەکیشــانم هــەبوو بەتایبــەتی لــەو کاتــەی کــە لــە پــۆلی دووی ســەرەتایی بــووم, ڕۆژێکیــان مامۆســتای وێنــەمان دەســتی دایــە پرچــەکانم و بەخەنــدەوە پێــی گــوتم : تــۆ وێنــەی زۆر جــوان دەکێشــی وە کچێکی بــەهرەداری مــن هیــوام بێتــە کــە تــۆ لــە داهــاتوودا دەبیتــە کچێکی وێنــەکێش ئەگــەر گرنگــی بــەخۆت بــدەی منــیش دڵــم بەقســەی مامۆســتاکەم زۆرخــۆش بــوو کــە وەکــو پاڵپشــتیەك بــۆمن وابــوو لــەو کاتەوە هەتاوەکو ئێستادا. .

مــن خــەونم ئــەوەبوو کــە لــە داهــاتوودا ببمــە نیگــار کێشــێکی بــەناوبانگ, لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆر سەرســام بــووم بــە وێنــەکانی پیکاســۆ و ڕۆبنــز و لەگــەڵ چــەندین نێگارکێشــی دیکــەدا ,بەتایــەتی ئەوانــەی وڵــاتی خۆمــانیش وەکــو (ئیقبــال نــاجی و لــەیلی نصــیر),بەڵام هەرچــەندەش کــە پێداویســتیەکی زۆری وێنەکیشــانم لە بەردەســتدا نــەبوو بــەهۆی ئــەوەی بــارودۆخی دارایــی خێزانەکــەمان دیاری کراوبــوو کــە نــەمتوانی داوا لــە بــاوکم بکــەم کــە کۆمــەڵێك لــە

پێداویستە جوانەکانی وێنەکێشانم بۆ بکڕێت , هەرچەندە ئەگەر بە باوکم بگوتبایە بۆم بکڕە ڕاستەوخۆ بۆمی دەکڕی بەڵام من نەمدەویست قورسایی لەسەر باوکم درووست بکەم , لەگەڵ ئەوەشدا من هیچ کاتێك بێ هیوایی بەرۆکی منی نەگرتبوو لە نەبوونی ئەو پێداویستیە جوانانەی وێنەکێشان دا بەلکو توانیم بەسادەترین پێداویستی من وێنەکانی خۆم بکێشم.

سەرکردەی ماڵەکەمان کە بە پیاوە ماندوەکەی ماڵەکەمان ناسرابوو ئەویش ئاریانی باوکم بوو ئەو پیاوێکی زۆر ماندوو بوو ,چوونکە ئەو لە بەیانی زوو هەتا شەو لە دووکانێکی بچووك دا کاری دەکرد بۆ ئەوەی بژێوی ئێمەی پێ دابین بکات,لە پاڵ ئەوەیشدا ماڵەکەمان و دووکانەکەمان هەردووکیان کرێ بوو بۆیە دەبوایە سەرە مانگان کرێی هەردووکیان بدەین کە ئەمەش وای لە باوکم کردبوو کە زۆرترین کات کار بکات بۆ ئەوەی بتوانێت سەرجەم پێداویستیەکانی ماڵەوەمان دابین بکات, بەڵام ئەم هەموو شتانە کاری لەسەر بەختەوەری خێزانەکەمان نەکردبوو,هەر کاتێك کە باوکم دەهاتەوە بۆ ماڵەوە ئێمە هەموومان لە سەر سفرەیەکی بچووکی نان خواردن دا کۆبووینەوە, زۆربەی کاتەکان کە لەسەر سەعی کردن بوومایە ڕاستەوخۆ سەعیەکەم بە جێ دەهێشت و لەگەڵ خێزانەکەم لەسەر یەك سفرەدا بە خەندەو پێکەنینەوە کۆ دەبووینەوەو خۆشترین خواردنمان دەخوارد بەدەستە جوانەکانی دایکم .

کـەژاڵ خـانی دایکـم , ئـەو بـە شـاژنی ماڵـەوەمان ناسـرابوو کـە بـەردەوام خـواردنی زۆر خـۆش و بەچـێژی بۆمـان ئامـادە دەکـرد کـە تـوانی سـفرە بچـووکەکەمان بـە کـەمترین خـواردن بڕازێنێتـەوە, لە پاڵ ئەوەشدا دایکم شان بەشـانی بـاوکم کـاری دوورمـانی دەکـرد بـۆ ئـافرەت و منـداڵانی گـەڕەك کـە تـوانی داهـاتێکی بچـووك لـەڕێگای دوورمانیەکەیـەوە بەدەسـت بهێنێـت , لەهەمانکاتیشـدا دایکـم دڵـی زۆر خـۆش بـوو بـەکاری دوورمانیەکـەی کـە تـوانی خـۆی پـێ خـەریك بکـات ,کـە هەرئەمـەش وای کردبـوو کـە بەشـێکی زۆر ئافرەتـانی حەلەب بێن بۆ لای دایکـم بـۆ ئـەوەی بـە دەسـتە ڕەنگینـەکانی کـەژاڵ خانی دایکـم جـوانترین جـل و بـەرگ بپۆشـن ,بـۆ ئـەوەی مێردەکانیـان لێیان ڕازی بن , دایکـم بـە دوورینـی چـەندین جـل و بـەرگی جـوان بـۆ ئافرەتـان تـوانی چـەندین خێـزان بەختـەوەر بکـات, چـوونکە دایکـم دەیزانـی کـە پیـاوان بـەردەوام ئـارەزووی ئـەوە دەکـەن کـە خێزانەکانیان پۆشتە دەربکەون.

بەیانیـەکی نـوێتر لـە ڕۆژە جوانـەکانی تـری ژیـانم وەکـو مـۆمێکی دووبـارە هەڵگیسـرایەوە خۆرگـەم هـەتاوەکو کۆتـایی ژیـانم هـەموو بـەیانیانێك جـوان و پرشـنگدار بوایـە, ئـیتر منـیش لەگـەڵی دا بەشـێوەیەکی گـرج و گـۆڵ و دڵخۆشـیەوە هەسـتامەوە بـۆ ئـەوەی بـڕۆم بۆ قوتابخانە بـەڵام پـێش مـن بـرا بچـووکە کـەم هەسـتابوو لەخـەو ,هـەروەها دایکـم لـە چێشـتخانەکە بـوو خـەریکی درووسـت کردنـی خـواردن بـوو بۆمـان, بـەڵام بـاوکم لەماڵـەوە نـەبوو بەیانیەکـەی زوو ڕۆیشتبوو بـۆ سـەر دووکانەکـەی بـۆ ئـەوەی پارەمـان بـۆ پەیـدا بکـات

,باوکم هـەوڵی دا هـەموو ڕۆژێـك زۆرتـرین کـاتی خـۆی بـۆ کـارکردن تـەرخان بکـات ئەمـەش لـە پێناو ئێمـەدا بـوو کـە هەست بـە کـەم و کورتی نەکـەین هەرچـەندە ئـەو داهاتـەی کـە دەسـتی دەکـەوت بـاوکم زۆر کـەم بـوو بـەڵام ئێمـە باوەڕمـان پـێ هـەبوو, ئـیتر خواردنەکـە ئامـادەبوو لەگـەڵ نـانێکی گـەرم دا, کـە دایکـم بەیانیەکـەی زوو هەستابوو لـە نانەواخانەکـەی پشـت ماڵمـان نـانێکی گـەرمی هێنـابوو بۆمـان, لە پشـتی گەڕەکـەمان نانەواخانەیـەکی لـێ بـوو بـەناوی نانەواخانـەی بـاوکی مەلـەك بـوو , چـوونکە کاکـە حەسـەنی نانـەوا تـازە ببـوە خـاوەنی کچـێکی جـوان کـە زۆری خۆشدەویسـت هەربۆیـە نانەواخانەکەیشی بەناوی کچەکەی خۆی کردبوو.

ئێمـەش ئـەو بەیانیانـە خواردنەکـەمان خـواردو خۆمـان گـۆڕی جانتاکـەمان کـردە سەرشـانمان و, دایکـم هـەموو بـەیانیانێك بـە دەسـتە جوانـەکانی پرچـەکانمی بـۆم ڕێکخسـت و لە پاشـانیش ماچـێکی هـەردووکمانی کـردوو, پـارەی ڕۆژانەکەیشـمان وەرگـرت بەبێ ئـەوەی جیـاوازی لـەنێوانمان دا بکـات دایکـم وەکـو یـەك پـارەی پێمـان دەدا هەرچـەندە ڕۆژانەکـەمان بڕێکـی کـەم بـوو بـەڵام ئێمـە پێـی ڕازی بـووین بـەو پـڕە کەمـەی کـە وەرمـان دەگـرت ,زۆرجـار کچـکەکانی هـاوڕێم لـە پاش قوتابخانـە بـەرەو خواردنگـە یـان بازارکردن دەڕۆیشتن بەڵام من خـۆم لێیـان دزیـەوە چـوونکە پـارەم پـێ نـەبوو کـە لەگـەڵیان بـڕۆم. یـاخود کاتێـك بـەلای کـەباب خانەکـەی وەسـتا مـوراد تێدەپـەڕیم بـۆنی ئـەو کەبابـە خۆشـەی دەهاتـە نـاو لووتـەکانم, بـەڵام کاتێـك سـەیری گیرفـانی خـۆم دەکـرد هـیچ

دینــارێکم لــە گیرفــان دا نــەماوە بــۆ ئــەوەی دانەیــەك لــە کەبابەکــەی وەستا موراد بخــۆم, زۆریــش شــەرمم دەکــرد کــە بــە وەســتا مــوراد بڵــێم دانەیــــەکم بــــدەرێ بــــەڵام لــــە ناچــــاری دا بــــە بۆنەکــــەی تــــوانیم برسیەتیەکەم بشـکێنم, بــەڵام هــیچ کاتێــك دڵگــران نەبوومــە لــەوەی کــە وەکــو هاوڕێکــانم پارەیــەکی زۆرم لــە گیرفــان دا نــەبووە بــە ئــارەزووی خــۆم شــت بکــڕم و بخــۆم, ئــیتر لەگــەڵ ئەوەشــدا دایکــم بەبــەردەوامی پــێش ئــەوەی بڕۆیشــتباینە بــۆ قوتا بخانــە دەیگــوت : ئاگاتان لە خۆتــان بێــت ڕۆڵــەکانم لــە ڕێگــاو بانــدا , دایکــم ئێمــەی زۆر خۆش دەویست منیش ئەوەم زۆر خۆش دەوێت.

مــــن و براکــــەم کەوتینــــە ڕێ بــــەرەو قووتا بخانــــە بــــەڵام قووتا بخانــەی براکــەم کــەمێك لــەهی مــن دوورتــر بــوو ,براکــەم لــە نیوەی ڕێگا لەمن دابــڕاو خــۆی بەتــەنیا ڕۆیشــت بــۆ قوتا بخانەکــەی, بەڵام پــێش ئــەوەی لێکــدابڕێن ماچــێکی بــرا ئەزیزەکــەی خــۆم کــردو پــێم وت: ئاگــاداری خــۆت بــە تاقانەکــەی دادە ,براکــەم کــوڕێکی گوێرایــەل و زۆرزان بــوو هــیچ کەســێك نــەیتوانی بەئاســانی فریــوی خۆیی بدات .

بــەو شــێوەیە ئــیتر ئــەو چــەند کاتــژمێرەی قووتا بخانــەمان بــە خوێنــدن و پیاســەکردن لەگــەڵ بــرادەران بــەڕێکرد . بــەڵام لــە کۆتایــدازەنگی لێــدانی ماڵــەوەی لێــدرا, کەچــی بەشــێکی قوتابیــەکان بــە گوێبیســتی ئــەم زەنگــە زۆر دڵخــۆش بــوون, منــیش بەبێــدەنگی جانتاکــەم کــردە سارشــان و بەڕێکــەوتم بــەرەو لای قووتا بخانــەی

براکەم کە لەویٚ چـاوەڕێی ئـەوم دەکـرد تـاوەکو بێتـە دەرەوە , هـەموو ڕۆژێـك مـن دەبوایـە بڕۆیشـتبامایە شـوێنی براکـەم چـوونکە دایکـم و بـاوکم ئـەویان بـە مـن سپاردبوو کـە ئاگـام لێـی بێـت ئـیتر منـیش لە پەنایـەکی دیـواری قووتا بخانـەی براکـەم دانیشـتبووم چـاوەڕێی براکـەم دەکـرد, زیـاتر لـەنیو کاتـژمێرێك بـە تـەنیایی چـاوەڕوانی هاتنـە دەرەوەی براکـەم دەکـرد, بـەڵام ئـەوانیش لـەکۆتایی دا زەنگـی کۆتاییـان لێـدا بـۆ ماڵـەوە, منـیش دەسـتی براکـەم گـرت و کەوتینـە ڕێـی بـۆ ماڵـەوە و بـەڵام ئـەوەی کـە مـنی بێزاردەکرد,ئـەوەبوو کـە دەبوایە براکەم پـێش ئـەوەی بڕواتـەوە بـۆ ماڵـەوە لـە خواردنگەکـەی لای قوتا بخانەکـەی خـواردنێکی بخواردبایـە کـە زۆر حـەزی لـیٚ بـوو بـەڵام مـن ناوەیـەکم هـەر نـەدەزانی چـوونکە حـەزم لێـی نـەبوو هـەروەها بـۆنێکی زۆر ناخۆشـی لـیٚ دەهـات بـەڵام عیسـای بـرام زۆر ئـارەزووی لێـی بـوو ئـیتر منـیش نەمدەویسـت دڵـی بشـکێنم , بـەم شێوەیە ئەو چـەندانەیەکی زۆری لێـی کـڕی و,منـیش پـێم گـوت: کـوڕە ئێسـتا دایکـم لـە ماڵـەوە خـواردنی بۆمـان ئامـادەکردووە تـۆ بۆچـی ئەوەنــدە دەخۆیت,کەچـی ئـــەویش گــوتی: وازم لـیٚ بێنـە دادە زۆر خۆشـە ئـەم خواردنـە منـیش ناچـار بـووم کـە بێـدەنگ بم هـەتاوەکو خواردنەکـەی تـەواو دەکـات, پـاش تـەواکردنی خواردنەکـەی مـن و براکەم کەوتینە ڕیٚ بـۆ ماڵـەوە بـەڵام ئـەو نێوەڕۆیـە کاتێـك کـە لـە ڕێگـادا بـووین بـۆ ماڵـەوە , لـەناکاو تووشـی کەسـێکی خـراپ بووینـەوە کـە ویسـتی پارەکا نمـان ببـات و ئازارمـان بـدات هەرچـەندە کەسـێکی نـەفام بـوو ئـەو دزە وای دەزانـی ئێسـتا ئێمـە

پارەیـەکی زۆرمـان پێیـە خـۆمن هـیچ دینـارێکم لـە گیرفـان نـەمابوو, دزەکـە چـەقۆیەکی بچـووکی دەرهێنـا و ویسـتی پـەلامارمان بـدات , بـەڵام براکـەم جانتاکـەی سەرشـانی خـۆی بـۆی فـڕێ داو چـەقۆکەی دەستی کەوتە سـەر زەوی و ئێمـەش ڕامـان کـرد وخۆمـان لـە کۆڵـانێکی تەسکدا شاردەوە هـەتاوەکو چـەتەکە وازمـان لـێ بێنێـت, کـاتیش زۆر درەنـگ بـوو نزیکـە( 12:55 ) بـوو, ئـیتر بینیمـان کـەس دیـار نیـە ئێمەش ڕامان کرد بۆماڵەوە...

بەم شـێوەیە مـن و براکـەم بـە ڕاکـردن گەیشـتینە لای مـاڵی خۆمـان و بـە تووندی لـە دەرگـای ماڵـەوەمان دا , دایکیشـم بـە ڕاکـردن بـەرەو دەرگاگـە ڕای کـردو دەرگاکـەی لـە ئێمـە کـردەوە و ئێمـەی بـینی کـە ڕەنگی دەموچاومان زەرد هەڵگـەڕابوو دایکیشـم دەسـتی کـرد بـە گریـان و دەیگـوت:من دڵنیـان ئێـوە شـتێکتان بەسـەر هـاتووە بۆیـە ڕەنگتـان زەرد هەڵگەراوە .

دایکـم ئـەو رۆژە زوو هەوڵیـدا تەلـەفۆن بـۆ بـاوکم بکـات بـۆ ئـەوەی بەخێرا بگاتـە ماڵـەوە, بـەڵام مـن ئـەو ڕۆژە نەمهێشـت تەلـەفۆن بـۆ باوکم بکـات بـە دایکـی خـۆم گـوت: دایکـە هـیچ شـتێکی مەترسـیدار ڕووینەداوە تکایـە بـا باوکیشـم تووشـی دڵـە ڕاوکـێ نەکـەین لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو ڕێگـا دوورو درێـژە بـا نـە بڕێـت و بێتـەوە بـۆ لای ئێمە,چوونکە دووکانەکـەی ئێمـە لـە نێـو بـازاڕ بـوو زۆر دوور بـوو لـە ماڵـەوەمان , بـاوکم بـە پایسـکیلە کۆنەکـەی هاتووچـۆی دەکـرد بـۆ سـەر دووکانەکـەی, کـەزۆرجاران لـەرێگادا پایسـکیلەکەی بـاوکم

بــەهۆی کۆنیەکەیــەوە گــرفتی بــۆ درووســت دەکــرد, ئــیتر بەهــەر شێوەیەك ڕووداوەکــەم بــۆ دایکــم باســکردوو دایکــم دەســتی بــەگریان و کردوو ئێمەی لە باوەش گرت وتــی: ســووپاس بــۆ تــۆ خوایــە گیــان کــە هەردوو جگەر گۆشەکەم بە منــت بەخشــیەوە, منــیش باوەشــم بــە دایکــم کردو پــێم گوت:تــەواو دایکــە گیــان پێویســت بــە گریــان ناکــات ئێمــە زۆر باشــین,تکایە ئــەم ڕووداوە بــۆ بــاوکم بــاس مەکــە بــا ئــەو لــەتاو ماندووبوونەکەیــدا بــا خــەم و ئــازار بــۆ ئێمــەش نەکێشــێت, دایکیشــم وتــی: باشــە کچــەکەم, پێــی نــاڵێم بــەس ئێــوەش ئاگــەداری خۆتــان بن, من و باوکت بەبێ ئێــوە نــاتوانین بــژین چــوونکە ئێــوە گــەورەترین سامانی ئێمەن لەم ژیانەدا.

بەم شێوەیە تــوانیم ڕووداوەکــە بــۆ دایکــم باسبکەم, ئــیتر مــن چــوومە ژوورەکــەی خــۆم و تەلــەفۆنم بــۆ هاوڕێکــەم کــرد کــە نــاوی ( مــیرال ) بــوو, لــە هــەمان کاتــدا مــیرال دراوسێیشــمان بــوو کــە ســاڵانێکی زۆر پەیوەنــدی دراوســێتیمان لەگــەڵیان دروســت کردبــوو, ئــەویش بە پەلــە گەیشــتە لای مــن و ڕووداوەکــەم بــۆی باســکرد چــوونکە مــن مــیرالم زۆر خــۆش دەویســت وە جگــە لــەوە کەســێکی زۆر ڕاســتگۆ و دڵپــاك بــوو, لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆر باوەڕمــان بەیــەکتری هــەبوو هەربۆیە زۆربەی نهێنیەکانمان بــۆ یــەکتری بــاس دەکــرد ,بــەڵام ئــەو لــە قووتابخانــە نەیدەخوێنــد چــوونکە بــاوکی و دووبراکــەی ڕێگریــان لێ دەکرد کــە بڕواتــە قووتابخانــەو خوێندنەکــەی خــۆی تــەواو بکــات , هەرچــەندەش میرالــی هــاوڕێم کچــێکی زۆر زیــرەك و ژیــر بــوو , هەمیشــە لــەلای مــن دەیــوت: زۆر بــە ئــاواتم کــە لــە داهــاتوودا ببمــە

پزیشك یاخود شانۆكار بـەڵام بـاوكم و براكـانم ئـەو خەونـەی منیـان بە زینـدوویی زینـدە بەچـاڵ كـرد نـەیان هێشـت لەگـەڵ خەونـەكانی خـۆم بـژیم,ئیتر منـیش باوەشـێك بـە هاورێكـەی خـۆم دا كـرد و وتم: ئازیزەكـەم هـەرگیز بـێ هیـوا مەبـە لـە خەونـەكانت ڕەنگـە لـە داهـاتوودا تـۆ بگەیتـە باوەشـی خـەون و ئاواتـەكانت بۆیـە هـیچ كاتێـك غـەمبار مەبـە. بـەم شـێوەیە مـن دەسـتم كـرد بـە كێشـانی وێنەیـەكی ئاسـایی ئـەو ڕووداوە ناخۆشـەی كـە بەسـەر مـن براكـەم داهات لەكاتی گەڕانـەوەمان بـۆ ماڵـەوە, كـە ڕەنگـە ئـەوە چـارەنووس بوبێت من و براكەمی لەوێ ڕزگار كـرد لـە دەسـتی ئـەو مرۆڤـە دڕندەیـە كـە ویسـتی پـەلامارمان بـدات و پارەكەیشـمان ببـات بـەڵام ئەوەنـدە نـەفام بـوو ئـەو دزە نەدەڕۆیشـت پـارەی ئـەو كەسـانە ببـات كـە پارەیـەكی زۆر زۆریـان هەیـە كـە هـیچ كەسـێك نازانێـت لـە كوێـوە دسـتیان دەكـەوێت ئـەو پـارە زۆرەیـە كەچـی بـاوكی منـیش لـە بەیانیـەكی زوو هەڵدەسـتێت بەهـەموو حالێكـەوە ئـەوجا چـەند دینارێكی دەست دەكەوێت كـە ئـەویش دەبێـت بەشـێكی بـدات بـە كرێـی دووكـان و ماڵەكـەمان ئەگـەرنا لەهـەردوولا ئێمـە بـێ بـەش دەبـین. بەڕاسـتی دونیایـەكی ئـاڵۆزە كـە ئێمـەی مـرۆڤ تێیـدا دەژیـن ئاڵۆزیەكـەیش تـەنیا هـەرخۆمان بەدەسـتی خۆمـان بـۆ یـەكترمان درووست كـردوە هـەروەها مـن زۆر بـەئاواتی ئـەوەم كـە ڕۆژێـك ببیـنم هەموو مرۆڤەكان لە یـەك ئاسـتی خۆشـگوزەرانی دەژیـن بـەڵام دەبێـت ڕۆژێكی لەم جـۆرە درووسـت بێـت یـان ئەمـە تـەنیا خـەیالی خۆمـەوە هیچی تر...

بەهـــەموو شـــێوەیەك لەســـەر كاغـــەزێكی ســـپی دا تـــوانیم وێنـــەی ڕووداوەكە بكێشـم  هەرچـەندەش وێنەكـە لـەو ئاسـتەدا نـەبوو بـەهۆی نـــەبوونی پێداویســـتیە پێشـــكەوتوەكانی وێنەكێشـــانم بـــەڵام مـــن بەهـــەموو تواناكـــانی خۆمـــەوە لەگـــەڵ ئـــەو پێداویســـتیە ســـادەی كـــە لەبەردەســـتم دابـــوو تـــوانیم شـــتێكی جـــوان بۆخـــۆم بكێشـــم زۆرجـــار لـــە شتی سادەوە مرۆڤ دەتوانێت شتێكی گەورەی پێ درووست بكات.

شـــەودا هـــات و ئاســـمانیش بـــەرەو تـــاریكی دەڕۆیشـــت ئـــیتر میرالـــی هاوڕێشـــم ماڵئـــاوایی لـــێ كـــردم, ئـــەو پێـــی وتم: هـــەردەم لـــە خۆشـــی دابیت هاوڕێكـــەم , منـــیش ماڵئـــاوایم لێـــی كـــردو هیـــوای بەختـــەوەری و ئاســـوودەیم بـــۆی دەخواســـت بەڕاســـتی مـــیرال كچـــێكی قوربـــانی بـــوو هەرچـــەندە هـــەزارانی وەكـــو مـــیرال بوونیـــان هەیـــە كـــە لەزۆربـــەی چـــالاكیەكانی ژیـــان دابـــڕاون ئەمـــەش بـــەهۆی بیركردنەوەیـــەكی ئیفلیجیانەی هەندێك كەســەوە.ئەو رۆژە بـاوكیشـم لـە ڕێگـادا بـوو بـۆ گەڕانەوە بۆ ماڵـەوەی, منـیش هـەتاوەكو پـێش ئـەوەی بـاوكم بێتـەوە ســـەعیەكەم تـــەواو كـــردو ڕاســـتەخۆ چـــوومە لای دایكـــم بـــۆ ئـــەوەی یارمـــەتی بـــدەم لـــە ئامـــادەكردنی ســـفرەی نـــان خواردن,هـــەروەها براكەیشـــم هـــەمووو ئێوارەیـــەك لـــە دەرەوە خـــەریكی یـــاری تـــۆپێ بـــوو لەگـــەڵ منـــداڵانی گـــەڕەك هەركـــە بـــاوكم هاتـــەوە لەگـــەڵ خۆیـــدا براكـــەشمی هێنایـــە ماڵـــەوەو دەرگاكـــەی دەرەوەی بەتونـــدی داخســـت , ئـــیتر هـــەموومان دووبـــارە وەكـــو هـــەموو ڕۆژانێكـــی تـــری بەختـــەوەری توانیمـــان كۆببینـــەوە لەســـەر ســـفرەكەمان بەڕوویـــەكی پـــڕ لـــە بەختەوەریەوە,هەرچـــەندە ئێمـــە وەكـــو زۆربـــەی خـــەڵك مێـــزی نـــان

خوارد نمـــان نـــەبوو تـــاوەکو لەســـەری دابنیشـــین نـــانی لەســـەر بخـــۆین تـــەنیا لەســـەر ســـەر زەوی نا نمـــان دەخـــوارد کـــە هەنـــدێ لـــە هـــاورێ دواکـــەوتووەکانی قووتـا بخانـــەم گاڵتـــەیان بـــەمن دەکـــرد بـــەهۆی ئەوەی کە گوایە ئێمـــە نـــان لەســـەر زەوی دەخـــۆین بـــەڵام هـــیچ کاتێـــك گوێم بۆ قســـەی پـــووچ ڕانـــەدەگرت چـــوونکە بـــە دانیشـــتن لەســـەر مێـــزی نان خـــواردن نـابیتـــە کەسێکی ڕۆشـنبیر ئەوانـــە تـــەنیا قســـەی پـــووچ و بێ مانا بوون کە لەلایەن کەسە هیچەکانەوە دەکرا.

لـــەنزیك بوونـــەوە دابـــووین لـــە ســـاڵێکی نـــوێی ڕەش دا بـــەڵام هـــیچ کەســـێك نەیـــدەزانی کـــە ئـــەم ســـاڵ دەبێتـــە ســـاڵێکی ڕەش بۆمـــان ئەگـــەریش بمانزانیبایـــە هـــیچ ســـوودێکی نـــەبوو بۆمـــان, ئـــیتر هـــەموو خـــەڵکی ناوچـــەی حەلـــەب و هـــەموو جیهـــان لـــە چـــاوەڕوانی ســـاڵێکی نـــوێ دا بـــوون , ئێمـــەش هاوشـــێوەی هـــەموو خـــەڵکی لـــە چـــاوەڕوانی ساڵێکی نـــوێ دا بـــووین بـــەڵام بـــۆ مـــن جیـــاوازتر بـــوو, چـــوونکە جگـــە لەوەی دەڕۆینە نێو ســـاڵێکی نـــوێ , منـــیش لەیـــەك ڕۆژی ســـاڵی تـــازەوە پـــێ دەخەمـــە نێـــو تەمـــەنێکی نوێـــوە , واتـــە بـــە چـــوونە نـــاو ســـاڵێکی نوێـــوە منـــیش دەچـــمەناو تەمـــەنێکی تـــرەوە کـــە دەبم بـــە هەژدەســـاڵان بەڵام هەموو جارێـــك خۆزگـــە دەخـــوازم کـــە پـــێم نەخســـتبایە نـــاو ئـــەو تەمەنە ڕەشەی کە تەواوی ڕێڕەوی ژیانی منی گۆڕی.

ئیتر بـــەم شـــێوەیە ئامادەکاریـــەکانی نێـــو مـــاڵی ئێمـــە جیـــاوازتر بـــوو, دایکـــم بـــە دەســـتە کابانیەکـــەی کێـــك و شـــیرنەمەنیە زۆر خۆشـــەکانی بۆمـــان درووســـت کـــرد , باوکیشـــم ئـــەو ڕۆژە زوو لـــە دووکانەکـــەی

هاتــەوە و ڕۆیشــت پێداویســتیەکانی ڕۆژی لــەدایکبوونی بــۆمن کــڕی ,
بەڵام کەچــی بــۆ میرالــی هــاوڕێم ســاڵی نــوێ بــووە ســاڵێکی پــڕ لــە
ناخۆشــی و ڕەشــتر بــۆی لەگــەڵ زینــدە بەچــاڵکردنی تــەواوی
ئاواتــەکانی چــوونکە ئــەویان لــە تەمــەنێکی بچــووکەوە , خســتە نێــو
ژیانی هاوســەرگیری ,میرالــی هــاوڕێم تەمــەنی ئەوکاتــە تــەنها شــازدە
ســاڵان بــوو , ئــەو هێشــتا زۆر بچــووك بــوو بــۆ پێــك هێنــانی ژیــانی
هاوســەرگیری, میرالــی هــاوڕێم خــاوەنی چــەندین خــەون و ئــاواتی زۆر
گەورە بوو بۆ داهــاتووی خــۆی , بــەڵام بــاوك و دوو بــرا ستەمکارەکەی
هەموو ئاوەتەکانی ئەویان کووشــت, ئــیتر بــۆ کۆتــا شــەو هــات بــۆ لای
مــن و ماڵئــاوایی لێکــردم بــەڵام ماڵئاواییــەکی پــڕ لــە گریــان و
فرمێسك ڕژێن بــوو,دوا قســەی میرالــی هــاوڕیم بــۆ مــن ئــەوە بــوو کــە
گوتی: هــاوڕێ تاقانەکــەم زیــلان گیــان مــن ئــەم شــەو بــۆ کۆتــا جــار
هەناســەیەك هەڵدەمــژم لــە حەلــەب , بــەیانی دەڕۆم بــۆ شــوێنێکی
زۆر دوور کــە ئــیتر جــارێکی تــر نــاتوانم بتبینمــەوە , زیلانــی هــاوڕێم
مــن جــارێ پێوســتم بــە درووســتکردنی خێــزان نیــە , هــەروەها یەکــەم
جارمــە کــە ئــەو کــوڕە دەبینــم, دەڵــێن کــوڕێکی زۆر خرا پــە پێشــتر
تــاوانێکی ئــە نجام داوە, کەچــی دەیانــەوێ ئێســتا ژنــی بــۆ بهێــنن ,
ئەو ژنەش منم, کە بــەو منداڵیــەوە ژیــانی منیــان شێواند, ئێســتا مــن
چــی بکــەم زیلانــی هــاوڕێم, بەڕاســتی منــیش لــە تــاو قســە ئــازار
بەخشەکانی دا نــەم دەزانــی چــی پــێ بڵــێم, بۆیــە تــەنها لــە باوەشــم
گــرت و پــێم وت :خــوا ئاگــەدارت بێــت هــاوڕێ ئەزیزەکــەم, خۆزگــە
شــتێکم بەدەســت بهاتبایــە بــۆ ئــەوەی یارمــەتیت بــدەم , بــەڵام هــیچ

شتێکم پێ ناکرێـت بۆیـه بم بەخشـه هـاورێ تاقانەکەم,بـەبیرم دێـت کە ئەویش دوا قسەی خۆی بۆمن کـردوو وتـی: تـەنها تـۆ ئاسـوودە بـە و لەگەڵ سـەرجەم ئاواتـەکان و خەونـەکانت بـۆ خـۆت بـژی , ئـیترمن هیچ شتێکم لە تۆ نـاوێ (زیلانـی) هـاورێم, ئـەوە دوایـن قسـەی بـوو بۆ من و ئیتر ئەو گەڕایەوە بۆ مـاڵ بـە چـاوە پـڕ لـە فرمێسـکاویەکەی منیش زۆر دڵگران بـووم بـۆ میرالـی هـاوڕێم بەڕاسـتی ئـەوە دەسـتپێکی رەش تـرین رووداو بـوو بۆمـان کـە کچـێکی بچـووکیان بـە زینـدوویی زیندەبەچاڵ کرد.ئەو شـەوە تـەنها کاتـژمێرێك مـابوو بـۆ چـوونە نێـو سـاڵێکی نـوێ و لەگـەڵ چـوونە نێـو تەمـەنێکی نوێوەمـەوە بەهـەموو شـێوازێك ئامادەکاریـەکا نمان کـرد و لەگـەڵ مۆمـەکانی تەمەنیشـم ئامـەدەکرد و هـەر لەگـەڵ لێـدانی زەنگـی کاتژمێرەکـە و چـوونە نێـو سـاڵی تـازەدا منـیش مۆمـەکانی تەمـەنی خـۆم کووژانـدەوە, لەگـەڵ کووژانـەوەی مۆمـەکانی تەمـەنم ئـاواتێکم بـۆ خـۆم خواسـت , کـە لـە داهـاتوودا ببمـە شـێوەکارێکی سـەرکەوتوو وە هـەروەها داوام کـرد کـە هـەردەم خێزانەکـەمان لـە بەختـەوەری دابێـت ئـیتر بـەم شـێوەیە مـن بوومـە کچـێکی هـەژدە سـاڵان و سـاڵی تـازەش بـووە (2011) بـەڵام هـەموو ئـەو ئاواتانـەی کـە خواسـتم هـەموو پێچـەوانە بـوو هیچـیان وەکو خـۆی بـەدی نـەدەهات خۆزگـە هـیچ ئـاواتێکم نەخواسـتبایە ئـەو شەوە بۆخۆم.

دووبـــارە هەســـتانەوەم لەخـــەودا لـــە بەیانیـــەکی زوودا بـــەڵام ئەمجارەیان لەیەکـەم ڕۆژی سـاڵێکی نوێـدا بـوو ئـەو هەسـتانەوەیەم, لەگـەڵ ئەوەشـدا پە نجـەرەی ژوورەکـەم کـردەوە تەماشـای ئاسمـانم

دەکــــرد  بینـــــیم باڵنـــــدەکان لەســــەر دارەکــــان بـــەکزی بۆخۆیـــــان دانیشــتوونە  وەکــو ئــەوە وابێــت کــە باڵنــدەکان هەســتیان کــردوە کــە ئــەم ســـاڵ ســـاڵێکی مەترســیدار دەبێــت بۆیـــان نــەك بــۆ باڵنــدەکان بــەڵکو بــۆ مرۆڤــەکانیش دوو ئەوەنــدەی تــر نــاخۆش تربــوو  بــەڵام ئێمە هــیچ کاتێــك هەســتمان پــێ نــەدەکر هــەتاوەکو  ئــەو ڕۆژەی رووی دا , بۆیە منیش قەلــەم و کاغــەزێکم هێنــا و وێنــە ئــەو دوو باڵندەیــەم کێشــا کــە لەســـەر داری بەرامبـــەر ماڵەکـــەمان بـــە کـــزی بۆخۆیـــان ڕاوەستابوون.

ئەو بەیانیە کە یەکەم ڕۆژی ساڵی تــازە بــوو مــن لــە نێــو دڵــی خۆمــەوە گوتم:  خــۆ تــەنها ژمارەیــەك لــە بــەروارەکانی ڕۆژ گــۆڕاوە, خــۆ هــیچ شتێکی تر نــەگۆڕاوە هــەموو شــتێك لــەجێگای خۆیــەتی,ئیتر  ئــەو ڕۆژە قوتا بخانــەمان نــەبوو پشــوو بــوو بۆمــان ,بۆیــە لەگــەڵ براکــەم چـــووینە نـــاو بـــازار بـــۆ خۆمـــان پیاســـەیەکمان کـــردو,وە هەنـــدێك پێداویســـتیمان بـــۆ ماڵـــەوە کـــڕی,  کەچـــی بینـــیم هـــەموو شـــتێك لـــە جێگـــای  خۆیـــەتی هـــیچ گۆڕانێـــك ڕووی نەداوە,بەتاییـــەتی  ســـەیری ئەو  پیاوە هەژارەکــەم دەکــرد کــە بەبــەردەوامی لــەناو بــازاڕ کــەوتبوو , کەچـــی ئێســـتاش لەیەکـــەم رۆژی ســـاڵی تـــازەدا  هـــەر لـــە هـــەمان شوێنی خــۆی دا بــوو وە هــیچ گــۆڕانێکی لــە ژیــانی دا نــەکرابوو  منــیش زۆر تووشـــی سەڕســـورمان بـــووم, جـــارێکی تـــر لـــەدڵی خۆمـــەوە وتم: باشـــە ئێمـــە بۆچـــی تـــەنها یـــادی ژمارەیـــەك دەکەینـــەوە, بـــا بـــۆ جارێکیش یادێك بۆ  ویــژدانی خۆمــان بکەینــەوە, بــۆ ئــەوەی یارمــەتی ئــەم جــۆرە کەســانە بدەین,چــوونکە  ئــەوە بــۆ ئێمــە دەبێتــە ســاڵێکی

نــویٚ بەڕاســتی  بەشــێکی زۆر مــرۆڤ هەیــە کــە زۆر بەلامــەوە نــامۆن چوونکە وا دەزانــن ئــەم دونیایــە بۆخۆیــان دەبێــت هــەتا هەتایــە هــیچ کاتێك بــەجێی نــاهێڵن کەچــی نــازانن هــەر ڕۆژێــك دێــت لــەناکاو بــە چاوتروکانێك هــەموو شــتەکانیان کــە بەدەســتیان هێنــاوەو دڵیــان پــیٚ خۆش بووە لەم ژیانە هــەمووی بــەجیٚ دەهــێلن بۆیــە  پــێش ئــەوەی ئــەو شتە زۆرانەی کە هەیانە لــە پارەو مــاڵ دا بــەبیٚ نــازی بــەجێی نــەهێڵن ,واباشــترە دابەشــی بکــەن بەســەر کەســانی هــەژار و کــەم دەرامــەت هەتاوەکو ئەوانیش دڵیان خۆش بێت لەم ژیانەدا .

جگــە لــەوەش زۆر بــیری میرالــی هاوڕیشــم دەکــرد  دڵــم زۆر لــەلای بــوو ئــاخۆ ئــەو کچــە دەبێــت چــی بکــات ئێســتادا لــەو تەنیایــەدا لەگــەڵ پیاوێکی گەورە کە بۆتە هاوسەری ژیانی .

پــاش ئــەوەی کــە ئــەو ڕۆژە هەنــدیٚ پێداویســتیمان کــڕی بــۆ ماڵــەوە راســتەوخۆ گەڕاینــەوە بــۆ ماڵــەوە , باوکیشــم نەڕۆیشــتبوو بــۆ ســەر کارەکــەی ,  لــە ماڵــەوە دانیشــتبوو  بــەڵام ئێمــەی هــەرزوو کــۆکردەوە وتــی : ئــەمڕۆ ئــەڕۆین بــۆ چێشــتخانە نــانێکی دەرەوە دەخــۆین لەهــەمان کاتیشــدا پیاســەیەکی خێــزانیش دەکــەین,  مــن و براکــەم بەوقســەی باوکمــان زۆر دڵخــۆش بــووین چــوونکە ماوەیــەکی زۆربــوو دەرچــوونی خێزانیمــان ئــە نجام نــەداوە ,چــوونکە بــاوکم بەبــەردەوامی لەکاردا بوو ناو بــەناو بەشــەوانیش ئەگــەر کارێــك یــان شــتێك  بوایــە ئەو دەیکرد بیٚ ئەوەی گویٚ بــدات بــە تەندرووســتی خــۆی , بــەڵام ئــەو هێزەی باوك کە هــەیبوو کەسێکی گــەورەی لە پشــت بــوو کــە بــەردەوام

دەستی گرتبوو کـە نەیدەهێشـت بکـەوێت ئـەویش دایکـە جوانکیلەکـەم بــوو بـــەردەوام پشـــتی بـــاوکمی گرتبـــوو لـــە هـــەموو بارودۆخـــە سەختەکانی ژیان دا ...

پاش ئـەوەی کـە لـە چێشـتخانە خـواردنێکی خۆشمـان خـوارد, بـەڵام نەدەگەیشـتە ئـەو خواردنـە خۆشـانەی دایکـم کـە لەماڵـەوە بۆمـانی ئامـادەی دەکـرد, بـەڵام بەهـەر حـاڵ خواردنەکـەمان خـوارد, لـەوێوە بە پێ کەوتینـە ڕێ بـۆ خۆمـان بـە پیاسـەکردن بـۆ ماڵەوە,هەرچـەندە بەهۆی ئەو داراییە کەمـەوە کەدەسـتی بـاوکم دەکـەوت نـەمان تـوانی ئۆتـۆمبیلێکی بچـووکیش پێـی بکـڕین, بـەڵام باوکیشـم بـە ئـاواتی ئەوەبوو کە ئۆتۆمبێلێکی بچووك بکڕێـت بۆمـان بـۆ ئـەوەی بمـان باتـە شـــوێنی جـــوانتر, بـــەڵام هـــەرگیز نـــەبوونی ئۆتۆمبێـــل خێزانـــە ســـادەکەی ئێمـــەی نیگـــەران نـــەکردبوو,یاخود هـــیچ کاتێـــك پێـــوەی دڵتەنگ نـەدەبووین, کـاتێکیش مـن و براکـەم دەچـووینە قووتابخانـە هاوڕێکـانی قووتابخانـەم بـینی زۆربـەیان بـە ئۆتۆمبیـل لـە پـێش دەرگای قوتابخانە دەهاتنـە خـوارەوە, ئێمـەش بـە پێیـەکانی خۆمـان گەیشتینە قوتابخانەکـەمان یـاخود لـەکاتی بـاران بـارین دا زۆربـەی جارەکانمـان بـە جلێکـی تەڕاوییـەوە دەهاتینـەوە بـۆ ماڵـەوە, بـەڵام هـیچ کاتێـك ئـەم ڕووداوانـە کاریگـەری لەسـەر دەروونـی مـن یـاخود براکـەم درووسـت نـەکردوە, بـەڵکو کاتێـك کـە بـاران بـاریوە ئێمـە بـــەدەم ڕێگـــاوە بـــە پێکەنینـــەوە بـــەرەو قوتابخانەکـــەمان

بەڕێکەوتووینــە وە یــاخود هاتووینەتــەوە بــۆ ماڵــەوە بــە جلێکــی تەڕاویــەوە هــەروەها دڵیشــمان زۆر خــۆش بــووە هــیچ کــاتێکیش دڵتــەنگ نەبووینــە مــن و براکــەم بــەو شــتانەی کەبەســەر ســەرماندا هــاتبوو, بــەڵام ڕۆژێکیــان کەلــە ماڵــەوە بــەرەو قوتا بخانــە بــەڕێ کــەوتم, بــارانێکی زۆر دەبــاری ئــەو ڕۆژە براکــەم لــە ماڵــەوە بــوو نەدەڕۆیشــت بــۆ قووتا بخانــە, مــن خــۆم بەتــەنیا دەڕۆیشــتم بــۆ قوتا بخانــە کــە ئــەو کــات تەمــەنم پــازدە ســاڵ بــوو ڕۆژێکــی زۆر ناخۆش بوو بــۆ مــن, چــوونکە لــە کــاتی ڕاکــردنم بــۆ قووتا بخانــەو, خۆ ڕزگــارکردن لــەو بارانــە زۆرەدا کەچــی بەربوومــەوە نــاو جۆگەیــەکی پــڕ لــە ئــاو قــوراو دا, هــەتاوەکو بڵێــی جلــەکانم و دەســتەکانم زۆر پیس بــوون, بــەڵام هــەرگیز نەگەڕامــەوە بــۆ ماڵــەوە بــەڵکو بــەردەوام بــووم لــە ڕۆیشــتن بــۆ قووتا بخانەکــەم , بــەڵام هاوڕێکــانم زۆر گاڵتــەیان پێکــردم, منــیش هــیچ خــۆم تێــك نــەداو ئــەو ڕۆژەی قووتا بخانـــەم زۆر بـــە شـــێوەیەکی ئاســـایی تـــوانیم بـــەڕێی بکەم,هەرچـــەندەش کـــە بەڕێوبـــەری قووتا بخانەکـــەمان مـــنی بانگهێشــت کــردو وتــی: زیــلان کچــم تــۆ ئــەمڕۆ مۆڵــەتی بــڕۆرەوە بــۆ ماڵەوە خۆت خاوێن بکــەوە, منــیش وتم هــیچ کێشــەیەکم نیــە جــەنابی بەڕێوبەر من وانەکانم لــە دەســتی خــۆم نــادەم, چــوونکە ئەمــە تــەنیا جلێکە بە ئاوێك خاوێنی دەکەمــەوە لــە ماڵــەوە, بــەڵام کــە وانــەکانم لــێ بــڕوات هــــەرگیز نــــاتوانم جــــارێکی تــــر بیگەڕێنمــــەوە, بەڕێوبەرەکەشمان وتــی: خــۆت باشــتر دەزانــی کچــم منــیش تــوانیم ئــەو ڕۆژە وانەکانی خــۆم بــەبێ کێشــە بــەڕێ بکــەم هەرچــەندە گاڵتەیــەکی

زۆرم پێکرا لەلایەن هاوڕێکانمەوە,بەتایبەتی کچێکی هاوپۆلمان هەبوو خۆی زۆر بەگەورە دەزانی لەسەر زۆربەی هاوڕێکانیدا, کە پێی وتم: بۆ باوکە هەژارەکەت ئۆتۆمبیلێکتان بۆ ناکڕێت ئەی داماوەکان, منیش وتم: باوکم پیاوێکی زۆر ماندووە بەڕۆژ وشەو کاردەکات ئەو داهاتەی دەستی دەکەوێت تەنها بەشی بژێوی ژیانی خۆمان دەکات ناتوانین شتێکی تری پێ بکڕین, ئێمەش خۆ ئارەزوومان هەیە کە ئۆتۆمبێلێکمان هەبێت, بەڵام هەرگیزیش بێ هیوا نەبووینە لە نەبوونی ئۆتۆمبیل یاخود هەر شتێکی تردا, بەم شێوەیە کچە خۆ بەگەورە زانەکە هیچی بۆ نەدەوترا و شوێنەکەی بەجێ هێشت, بەڕاستی من کەسی خۆ بەگەورە زانم خۆش ناوێت, چوونکە ئێمە هەمووممان یەك مرۆڤین, نابێت تەنها بە ئۆتۆمبیلێك یاخود بە پارە بە ماڵێك , مرۆڤەکان لێك جوودا بکرێنەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوی تریان خۆی بسە پێنێت بەسەر یەکێکی تر بۆیە من ئەو جۆرە کەسانە بە مرۆڤ دایان نانێم,ئیتر بەو شێوەیە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و دایکم جلەکانی بۆمن بە دەستە خامەکانی خاوێن کردەوە , منیش چوومە ژوورەکەی خۆم و پێداویستیە سادەکانی وێنەکێشانم هێناو وێنەی کچێکم کرد کە دەکەوێتەوە نێو گۆمێکی ئاوەوە کە ئەو کچەش من بووم ( زیلان ).

ئەمە ژیانی ڕۆژانەی من بوو کە بەشێوەیەکی زۆر سادە بەڕێم دەکرد لەگەڵ براکەم و دایکم و باوکم, بەڵام هەرهەنگاوێکی بۆمن پڕ بوون لە یادەوەری جوان کە هەرگیز ئەو ڕۆژانەم ناگەڕێتەوە.

ئەم خۆشیەی ژیانمان کە ئێمە هەمان بوو بەڵام هەتا کۆتایی ژیانمان بەردەوام نەبوو,هەرچەندە من لەیەکەم رۆژی ساڵی نوێوە لە دڵی خۆمەوە گوتم : هیچ گۆڕانێك ڕووی نەداوە لەژیان, بەڵام قسەکەم پێچەوانە بوو خۆزگەم قسەی لەو جۆرەم نەکردبایە,چوونکە پاش دوو مانگ لەساڵی نوێدا ژیانی ئێمەو تەواوی ناوچەکە بەشێوەیەکی زۆر جیاواز گۆڕا کە خۆشم هیچ کاتێك هەستی پێ ناکەم کە ئێمە ژیانمان گۆڕاوە, بەڵام بەهەر حاڵ ڕووداوەکە بینەقاقای ئێمەی گرت کە ناویان لێ نابوو (بەهاری عەرەبی) بەهۆی ئەوەی لە وەرزی بەهاردا شۆرشەکە دەستی پێ کرد, ئەو شۆرشەی کە لە وڵاتەکەی ئێمە و چەندین شوێنی دیکە ڕوویدا,لەبنەڕەتدا شۆرشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بوو , بەڵام بۆ دواجار ئێمەی هەژار بووینە سووتەمەنی ئەو شۆرشە لەگەڵ ئەوەشدا نە بەساڵێك یاخود بە دووساڵ کۆتایی نەهات بەڵکو زیاتر بەرەو قووڵ بوونەوە دەڕۆیشت و ڕووداوی کارەسات بارتری بەدوای خۆیدا هێنا , کە منداڵ بووم رۆژێکیان باوکم هەندێ شتی بۆمن باسکرد کە ئێستا هەموویم بەیاد دێتەوە باسی ئەوەی دەکرد بۆم کە هەر لەسەرەتای درووست بوونی ئەم گۆی زەویەدا کە مرۆڤەکان تێدا نیشتەجێ بوونە بەردەوام هەوڵی لەناوبردنی خۆیان داوە هیچ کاتێك نەیان توانیوە بە ئارامی لەگەڵ یەکتردا بحەسێنەوە, بەتایبەتیش کەسە فەرمانڕەواکان کە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئامادەن ئەم گۆی زەویە سەراو ژێر بکەن بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتەکانیان,ئەو قسەی باوکیشم زۆر

راست بــوو چــوونکە بەدرێــژایی مێــژووی مرۆڤــەکان بــەردەوام لەجــەنگ و ململانێ و داگیرکردنی خاکی یەکتر بوونە.

ئەو ڕووداوە بــارودۆخی ژیــانی هــەموو خــەڵکی گــۆڕی ئــارامی و پشــێوی لــە ناوچــەکەدا بڵــابوو هــەتا دەهــات بارودۆخەکــە بــەرەو نــا ئــارامی دەڕۆیشــت گرانیــو برسـیەتی ڕووی لەئێمــە کــرد, ئێمــەش هاوشــێوەی هــەموو خـــەڵك ژیا نمـــان و بـــارودۆخی داراییمـــان بـــەرەو خرا پـــی دەڕۆیشـــت بـــاوکم کارەکـــەی خـــۆی لەدەســـت دا , هـــەروەها خـــاوەنی ماڵەکـــەمان مۆڵـــەتی دوو ڕۆژی پێمـــان دا کـــە دەبێـــت خانووەکـــەی بـــۆ چۆڵ بکەین یاخود بڕێکی پــارەی زۆری پــێ بــدەین, بۆیــە ئێمــە ناچــار بــووین کــە ســەرجەم کــەل و پەلــەکانی نێــو ماڵەکــەمان بفرۆشــین لەگەڵ بڕێك پــارەی پاشــەکەوت کراومــان هــەبوو کــە ئــەو پارەیــەمان دانــابوو بــۆ کــڕینی ئۆتــۆمبیلێکی بچــووك هــەتاوەکو بــۆ خۆمــان گەشــتی پــێ بکــەین بــەڵام تــەواوی خەونــەکا نمان گــۆڕا, بــاوکم زۆر پـــەرۆش و نیگـــەران بـــوو لـــەناکاو بڕیـــاری دا وتـــی : ئەمشـــەو هەمووتـــان خۆتـــان کـــۆ بکەنـــەوەو بـــەیانی زوو دەڕۆیـــن بـــەرەو دیمەشـق بــۆ مــاڵی مامــە دانیالتــان چــوونکە هــیچ ڕێگــا چــارەیەکی ترمــان لە پێش دا نیە لە ئێستادا بۆیــە دەبێــت بــڕۆین بــۆ دیمەشق ئــەتوانین لــەوێ بــۆ ماوەیــەك ئیدانــە بکــەین , منــیش مامــە دانیــال ســاڵانێکی زۆرە نەم بینیوە ئــەو کەسێکی ســەڵت بــوو بۆخــۆی بــە تــەنیا دەژیــا , پێشــتر مــامم لــە ســووپا پلەیــەکی باڵــای هــەبوو بــەڵام ئێســتا خانەنشــین بــووە, ئــیتر ئێمــەش ناچــار بــووین کــە بــڕۆین بــەرەو لای مامـمــان کــە لــەوێ بــژین لەگــەڵ ئەوەشــدا هــەر لــەوێ مــن و براکــەم

درێــژە بــە خوێندنەکــەمان دەدا منــیش هەرلــەوێوە ئــیتر دەســتم بــە خوێنــدنی زانکــۆ کــرد لــە کۆلیــژی هونــەرە جوانــەکان , بەشــی شیوەکاری وەرگیرام, کە ئـەوەش خـەونی چـەندین سـاڵەی مـن بـوو کـە لـەم بەشــە بخــوێنم بتــوانم درێــژە بەهونەرەکــەم بــدەم , تــەنیا هونەرەکــەم تــوانی بەشــێك لــە ناخۆشــیەکانی ژیــانم کــەم بکاتەوە,لەهەمانکاتیشــدا مامیشــم گــەورەترین دیــاری بــۆمنی کــڕی بەبۆنــەی دەســپێکردنم بــە خوێنــدنم لەبەشــی شــێوەکاری, دیاریەکــەی مــامم زۆر جــوان و نــاوازەبوو کــە ســاڵانێکی زۆر بــە ئاواتیــەوە بــووم کــە ئــەویش ســەرجەم پێداویســتیە گرانبــەهاکانی وێنەکێشان بوو کـە ئـیتر تـوانیم بەشـێوەی زۆر جـوان دەسـت بکـەم بـە کێشانی وێنەی زۆر جـوان و سـەرنج ڕاکـێش لەگەڵیشـیدا لـە بەشـەکەی خــۆم دا بــەردەوام ســەرکەوتنم بەدەســت دەهێنــا وە هــەروەها مامۆستاکان منیـان زۆر خـۆش دەویسـت کـە پێیـان گـوتم : تـۆ کچـێکی زۆر لێهاتوویــت , منــیش بەبــەردەوامی وێنــەی زۆر ســەرنج ڕاکێشــم دەکرد بە تاییـەتی وێنـەو ئـەو جـەنگ و ئاڵۆزیـەی وڵاتەکـەم دەکێشـا کە ڕووبـەڕووی بۆتەوە,هـەموو رۆژێـك ئـاواتم دەخواسـت کـە جـەنگ و ئـاڵۆزی لـە وڵاتەکـەم کۆتـایی بێـت و ئـیتر بۆخۆمـان بـە ئاسـوودەیی جــارێکی تــر ژیــان بــەڕێ بکەینــەوە , بــەڵام بە پێچــەوانەوە رۆژ بەدوای رۆژ بەرەو خراپ بوون دەڕۆیشت دۆخی وڵاتەکەم.

ڕۆژێکیــان هــەمووومان دانیشــتبووین بــە دیــار تەلەفزیۆنــەوە راســتەوخۆ مــامم شــتێکی گێرایــەوە کــە گــوتی : ســەرم ســوڕماوە بەدەســتی ئــەم ســتەمکارانە کــە وا لــەم نەتەوەیــە دەکــەن نــازانم

بۆچـی نـاهێڵن بۆخۆیـان دەوڵـەتێك درووسـت بكـەن هـەتاوەكو تێـدا بحەسێنەوە ,بەڕاستی جێگـای داخـە كـە ئـەم نەتـەوە گەورەیـە زیـاتر لـە سـەدەیەكە كراوەتـە سـووتەمەنی لـە ژێـر دەسـتی ئـەم وڵاتـە زلهێزانـەوە, كەچـی هـەتاوەكو ئێسـتاش خـاوەنی خـاكێكی سـەربەخۆ نـین لەسـەرووی هەمووشـتێكەوە خاكەكـەیانیش دابەشـكراوە بـۆ سـەر چوار پارچەی لێك دابڕاو.

منیش بە مـامم بـە گـوت: مامـە تـۆ لەگـەڵ كوردەكـانی دراوسێمانتە؟ بەڵێ كچی خۆم كوردەكـان ئـەو نەتـەوە ئـازاو قارەمانـەن كـە زیـاتر لەسـەدەیەكە خـەباتی خۆیـان دەكـەن لـە پێنـاو ئـازادكردنی خاكەكـەیان و یەكگرتنـەوەی خاكەكـەیان كـە سـاڵانێكی زۆرە دابـەش كراوە بۆ چـوار پارچـە لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام بەچـەندین ڕۆڵـەی قارەمانیـان لـێ دەكوژرێـت و دەچـێتە ژێـر ئـەم خاكـە بـەڵام ئەوانـە بـەو ئاواتـەوە دەچـنە ژێـر خاكەكـەیان كـە ڕۆژێـك بێـت سـەر خاكەكەیان ئـازاد بكرێـت لـە ژێـر دەسـتی داگیركـەران و بتـوانن وەكـو هـەموو گـەلێكی تـر بۆخۆیـان ببنـە خـاوەن دەوڵـەتێكی سـەربەخۆ لەسەر ئەم گۆی زەویەدا.

من لـەكاتی خۆیـدا لـە قووتابخانـە زۆرتـرین هـاوڕێی كـوردم هـەبوو كـە خۆشەویسـترین هـاوڕێی مـن بـوون چـوونكە زۆر سـادەو نـاخ پـاك بـوون بـەڵام بەداخـەوە كـە وا خاكەكـەیان داگیركـراوە .لەگـەڵ ئەوەشدا دایكـی مـن ئـافرەتێكی كـورد بـوو خـەڵكی ناوچـەی حەسـەكە بوو هەربۆیـە ئێسـتا مـن بەشـێكی خـوێنم كوردبـوونی تێدایـە , ئـەم

ڕووداوەی ناوچـــەکەی ئێمـــە هـــەموو پرســـەکانی لـــەخۆ کـــۆکردەوە بەتاییـەتی ئـەو پرسـانەی کـە تاییـەت بـوون بەگـەلی کـوردەوە کـە چـەندین سـاڵە هـەوڵی درووسـکردنی دەوڵـەتێك دەدەن , ئـیتر ئـەم ڕووداوەو چـەندین ڕووداوی دیکـە کـە سـاڵ بـە سـاڵ لـە گـەرمتر دەبـوو ئەو جەنگەی ناوچەکەمان دا .

ڕۆژێکیان لە بەشـەکەمان تیمێکـی بیـانی سـەردانی بەشـەکەمانی کـرد بـە مەبەسـتی بینـینی جـوانترین وێنـەکان , ئـیتر سـەیری وێنـەکانی منیان کردو زۆر بەلایەنەوە سـەرنج ڕاکـێش بـوو , لـە نێـوان خۆیـان دا بـە زمـانی بیـانی قسـەیان دەکـرد مـن زۆر لێیـان تێنەدەگەیشـتم بـە هەرحاڵ بۆ بەیانیەکـەی سـەرۆکی بەشـەکەمان مـنی بـانگی ژوورەکـەی خـۆی کـردو پێـی گـوتم : پـیرۆزە زیـلان تیمەکـە وێنـەکانی تۆیـان بـەدڵ بـووە هەربۆیـە بڕیاریـان داوە کـە تـۆ لەگـەڵ خێزانەکەتـدا بـڕۆن بـۆ کەنـەدا لـەوێ درێـژە بـە خوێنـدنی شـێوەکاریەکەت بـدەیت لەگـەڵ ئەوەشـدا هیـوای سـەرکەوتنت بـۆ دەخـوازم زیـلان گیـان تـۆ شایەنی هەموو سەرکەوتنێکیت تۆ کچێکی زۆر بوێریت .

منیش لە خۆشی ئـەم هەواڵـەدا نـەم دەزانـی چـی بـە بەڕێوبەرەکـەمان بڵـێم ڕاسـتەوخۆ بـە پێکەنینـەوە چـوومە دەرەوە لـە ژووری بەڕێوبەرەکـەم و بـەڕاکردن بـەرەو ماڵـەوە ڕام کـرد بـۆ ئـەوەی ئـەم هەواڵـە خۆشـە بـە خێزانەکـەم ڕابگەیـەنم , بـەڵام ئـیتر هەرئـەوەم زانی کـە خـۆم لـە نەخۆشـخانە بینیـوە بـەهۆی ئـەوەی لـە ئـە نجامی ئـەو ڕاکردنـەم تووشـی ڕووداوی هاتووچـۆ ببـووم هـەردوو قاچـەکانم

تووشی شکان هــاتبوون, پزیشــکەکان بــەمنیان گــوت: دەبێــت بۆمــاوەی دوو مانگ تــۆ لــەژێر چــاودێری دا بیــت , بۆیــە منــیش داوام لــە دایکــم کــرد کــە دەفتــەرو قەلــەمێکم بــۆ بێنێــت بــۆ ئــەوەی بتــوانم ئــەو دوومانگــە بەنووســینی یادەوەریــەکانی ئــەو ڕۆژانــە بــەڕێ بکــەم,ئیتر ئەم شــەو کۆتــا شــەومە لــەم نەخۆشــخانەیە لەهــەمان کاتیشــدا کۆتــا شــەوم دەبێــت لــە دیمەشــق , چــوونکە بەیانیەکــەی زوو ســوریا بــەجێ دەهــێڵین بــەرەو بەغــداد دەڕۆیــن , بــاوکم لــەوێ کۆمــەڵێك بــرادەری هەیە کــە ئــیتر هەوڵــدەدەین لــەوێ جــارێکی تــر دەســت بکەینــەوە بــە ژیانێکی نوێتر, هەرچــەندە ئــەو شــوێنەی کــە ئێمــە بــۆی دەڕۆیــن هــیچ جیاوازیەکی نیە لەگــەڵ وڵاتەکــەی خۆمــان, بــەڵام ئــیتر ناچــارین کــە ئەوێ تاکــە شــوێنمانە بــۆ ئێســتامان دا , ئــیتر هــەتاوەکو ئــەو ڕۆژەی ژیانی ئاسایی دەگەڕێتەوە بــۆ وڵاتەکــەی خۆمــان و کۆتــایی بــە هــەموو جەنگێك دێت و ئێمەش دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆمان.

## کچە پاشا و کوڕە گالیسکەکە

لە دێر زەمانەوە پاشـایەکی گـەورە هـەبوو ,کـە خـەڵکی زۆر خۆشـیان دەویسـت چـوونکە ئـەم پاشـایە پاشـایەکی ڕاسـتگۆ و داد پـەروەر بـوو بـۆ هـەموو خەڵکەکـەی خـۆی, کـە تـوانی ژیـانی هـەموو خـەڵکی خۆشـگوزەران بکـات بـە بـێ ئـەوەی هـیچ جیاوازیـەك لـەنێوان خەڵکەکـەی خـۆی دا بکـات ،وەهـەروەها بـەهۆی ڕاسـتگۆی و داد پەروەری پاشـا بـۆ تـەواوی خەڵکەکـەی ئەمـەش وای کردبـوو پاشـا لەنێو خـەڵکی زۆر خۆشەویسـت بێـت کەبەشـێکی خـەڵکی ئامـادە بـوون لـە پێناو پاشـا گیـانی خۆیـان بکـەن بـە قوربـانی ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی کـە پاشـا بـەردەوام کەسـێکی دەسـت کـراوە و پـاك بـوو بـۆ وڵاتەکەی و هـیچ کاتێـك خیانـەتی نـەدەکرد لـەو پە یمانـەی کـە بـە هاوڵاتیەکانی خـۆی دابـوو, بـەڵام پاشـا نیگـەران بـوو کـە بـەردەوام دەیگوت : لە پاش من دەبێـت کـێ شـوێنم بگرێتـەوە کـە لەسـەر هـەمان ئـەو ڕێچـکەیەی مـن بـەردەوام بێـت بـەلام پاشـا لـە دڵـی خۆیـەوە دەیگـوت ڕۆژێـك هـەردەبێت کەسـێك لـەمن باشـتر هەڵبکـەوێت بـۆ خزمەتی تەواوی خەڵکەکەم .

پاشـا کچـێکی جـوان و تـاقانـەی هـەبوو , کـە بـەردەوام پاشـا بـیری دەکـردەوە لـەوەی ئـاخۆ دەبێـت کچـەکەی چ جـۆرە کوڕێـك بێتـە نێـو ژیانیـەوە , بـۆ ئـەوەی ژیـانێکی جـوان و ئـارامی بـۆ دابـین بکات,بەڵام ڕۆژێکیان کـوڕی پاشـایەکی گـەورەی وڵـاتێکی دیکـە دێتـە داوای کچـی ئـەم پاشـایە, ڕاسـتەوخۆ کچـی پاشـا ڕەتـی دەکاتـەوە

ژیانی هاوسەرگیری لەگـەڵ ئـەم کـوڕە پاشـایە پێـك بهێنێـت, کچـەی پاشا بەدەنگە ناسکەکەیەوە بـە کـوڕە پاشـاکە دەڵێـت: مـن تـۆم خـۆش ناوێت چـوونکە تـۆ کەسـێکی خـۆ بەگـەورە زانیـت وە هـەروەها دەزانم کە تۆش منـت خـۆش ناوێـت تـەنها لەبـەر ئـەوە دەتـەوێت لەگـەڵم هاوسەرگیری بکـەی چـوونکە مـن کچـی پاشـام بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـای منەوە تۆ بتوانیت بـە ئاما نجـەکانی خـۆت بگـەی ,ئـیتر لـە پاش ئـەو قسانەی کچە پاشـاوە, کـوڕە پاشـا هـیچ قسـەیك ناکـات و ملـی خـۆی شۆر دەکات و دەیەوێت بـۆ کۆتـا جـار دەسـتە جـوان و نەرمـەکانی کچـە پاشا مـاچ بکـات و بەزمانـە لوسـەکەی هەوڵـدەدات کچـە پاشـا فریـو بدات بۆ ئەوەی ڕازی بێت کـە هاوسـەرگیری لەگـەڵ بکـات, بـەڵام کچـە پاشـا کچـێکی زۆرزان و تێگەیشـتووە راسـتەوخۆ بـە کـورە پاشـاکە دەڵێت: لـێم نزیـك نەبیتـەوە ,داوات لـێ دەکـەم کـە هـەر ئێسـتا ئـەم کۆشـکە بـە جـێ بهێڵـە ئەگـەرنا بـانگی پاسـەوانەکان دەکـەم بەشـێوەیەکی زۆر ناشـرین فرێـت بدەنـە دەرەوەی کۆشـك , ئـەم قسـەیەی کچـە پاشـا ئازایەتیـەکی زۆری دەویسـت , کـە بەقسـەی ڕەق تـوانی وەڵـامی کـوڕی پاشـای وڵـاتێکی تـر بداتـەوە, کـە ئەگـەری هـەبوو لەسـەر ئـەم قسـانەی کچـە پاشـا جـەنگ هەڵگیسـرابایە لـەنێوان هـەردوو پاشـای وڵـات , بـەڵام هـەرزوو کـوڕە پاشـا هەسـتی بەخۆی کرد کە چ جـۆرە درۆزنێکـی فێڵبـازە ئـیتر ملـی خـۆی شـۆڕکردوو بە شەرمەزاریەوە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

پاشـا بـەو هەڵسـوکەوتەی کچـەکەی زۆر نیگـەران دەبێـت و پێـی دەڵێـت: کچـە تـاقانەکـەی خـۆم تـۆ بۆچـی ئـەو کـوڕەت ڕەت کـردەوە,

ئـەوە کـوڕی پاشـای وڵـاتێکی گەورەیـە, ئـەو تـۆی زۆر خـۆش دەوێـت تۆ بۆچـی ئـەوەت شـەرمەزار کـرد کچـە تـاقـانەکـەم. کچـە تـاقـانەکـەی پاشا بە باوکی خۆی دەڵێت: باوکـە ئـەو کـورە لـە نـاخی دڵیـەوە مـنی خۆش ناوێـت , تـەنها خۆشەویسـتیەکەی بـۆ مـن لـە کاتـە خۆشـەکانە بـەڵام هـەرکاتێك ناخۆشـیەك ڕووبـەڕووم ببێتـەوە ئـەو مـن فـڕێ دەداتـە کووچـێکەوە , هـەرکاتێکیش بگاتـە ئاما نجەکـەی خـۆی ئـیتر من هـیچ بایـەخێکم لای ئـەو نامێنێـت , باوکـە گیـان, ئـەی پاشـاکەی مـن, مـن ئـەو جـۆرە کوڕانـەم خـۆش دەوێـت کـە خـاوەنی دڵێکـی پـڕ لەخۆشەویســتی و ســادەیی دابێــت , هەربۆیــە باوکــە گیــان مــن چاوەڕێی کوڕێك لەو جۆرە دەکەم کە بێتە نێو ژیا نمەوەو .

پاشاش بە کچە تـاقـانەکەی خـۆی دەڵێـت: کچـە تـاقـانەکـەی خـۆم تـۆ باشتر لە ژیانی خۆت دەزانی , ئـیتر ئەمـە ژیـانی خۆتـە نـەك ژیـانی من بۆیە تـۆ سەربەسـتی لـە هەڵبـژاردنی ژیـانی خۆتـدا, بـەڵام کچـم لە هەمان کاتـدا منـیش بـاوکم تاکـە ئـاواتی مـن ئەوەیـە کـە پـێش مردنم کچە جوانەکیلەکـەی خـۆم ببیـنم بـە دڵخۆشـیەوە ,چـوونکە تـۆ ئەمانەتی, دایکە جوانەکەتی بۆ مـن دایکـت شـاژنەکەی مـن بـوو , مـن بەڵێنم پـێ دابـوو کـە زۆر بـەجوانی ئاگـەداری تـۆ بم هـەتاوەکو ئـەو ڕۆژەی تۆ دەچیتە لانکەی بەختەوەریتەوە.

ڕۆژێکیـان کچـی پاشـا بڕیـار دەدات لـە کۆشـکە گەورەکـەی بڕواتـە دەرەوە , بـۆ نێـو خـەڵکی تـاوەکو بزانێـت لـە دەرەوەی کۆشـك ژیـان چـۆن دەگوزەرێـت, لەهـەمان کاتیشـدا دوو پاسـەوانیش لەگـەڵ کچـە

پاشـا دەبـن بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـە ژیـانی دا بکـەن, بـەڵام کچـە پاشا پێویسـتی بـە پاسـەوان نابێـت چـوونکە لـە لای هـەموو خـەڵك پاشـا و کچـە تـاقانەکـەی زۆر خۆشەویسـت بـوون هەربۆیـە خەڵکەکـە خۆیان بوون بە پاسـەوانی کچـە جوانەکـەی پاشـا ,کچـە پاشا بـەنێو بازاردا پیاسە دەکات و سـەیری ئـەم هـەموو خەڵکـە دەکـات کـە ژیـانی ڕۆژانـەیان زۆر بـە ئاسـایی بەڕێدەکـەن, کچـە پاشـاش لـە نێـو دڵـی خۆیـەوە دەڵێـت: خۆزگـە منـیش وەکـو ئـەم هەمووخەڵکـە بومایـە بـۆ خۆم ژیانێکی ئاسـاییم هەبوایـە نـەك لـەنێو کۆشـکێکی گـەورەدا ژیـان بەڕێ بکـەم کـە هـیچ خۆشـیەك لـەنێو کۆشـکە گەورەکـەم نابینم,کچـە پاشا لـەنێو بازاڕەکـەدا چـاوی بـە گالیسـکەیەکی سـوور دەکـەوێت کـە کۆمـەڵێك گـوڵی جـوان و جۆراوجـۆری لەسـەرە,ئیتر خـۆی لـە گالیسـکەکە نزیـك دەکاتـەوە ,سـەیردەکات کـوڕێکی قـژ درێـژ لـە پشـتەوەی گالیسـکەکە بـۆ خـۆی دانیشـتووە , خـەریکی ڕێکخسـتنی کۆمـەڵێك گـوڵی سـوورە, کچـە پاشـاش بـانگی کـوڕە گالیسـکەکە دەکـات راسـتەوخۆ کـوڕە گالیسـکەکە سـەری بڵنـد دەکـات و چـاوی دەکەوێتە نێـو چـاوی کچـێکی چـاو سـەوزەوە ,هـەروەها کچـە پاشـاش بـە بینـینی کـوڕە گالیسـکە بزەیـەك بـەنێو جەسـتەی دا تـاهـات , کاتێك چاوی دەکەوێتـە نێـو چـاوە ڕەشـەکانی کـوڕە گالیسکەکە,کچـە پاشـا بـە چـاوە سـەوزەکەیەوە دەڕوانێتـە نێـو چـاوە ڕەشـەکانی کـوڕە گالیسـکەکەدا هـەروەها نیگـای خۆشەویسـتیەکەیان لـە چاوەکانیانەوە دەست پێ دەکات .

کــوڕە گالیســکە تووشــی ســەر ســوڕمان دەبێــت و دەڵێــت: ئەمــە خەونــە یاخود ڕاستیە ئایا تۆ کچە جوانەکەی پاشای؟

کچە پاشاش وەڵامی کــوڕەی گایسـکەی دایــەوەو پێــی گــوت: بــەڵی مــن کچە پاشام, ئەم گالیسکەیە هی تۆیە؟

کــوڕە گالیســکەکەش دەڵێــت: بــەڵی کچــە جوانەکــەی پاشــا ئــەم گالیسـکەیە هــی منــە, ئەگــەر ئــارەزوو دەکــەن بــا پیاســەیەك پێتــان بکــەم وە لەگــەڵ گــوڵێکی جــوانی ڕەنــگ ســووری سروشــتان پێشــکەش بکــەم , تــەواوی ئــەم گوڵانــە بەدەســتی خــۆم ئامــادەم کــردوە بۆیــە ئێوە شایەنی گــوڵێکی جــوانن , هەرچــەندە ئــەم گوڵانــەش لــە ئاســتی تــۆدا نیــە ئــەی کچــە پاشــا چــوونکە ئێــوە خۆتــان پاشــای هــەموو گوڵەکانی نێو سرووشتن .

کچــە پاشــاش کــەمێك بــە قســەیەی کــوڕە گالیســکەکە دەکەوێتــە دڵــەڕاوکێوە , بــەڵام بــۆ دواجــار کچــە پاشــا بڕیــاری خــۆی دەدات کــە لەگــەڵ کــوڕە گالیســکەکەدا ســەر بکــەوێت ,لەگــەڵ ئەوەشــدا کــوڕە گالیسکەکە دەستەیەك لە گــوڵی ســووری جــوانی بــۆن خۆشــی پێشــکەش بــە کچــی پاشــا کردو,لەهــەمان کاتیشــدا دانەیــەك لــە گوڵــە ســوورەکانی بــە پرچــەکانی کچــە پاشــاوە دانــا, کــە ئــەوەش وەکــو ڕەمــزی خۆشەویســتی کــورە گالیسـکەکە بــوو بــۆ کچــەی پاشــا, کچــە پاشــا بــە پاسەوانەکانیشــی دەڵێــت: ئێــوە بــڕۆن لــە نێــو بازاڕەکــەدا بۆ خۆتــان کــەمێك بگەڕێن,لە پاشــان مــن خــۆم دەگەڕێمــەوە بــۆ کۆشــك هەربۆیەئیتر پێویست ناکات چاوەڕێی من بکەن,

کـوڕە گالیسـکە چـاو ڕەشـەکە دەسـتی خـۆی درێـژ دەکـات بـۆ کچـە جوانەکـەی پاشـا بـۆ ئـەوەی بیخاتـە سـەر گالیسـکەکەی , کچـە پاشـاش دەسـتە جـوان ونەرمەکـەی خـۆی پێشـکەش بـە کـوڕە گالیسکەکە دەکـات بـۆ ئـەوەی بیخاتـە سـەر گالیسـکەی خەونـەکانی, چـوونکە کچـە پاشـا لـە نێـو دڵـی خۆیـەوە ئـەم گالیسـکەیەی بـە گالیسـکەی خەونـەکانی خـۆی دەزانـی , ئـیتر هـەردووکیان سـواری گالیسـکە سـوورەکە بـوون وە کـوڕە گالیسـکەکە بـە دوو قامچـیەکەی دەسـتی لـە ئەسـپەکانی گالیسـکەکەی وەشـاندو گـوتی: خێـرا بـڕۆن بـەرەو نێـو دارسـتانی خەونـەکانم بـا لـەوێوە خەونـەکانم ببێتـە ڕاستیەکی بـاوەڕ پـێ نـەکراو, ئـیتر ئەسپەکان بـە خێراییـەکی زۆرەوە کەوتنە جوڵـەوە بـەرەو نێـو دارسـتانی خەونـەکان هـەنگاویان دەنـا, بـەڵام لـەکاتی خێرایـی ئەسـپەکان بـەرەو نێـو دارسـتانی خەونـەکان ,گالیسـکەکە کـۆنترۆلی خـۆی لەدەسـت دەدات و لـە ئە نجامـدا کچـە جوانەکـەی پاشـا لەسـەر گالیسـکەکە دەکەوێتـە خـوارەوە و قاچـە جـوان و نەرمـەکانی کچـە پاشـا برینـدار دەبێـت و خـوێنێکی زۆری لـێ دێت,بـەڵام ڕاسـتەوخۆ کـوڕە گالیسـکەکە گالیسـکەکە دەوەسـتێنێت و خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە بـۆ ئـەوەی بـەرەو فریـای کچـە پاشـا بـڕوات , کاتێـك بـەرەولای دەڕوات دەبینێـت خـوێنێکی زۆر لـە قاچـە جـوان وسپیەکەی کچـە پاشـا دەچـۆڕێت , هـەرزوو کـوڕە گالیسـکەکە جلەکـەی بەری خۆی بە قاچـە بریندارەکـەی کچـە پاشـا دەیبەسـتێتەوە تـاوەکو خوێنەکـــەی بوەســـتێتەوە, لـــە کـــاتی بەســـتانەوەی قاچـــە بریندارەکەیـدا, کچـە پاشـا بـە نیگـاوە سـەیری کـوڕە گالیسـکەکە

دەكات ,هەروەها هـەوڵی  دەدا دەسـتی خـۆی بـۆ سـەر شـانە ڕووتەكـەی كـوڕە گالیسـكەكە ببـات , بـەڵام ڕاسـتەوخۆ كـوڕە گالیسـكەكە سـەری خۆی بڵند دەكـات و  بـە چـاوە ڕەشـەكانیەوە نیگـای خـۆی بـەنێو چـاوە سـەوزەكەی كچـەی پاشـا دەئاڵێنێـت,ئیتر لـەو نیگایـەوە زەنگـی ئیمپڕاتۆریـەتی خۆشەویسـتی كچـە  پاشـا و كـوڕە گالیسـكەكە دەسـتی پێك كرد.

كـوڕە گالیسـكەكە بـە كچـە تاقانەكـەی پاشـا دەڵێـت: ئـەی كچـە جوانەكـەی پاشـا ئـەی خواوەنـدی جوانیـەكان تـۆ وەكـو مـانگ و ئەسـتێرەكان ڕووخسـارتان دەدرەوشـێتەوە هـەر لەیەكـەم نیگـای تـۆدا كە چـاوەكانم كەوتـە نێـو چـاوەكانتەوە , دەرگـای خۆشەویسـتی دڵـم كرایەوە بـۆ تـۆ, بۆیـە داوات لێـت دەكـەم ئـەی خواوەنـدی جوانیـەكان تـۆ بێیتـە نێـو ئـەو دڵەمـەوە وە لـە گـەڵ خۆتـدا دەرگـای خۆشەویسـتیەكەی دڵـم كلیلـی خۆشەویسـتی خـۆتی لێبـدەی بـۆم , بـۆ ئەوەی  هیچ كاتێك ئەو دەرگایە نەكرێتەوە.

كچە پاشـا بـە قسـە جـوان و خۆشـەكانی كـوڕە گالیسـكەكە  چـاوەكانی وەكـو مـانگ دەدرەوشـایەوە لـە كۆتـایی دا كچە پاشـا گـوتی:من لەیەكـەم نیگـاوە  هـەر كـە تـۆم بـینی و چـاوەكانم كەوتـە نێـو چاوەكانتەوە من كەوتمە نێـو دیلـی خۆشەویسـتی تـۆوە وە ئـەو كاتـەی كە دەستەكانی منت گـرت و  منـت خسـتە سـەر گالیسـكەكەوە , ئـیتر بـۆ مـن ئـەم گالیسـكەیە بـووە گالیسـكەی خەونـەكانم كەسـاڵانێكی زۆر چاوەڕێی كەسێكی وەكـو تـۆم دەكـرد كـە دەسـتم بگرێـت و بمباتـە نـاو

دونیای خۆشەویستی خۆیەوە,تکایە ئەی کوڕە گالیسکەکە وەرە نێو ئەم خەونەی منەوە بە ئاگام بێنەوە بە توندی لە باوەشم دا بگرە, تەنها بوونی من لەگەڵ تۆدایە هەناسە و ترپەکانی دڵم هەمووی هی تۆیە بۆیە ئەم خۆشەویستیە من بۆ تۆ بەبێ نازی بە جێ نەهێڵیتەوە.

لەکۆتایی دا کوڕە گالیسکەکە باوەشێکی توندی بۆ خۆشەویستە تاقانەکەی دەکاتەوەو , ماچێکی لێوە جوانەکانی کچە پاشا دەکات پێی دەڵێت:ئەی خۆشەویستەکەم من تەنیا ئەوکاتە تۆ بەجێ دەهێڵم کە ئیتر ترپەکانی دڵم لە کار دەکەون و بەچاوتروکانێك وەکو باڵندەیەکی سپی بەرەو ئاسمان دەفڕم.

کچە پاشا شپرزەیی بەسەر ڕووخسارەکانی دا دێت و لەناکاو بە کوڕەی گالیسکەی خۆشەویستی دەڵێت : خۆشەویستەکەم هەر زوو بە گالیسکەکەت بمبەوە بۆ کۆشکەکەم, چوونکە زۆر دواکەوتم دەبێت هەرئێستا بگەڕێمەوە بۆ کۆشك ئەگەرنا باوکم تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت لە دواکەوتنی من, ئیتر کوڕە گالیسکەکە بە گالیسکەی خەونەکانی کچە پاشا بەرەو کۆشکەکەی دەبات لە پاشان کوڕە گالیسکەکەش دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەو دارستانەی کە بڕیاری درووسکردنی ئیمپڕاتۆریەتی خۆشەویستی لەگەل کچە جوان و تاقانەکەی پاشای دەستپێکرد ئیتر کوڕەی گالیسکە بۆ خۆی لە سووچێکی دارستانەکەوە دادەنیشێت و فرمێسکەکانی وەکو دڵۆپی باران لەنێو چاوەکانی دا دەڕژێنە سەر زەوی,وە هەروەها

لەگــەڵ دڵــۆپی فرمێســکەکانی نێــو چــاویەوە بــە خــۆی دەڵێــت : مــن کــێم؟ تــاوەکو بڕیــاری درووســکردنی ئیمپڕاتۆریــەتی خۆشەویســتی بــدەم لەگــەڵ کچــە جوانەکــەی پاشــا مــن تــەنیا کــوڕە گالیسـکەیەکی هــەژاری جــل دڕاوم کــە تــەنیا شــەوان لــە ژوورێکــی تــاریکی بچــکۆڵەدا خــەوم لــێ دەکــەوێت کەچــی دەمــەوێ خــۆم بکــەم بــە هاوســەری کچــە جوانەکەی پاشا.

بــەڵام کــوڕەی گالیســکە چــۆکی بــۆ خۆشەویســتیەکەی نــادات و بــە کالیسـکەکەی دەکەوێتــە ڕێ و بــەرەو کۆشــکی پاشــا هــەنگاو دەنێــت و هــەتاوەکو هــەموو ڕاســتیەکان بــە پاشــای گــەورە بڵێــت, کــوڕەی گالیســکە بــە گالیســکەکەیەوە لــە پــێش دەرگــای کۆشــکی پاشــا دەوەســتێت و ئەســپەکانی گالیســکەکەی دەنگیــان هەڵــدەبرن و ڕاســتەوخۆ کچە پاشــاش لــە کۆتــا قــاتی کۆشــکەوە هەســت بــە بــوونی خۆشەویســتەکەی دەکــات کــە ئــیتر لێــی نزیــك دەبێتــەوە, کــوڕەی گالیسکە دڵــە ڕاوکێیــەکی لــە ڕادەبــەدەری بــۆ درووســت دەبێــت, بــەڵام هیچ کاتێـك پەشـیمانی بـۆی درووسـت نابێـت کـە لـەو خۆشەویسـتیەی بــۆ کچــەی پاشــا هەیــەتی, کــوڕەی گالیســکە لــە نــاخی خۆیــەوە هەناســەیەکی ســارد دەداتــەوە و دەڵێــت: چــۆن لەســەرەتا مــن دڵــە شـێتەکەی خـۆم کـردەوە بـۆ ئـەم خۆشەوسـتیە , ئێسـتاش بـێ منـەتم لەوەی کـە لـە نێـو ئـەم کۆشـکەدا پـەتی سـێدارەم لـە مـل بکرێـت لـە پێنــاو خۆشەویســتیەکەم بــۆ کچــی پاشــا,کوڕەی گالیســکە هــەنگاو بــە هــەنگاو نزیــك دەبێتــەوە لــە دەرگــا گەورەکــەی کۆشــك, کاتێــك کــە نزیــك دەبێتــەوە لــە دەرگــای کۆشــك دەبینێــت لــە پــێش دەرگــای

کۆشـــکەکە دوو پاســـەوانی تایبـــەت لـــە پـــێش دەرگاکـــە ڕاوەســـتاون ,کــوڕە گالیســکەکە لێیــان نزیــك دەبێتـــەوە و پاســـەوانەکانی پــێش دەرگاکـــەش خۆیـــان لـــە کـــوڕەی گالیســـکە نزیـــك دەکەنـــەوە و پـــێ دەڵێن :بــەخێربێت چــۆن دەتــوانین یارمــەتیت بــدەین؟ کــوڕەی گالیســکە بــە پاســـەوانەکان دەڵێــت: مــن دەمــەوێت چــاوم بــە پاشــا بکــەوێت بــۆ ئەوەی هەندێ قسەی نێــو نــاخی دڵــی خــۆمی پــێ بڵــێم چــوونکە نــاخم ئــازارێکی زۆری تێدایــە هەربۆیــە دەبێــت ئــەمڕۆ ئــەم ئــازارە کۆتــایی پێ بێت.

پاســـەوانەکانیش بـــە زەردەخەنـــەوە دەڵـــێن: پاشـــا هـــەموو کاتێـــك لـــە خزمـــەتی خەڵکەکـــەی خـــۆی دایـــە , هەروەها پاشـــامان زۆر خۆشـــحاڵ دەبێت کە تــۆ قســەکانی نێــو دڵــی خــۆتی پــێ بڵێیــت,ئیتر یــەکێك لــە پاسەوانەکان بەرەو کۆشــك دەڕوات و هــەواڵ دەگەیــەنێت بــە پاشــا کــە کەسـێك هــاتووە دەیــەوێت قســەکانی نێــو دڵــی خــۆی بە پاشــا بڵێــت, کاتێك پاشا گوێبیســتی ئــەم هەواڵــە دەبێتــەوە کــە کەسـێك دەیــەوێت قسەی نێو دڵــی خــۆی بــە پاشــاکەی ڕابگەیــەنێت , پاشــا توشــی ســەر لێشــێواوی دەبێــت و ڕاســتەوخۆ خــۆی بــەرەو دەرگــای کۆشــك دەڕوات و پێشوازی لــە کــوڕەی گالیســکە دەکات,کاتێــك کــوڕە گالیسکەکە چــاوی بە پاشا دەکەوێت تەواوی جەستەی تووشی لەرزین دەبێت.

پاشـــا بـــە کـــوڕەی گالیســـکە دەڵێت:بـــەخێربێت گـــە نجی قـــۆز بـــۆ ئـــەم کۆشــکە فــەرموو هــەنگاو بــنێ بــەرەو نێــو کۆشــکەکە ,ئــەم کۆشــکە هــەموو کاتێــك بــۆ خەڵکەکــەم کراوەتــەوە ,چــوونکە مــن ئــەو کاتــە

هەست بە دڵ خۆشی دەکەم کە خەڵکەکەم بێن و داوایەکانی خۆیان بەمن ڕابگەیەنن, بوونی پاشایەتی من تەنیا بەهۆی ئێوەیە, ئەگەر ئێوەش منتان بە دڵ نەبێت ئیتر من بۆ یەك چرکەساتیش لە نێو ئەم کۆشکە گەورەیە نازیم یاخود هەست بکەم خەڵکەکەم لە دەرەوەی کۆشك شەوان لە ئازاری برسێتیەوە سەردەنێنەوە من چۆن لێرەوە لە نێو ئەم کۆشکە گەورە زەبەلاحەدا ئاسوودە بم.

کوڕەی گالیسکە بە قسەکانی پاشا زۆر دڵخۆش دەبێت و خەندە بەسەر ڕووخساری دا هەڵدەکەوێت و بەڵام لەلایەکی ترەوە کوڕەی گالیسکە لە ناخی خۆیەوە غەمباریەك بۆی درووست دەبێت کە چۆن بە پاشا بڵێت , کوڕەی گالیسکە بەرەو ژوورە شاهانەکەی پاشا بەڕێ دەکەوێت و پێشوازیەکی زۆر گەرمی لێ دەکەن و لەسەر تەختێکی ئاڵتوونی تایبەت لە ژوورەکەی پاشا دادەنیشێت لەگەڵ چەندین خواردنی جۆراو جۆری لە پێش دادەنێن.

پاشا بە کوڕەی گالیسکە دەڵێت: چیت لە نێو ناخت دایە یاخود هەرشتێکت دەوێ بە بێ هیچ جۆرە ترسێك پێمی بڵی بۆ ئەوەی من یارمەتیت بدەم, چوونکە من پاشام ئەرکیشم خزمەت کردنی ئێوەیە هەرکاتێك من خەڵکەکەی خۆم ببینم دڵیان خۆشە ,ئەوکات من هەست بە ئارامی خۆم دەکەم, بۆیە من وەکو پاشایەك تکات لێ دەکەم کە ئێستا هەرچیەکت هەیە بە پاشاکەی خۆتی بڵێ , کوڕەی گالیسکە بە قسەکانی پاشا تووشی شپرزەیی دەبێت و,وە لە

ئـــه نجامی شـــپرزەیەکەی دا کـــوڕەی گالیســـکه ناچـــار دەبێـــت کـــه ئـــیتر دەست بکات به قسەکانی نێو دڵی خۆی بۆ پاشا.

کوڕەی گالیسکه به پاشـا دەڵێـت: ئـەی پاشـاکەم ، ئـەی پاشـا هـەموو هـەژاران تـــۆ خێـــرو بەرەکـــەتی بـــۆ هـــەموو هـــەژاران، هەربۆیـــه مـــن ئەمڕۆم لێرەم بۆ ئەوەی شتێکت پـێ بڵـێم کـه هیـوادارم دڵـه گەورەکـەی ئێوەی پـێ ئـازار نەکێشـێت، بـەڵام ئەگـەر دڵتـانی بـه ئـازار گەیانـد ئێوە ڕاستەخۆ من له پـەتی سـێدارە بـدەن، چـوونکه مـن نامـەوێت کـه تۆ دڵت به قسەکانی من ئازار بکێشێت.

پاشـا بـه کـوڕەی گالیسـکه دەڵێـت: هـیچ کاتێـك دڵـم بـه هـیچ قسەیەکی خەڵکەکەی خۆم ناشکێت بەڵکو دڵم پێی خۆش دەبێت.

کوڕەی گالیسکه: پاشـا مـن خۆشەویسـتی دڵـم کراوەتـەوە بـۆ کچـەکەی ئێـوە هـەر چـرکەیەك بـەبێ خۆشەویسـتی ئـەو مردنێکـه بۆمن، بۆیـه تکـات لـێ دەکـەم هـەر تـۆ دەتـوانی ئـەم دەرگایـەی دڵـم چارەسـەر بکـەیت، چـوونکه هـەموو چـرکەیەك مـن ئـازار دەکێشـم بۆیـه لێـت دەپاڕێمه که تۆ بەم گەورەیی خۆتـەوە کۆتـایی بـەم ئـازارەی نێـو دڵـم بهێنیت.

پاشا: ئەی کوڕی جوان گوێم بـۆ بگـرە ئـازاری خۆشەویسـتی ئـەو کاتـه کۆتـــایی پـــێ دێـــت کـــه دوو خۆشەویســـتی چـــاوەڕوان کـــراو بەیـــەك دەگــــەن و هێلانــــەی خۆشەویســــتیەکەیان لەســــەر بنەمایــــەکی خۆشەویســـتی ڕاســـتەقینه پێکـــدەهێنن، ئـــیتر ئەوکاتـــه ئازارەکـــەیان

وەکــو ســەهۆڵێك دەتوێتــەوە, چــوونکە منــیش ئەوکاتــەی کــە لــە تەمەنی تۆدا بووم ئــازاری خۆشەویســتی لــە نێــو دڵــم دا هەڵگیســرابوو بــەڵام پــاش ئــەوەی کــە ئــیتر بەیــەك گەیشــتین , ئازارەکــەم بــەرەو کۆتایی هات بەڵام پاش چــەندین ســاڵ لــە نێــو ئــەو هێلانــە جوانــەدا کــە پڕبــوو لەخۆشەویســتی هــەردووکمان بــۆ یــەکتر, بــەڵام لــە کۆتــایی دا خۆشەویســتەکەم ماڵئــاوایی لێکــردم بــۆ هــەتا هــەتایی مــنی بــەجێ هێشــت, هەربۆیــە منــیش لــە چــاوەڕوانی ئــەو ڕۆژەدام کــە ماڵئــاوایی لــەم ژیانــەدا بکــەم, بــۆ ئــەوەی منــیش بگەڕێمــەوە بــۆ لای خۆشەویستە تــاقانەکــەی خــۆم کــە ســاڵانێکی زۆرە مــنی لــەم کۆشــکەدا بەتەنیایی بــەجێ هێشــتووە, بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا تــاکــە شــتم بــۆ مابێتــەوە لــە لایــەن خۆشەویســتەکەمەوە, ئــەویش تــەنیا کچــە تــاقانەکەمە کە ئەو هەموو شــتێکی منــە لــەم ژیانــەدا , هەناســەی مــن تەنیا لە پێناو کچە تــاقانەکــەم دایــە, هەربۆیــە منــیش ســاڵانێك لــە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەدا بــووم کــە کــوڕێکی ئاشــق بــە شــێوەیەکی شــێتانە کچــەکەی مــنی خۆشــبوێت و بتوانێــت لانکەیــەکی بەختــەوەری بــۆ کچــە تــاقانەکەم درووست بکات.

پاشــا بــانگی کچــە جوانکیلەکــەی دەکــات و پێــی دەڵێــت: تــاقانەکــەم ئەوە گالیسکەی خەونەکــەت هــاتووە تــاوەکو تــۆ لەگــەڵ خــۆی ببــات , بۆیــە دەســت لــەنێو دەســتی یــەکتر بنێــنن و خۆشەویســتیە گەورەکــەتان بنیــات بنــێن وە هــیچ کاتێــك هــەوڵی ڕووخــانی نــەدەن, چــوونکە مــرۆڤ بــە خۆشەویســتیەوە جوانــە چــوونکە گــرنگ نیــە کــە

ئێستا تۆ کێیت و کچەکەی من کێیە بەڵکو ئێوە لە کۆتایی دا دوو خۆشەویستی دڵ گەرمن.

له کۆتایی دا کوڕە گالیسکەی هەژار توانی بە خۆشەویستی کچەی پاشا بگات و ماڵێکی پڕاو پڕ لە خۆشەویستی درووست بکات, لەگەڵ ئەوەشدا پاشا بڕیاری دا گەورەترین ئاهەنگ بۆ ئەم دوو خۆشەویستە ساز بکات, هەروەها پاشا کۆتا قسەی خۆی بە کوڕەی گالیسکە دەڵێت: من تەنیا یەك کچم هەیە وە هیچ کوڕێکم نیە کە لە پاش خۆم دا تەختی پاشایەتی وەربگرێت بۆیە تۆ دەبێت لە پاش من ببیتە میراتگەری ئەم فەرمان ڕەوایەتیەی من, وە هیوام ئەوەیە کە بتوانیت بە شێوەیەکی داد پەروەرانە حوکمڕانی تەواوی گەلەکەت بکەیت چوونکە ئەمەش دەبێتە بەشێك لە خۆشەویستیەکەی نێوانتان واتە دەبێت ئێوە لە سەرەتادا یەکترتان خۆشبوێت و لە هەمانکاتیشدا خەڵکیشتان خۆشبوێت و هەرگیز دڵیان نەڕە نجێنن.

ئەم دوو خۆشەویستە توانیان بە خەونەکانیان بگەن و لەگەڵ یەکتردا درێژە بە ژیان و هێلانەی خۆشەویستیەکەیان دا بدەن , بەڵام لە پاش تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر ئەم خۆشەویستیە جوانەی نێوانیان دا , کەچی کچە پاشا گریان بە نێو چاوەکانی دا دەڕژێت بەهۆی ئەوەی کە باوکی لە ژوورەکەی خۆیدایە و چاوەڕێی چرکە ساتەکانی ڕووح کێشانی خۆی دەکات بەڵام پێش ئەوەی پاشا گیانی خۆی بسپێرێت بانگی کچە تاقانەکەی و کوڕەی

گالیسکە دەکات پێیـان دەڵێت:ئـەی دووگـە نجی ئاشـق لەیـەکتر نزیـك ببنـەوە و دەسـتان بخەنـە نێـو دەسـتی یـەکترو بـۆ ئـەوەی بـۆ دواجـار هەندێ قسەتان بۆ بکەم, گـوێم لـێ بگـرن مـن ئـەو پاشـایە بـووم کـە ساڵانێکی زۆرە فـەرمانڕەوایی هـەزاران خـەڵکم دەکـرد کەچـی ئێسـتا سـەیری بـارودۆخم بکـەن لـە کوچـێکی ئـەم کۆشـکەدا کـەوتووم و ناتوانم هەستمەوە سەرپێیەکانم, بـەڵام خـۆ مـن هـەر چـاوەڕێی ئـەم ڕۆژەم دەکـرد کـە ئـیتر بـڕۆم لـەم ژیانـەدا چـوونکە ئەمـە ڕۆژێکـە کـە دەبێت هەموو کەسێك لە ئێمە چـاوەڕێی بکـات, بۆیـە مـن بـە دڵخۆشـی و ئاسـودەیی چـاوەڕێی ڕووح کێشـانەکەی خـۆم دەکـەم بـەهۆی ئـەوەی مـن لـەماوەی پیشـەکەم کـە پاشـا بوومـە توانیومـە تـەنها خزمـەتی خەڵکەکەم بکـەم هـیچ کـاتێکیش خیانـەت و درۆم لەگـەڵ هـیچ یـەکێك لە خەڵکەکەی خـۆم نـەکردوە, بۆیـە ئێسـتا کـە لـەکاتی سـەرە مـەرگ دام زۆر ئاسوودەم و هـیچ دڵتـەنگ نـیم, بۆیـە داواتـان لـێ دەکـەم کـە لـە پـاش مـن بتـوانم ئـەو میراتگریـەی کـە لـە پـاش خـۆم بـەجێی دەهێلمەوە بۆتـان بتـوانن بـە بەشێوەیەکی داد پەروەرانـە ببـەن بـە ڕێوە , هیچ کاتێك کـارێکی نابـەجێ نەکـەن کـە ژیـانی ئـەو هـەزاران خەڵکەی لـە ژێـر دەسـتانە ژیانیـان لـێ بکـەن بـە دۆزەخ چـوونکە لـە پاشـان ناوتـان دەکەوێتـە نێـو مێـژووی ڕەشـەوە , هـیچ کـاتێکیش ویـژدانتان ئاسـوودە نابێـت هەربۆیـە داواتـان لێدەکـەم کـە لـە پاش من ببنە خزمەتکاری تەواوی خەڵك .

ئەمە کۆتـا قسـەی پاشـای بـوو بـۆ کچـەکەی و زاواکـەی کـە لەهـەمان کاتدا پاشا وەکو کوڕی خـۆی لـە قەلـەمی دەدا هەربۆیـە بـە میراتگـری

خـۆی داینـا کـه لـه پاش کۆچـی دوایـی خـۆی ڕاسـتەخۆ دەسـەڵات بگرێتە دەست بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسوودەیی وڵات تێك نەچێت.

کـوڕە گالیسـکەکە یەکـەم وێسـتگەی خـەونی ژیـانی بـریتی بـوو لـە گەیشـتن بـە دڵدارەکـەی, کەچـی لـە پاشـان گەیشـتە تـەختی پاشـایەتی کـە هـیچ کاتێـك لـە خـەونی خـۆی دا شـتی وای نەبینیبوو,بەڵام لـە کۆتـایی دا تـوانی هـەردووکیان بەدەسـت بهێنێـت و ە لەهـەمان کاتیشـدا هێلانەکـەی خـۆی لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەی زۆر بەشێوەیەکی جوان بونیـات نـابوو بـۆ ئـەوەی هـیچ کاتێـك نـەڕووخێت کـە هـەروەکو پاشـا داوای کردبـوو. وە هـەروەها تـوانی هێلانەیـەکی بەختەوەری بـۆ خەلکەکەیشـی درووسـت بکـات لـە پـاش کۆچـی دوایـی پاشا.

ئـیتر لـە پاش کۆچـی دوایـی پاشـاوە نـاوی کـوڕەی گالیسـکە گـۆڕا بـۆ پاشـا وە نـاوی کچـە پاشـاش بـوو بـە شـا ژن کـە ئـیتر وێسـتگەیەکی گەورە لـە ژیـانی ئـەم دوو جووتـە خۆشەویسـتە دەسـتی پێکـرد, جگـە لـەوەی کـە ئـەم دوو جووتـە خۆشەویسـتە خـەریکی لانـەی خۆشەویسـتیەکەیان بوون,کەچـی لـە هـەمان کاتیشـدا وەکـو دوو جـووتی فـەرمانڕەوا دەرکـەوتن کـە توانیـان لـە پـاش کۆچـی دوایـی پاشـای گـەورەوە هـەمان ڕێچـکەی پاشـای گـەورە بگرنـە بـەر وە بەردەوام بوون لە خۆشکردنی ژیانی خەڵکەکەیان.

ئەگـەر چـی وڵـات لـە ئاسـتێکی زۆر خوشـگوزەرانی دابـوو لـە سـایەی پاشـا و شـاژنەکەیەوە بـەڵام نـەیاران و دووژمنـان چـاویان بـەم

خۆشیە هەڵنەدەبەرد , هەربۆیە هەڵستان لە هەر چوارلاوە هێرشی ئابووری و سەربازیان کردە سەر وڵاتە ئارامەکەی پاشا و شاژن کە ئەمەش وای کرد ئەم وڵاتە ئارام و خۆشگوزەرانە بکەوێتە لێوارێکی مەترسیدار و ئاڵۆزەوە کە هەتا دەهات دووژمنەکان هێرشە جۆراوجۆرەکانیان بەردەوام بوو, بەڵام کۆڵنەدانی پاشا و شاژنەکەی بووە هۆی ئەوەی کە وڵات و جەنگاوەرەکان بەهێزتر بن و بەشێوەیەکی زۆر توند ڕووبەڕووی دووژمنەکانیان ببنەوە ,ئەگەر چی پاشا و شاژن لە نێو کۆشکێکی گەورەو زەبەلاحدا بۆخۆیان دەژیان بەڵام ئیتر پاشا و شاژن ئەو دوو خۆشەویستە جوانە بڕیاریاندا کە کۆشکەیان و سەرجەم سامانەکەیان بخەنە خزمەتی وڵات و خەڵك و جەنگاوەرەکان کە ئەمەش بووە پاڵنەرێکی بەهێز لەڕووی ئابووریەوە چوونکە ئابووری وڵات لە لێوارێکی زۆر مەترسیداردا بوو بەڵام بەهۆی ئەوەی پاشا و شاژن بەرژەوەندی گشتی پێیان گرنگتر بوو لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان, کە هەرچەندەش ئەو دوو جووتە خۆشەویستیە لەسەرەتای دروسکردنی ژیانی تایبەتی خۆیان دابوون, بەڵام سەرجەم بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و خۆشەویستیەکەیان لە پێناو خەڵك و وڵاتەکەیان خەرجکرد کە ئەمەش ئامۆژگاری پاشای گەورە بوو بۆ پاشا و شاژن کە پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات.

بەم شێوەیە وڵات زیاتر بۆ ماوەی بیست بیست و هەشت ساڵ لە جەنگ دا بوو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری خۆیدا ئەگەر چی لەماوەی ئەم چەندین ساڵەدا بە هەزاران جەنگاوەری قارەمان

کوژران بەڵام لە کۆتـــایی دا خـــوێنی جـــەنگاوەرەکان بـــە فـــیڕۆ نەچـــوو , چـــوونکە جـــارێکی تـــر وڵـــات گەڕایـــەوە بـــۆ بـــاری ئاســـایی و خۆشگوزەرانی خـــۆی و دوژمنـــانیش تـــەنیا سەرشـــۆڕیان بـــۆ مایـــەوە , لـــە کۆتـــایی دا دووبـــارە وڵـــات وەکـــو خـــۆی بنیـــاد نرایـــەوە و ســـەرجەم دامودەزگاکانی وڵات وەکـو جـاری جـاران کـار و ژیـانی ئاسـایی خـەڵك وەکو خۆی دستی پـێ کـردەوە, ئەگـەر چـی پاشـا و شـاژنیش بۆمـاوەی بیست و هەشت ساڵ ڕۆلێکـی گـەورەیان بـینی بـۆ کۆتـایی هـاتنی ئـەم جەنگـــە گەورەیـــە کـــە بـــەرۆکی وڵاتەکـــەیانی گرتبـــوو , کـــە هەرچـــەندەیش بیســـت و هەشـــت ســـاڵ تەمـــەنێکی ئێجگـــار دوورو درێــژبوو کــە لــەماوەی ئــەم چــەندین ســاڵەدا پاشــا و شــاژن هــیچ کاتێــك چــێژیان لەخۆشەویســتیەکەیان نــەبینی چــوونکە گــەورەترین خۆشەویســتی لەبــەردەمیان دابــوو کــە ئــەویش پارێزگــاریکردن لــە وڵات و خەڵکەکەیان بوو.

لەماوی ئەم چەندین ســاڵەدا تــەواوی شــتەکان گۆڕابــوون وەکــو کــەش و هــەوا دارســتانەکان و شــار و مرۆڤــەکان, هــەتاوەکو ڕووخســاری پاشــا و شاژنەکەیشــی گــۆڕانێکی گــەورە بەســەر هــاتبوو دەمووچــاوە جــوان و نەرمەکــەی شــاژن کــە بــە جــوانترین کــچ ناســرابوو , چرچــو لۆچــیەکی کــاڵی لــێ هەڵکــەوتبوو کــە بەهــەمان شــێوەش پاشــاش ئــەو گە نجــە قــۆزە هــەژارە بــوو کــە پــێش چــەندین ســاڵ دڵــی خــۆی پێشــکەش بــە شــاژنەکەی کردبــوو ,کەچــی ئێســتا پاشــاش تــەواوی ڕووخســاری گــۆڕدراوە لەگــەڵ ئەوەشــدا قــژە جــوان و درێژەکــەی بەتــەواوی هەڵوەریون, بــەڵام ئــەم هــەموو گۆڕانــە خێرایــە بەســەر پاشــا و شــاژن

هــاتبوو کەچـی کــاری نــەکردبووە ســەر خۆشەویســتیەکەیان بــەڵکو خۆشەویستیەکەیان زیاتر گەورەترو گە نجتر دەبوو .

ڕۆژێکیــان پاشــا و شــاژن بڕیــاردەدەن بــەو گالیســکەیەی کــە پــێش چــەندین ســاڵ لەمــەو پــێش خۆشەویســتیەکەیان تێــدا درووســت کــرد دووبارە پێی بگەڕێنــەوە بــۆ نێــو ئــەو دارســتانەی کــە یەکــەم دیــداری خۆشەویستیان تێدا دەســتی پێکــرد, هــەروەها پاشــا گالیسکەکەی لــە شــوێنێکی زۆر تایبــەت هــەڵگرتبوو وە دوو پاســەوانی تایبەتیشــی بۆی دانابوو کــە بــەردەوام خزمــەتی گالیسکەکە بکــەن , هەربۆیــە بــە درێــژایی ئــەو جەنگــەی وڵــات گالیســکەکەی پاشــا ســەلامەت بــوو چــوونکە ئــەو گالیســکەیە گــەورەترین بــیرەوەری پاشــایە لەگــەڵ شاژنە تاقانەکەی, ئــیتر بــە گالیسکەیانەوە دەکەونــە ڕێ بــەرەو نێــو دارســـتانەکە بـــەڵام ئـــەو دارســـتانە گـــۆڕانێکی گـــەورەی بەســـەر دا هاتبوو کــە وەکــو ئــەو ســاڵانەی ڕابــردوو نــەبوو کــە یەکــەم دیــداریان تێــدا ئــە نجام دا , بــەڵام هــەروەکو ڕۆژانــی ڕابــردوو پیاســەیەك بــەنێو دارســتانەکەدا دەکــەن و بــەڵام لــەناکاو , گوێبیســتی دەنگــی منداڵێکی بچووك دەبنــەوە کــە بــە پەڕۆیــەکی ســپی دا پۆشــراوە, پاشــا گالیســکەکە دەوەســتێنێت و دێنــە خــوارەوە بــۆ ئــەوەی بــزانن ئــەم منداڵــە بچــووکە چــی دەکــات لێــرە , کاتێــك لێــی نزیــك دەبنــەوە دەبیــنن کچــێکی جــوانی چــاو ســەوزە هــەرزوو شــاژن بــە حەســرەتەوە دەیگرێتە باوەشــی خــۆی و پێــی دەڵێــت: مــن تــۆ دەکەمــە کچــی خــۆم و بــە جــوانترین شــێوە بــەخێوت دەکــەین لەگــەڵ باوکــت, پاشــاش دڵــی خــۆش دەبێــت بــە دۆزینــەوەی ئــەم منداڵــە بچــووکە هەربۆیــە بڕیــار

**دەدەن بیکەنە منداڵی خۆیان و بە جوانترین شێوە پەروەردەی بکەن.**

2020|2|5.

## دوو هاوڕێی کۆڵنەدەر

ئادیــان و ئادیامــان دوو هــاوڕێی خۆشەویســتی یــەکتر بــوون, کــە بــە بــەردەوامی بەیەکــەوە بــوون هــیچ کــاتێکیش ئــەم دوو هاوڕێیــە لەیەکتر دانەبڕان ,بـەڵام لـە هـەمان کاتیشـدا لەیـەك شـارو لەیـەك گەڕەکدا لە دایك ببوون, بـەڵام ئادیـان هـەر لـە تەمـەنی منداڵییـەوە بــاوکی کۆچــی دوایــی دەکــات و هــیچ کاتێــك بــاوکی خــۆی نەبینیوە,بــەڵام دایکــی وای لــە ئادیــان و کچــەکەی کردبــوو کــە هەســت بــە نــەبوونی باوکیــان نەکــەن کــە ئــیتر لەهــەمان کاتــدا باوکایــەتی و دایکایــەتی بــۆ کــوڕو کچــەکەی دەکــات کــە هەڵدەســتێت بە کاری کارگوزاری لە نێو ماڵــانی خەڵکـدا بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـژێوی منداڵـەکانی دابـین بکـات, بـۆ ئـەوەی ئادیـانی کـوڕی لـە خوێنـدنـدا بــەردەوام بێــت هــە تــاوەکو داهاتوویــەك بۆخــۆی و خێزانەکــەی بدۆزێتــەوە کــە لــە هــەژاری ڕزگاریــان بکــات , خوشــکەکەی ئادیــان نــاوی (ســۆلینە) بــەڵام ئــەو زۆر نــەخۆش بــوو هــەروەها تەندرووســتیەکی زۆر خرا پــی هــەبوو کــە نــەیتوانی لەســەر هــەردوو پێیەکانی خــۆی دا بــڕوات, پێویستیشــی بــە چارەســەرێکی زۆر گــەورە هــەبوو, بــەڵام بــە هــۆی خرا پــی بــارودۆخی دارایــی خێزانەکــەیان نەیان توانی چارەسەری بکـەن بـەڵام دایکـی هـەرگیز بـێ هیـوا نـەبوو لە چارەسەری کچە تـاقـانەکەی دا.

هاوڕێکــەی ئادیــان کــەناوی( ئادیامــان ) بــوو , خێزانەکــەیان لــەڕووی دارایــی بــاش بــوون ســەرجەم پێداویســتیەکانی کوڕەکــەیان دابــین

کردبـــوو, هەرچـــەندەش دایکـــی ئادیـــانیش بـــە بـــەردەوامی بـــە رۆژو شـەوان کـاری دەکـرد بـۆ ئـەوەی کوڕەکـەی لـە قوتا بخانـەدا لـەنێو هاوڕێکانی دا لە هیچ شتێکی دا کـەم نـەبێت و هەست بـە کـەمی خـۆی نەکات لـە نێـو هاوڕیکـانی دا, ئـیتر بـەم شـێوەیە ئادیـان و ئادیامـان ڕۆژ بـە ڕۆژ هاوڕێتیەکـەیان بـەهێز دەبێـت و بـەردەوام دەبـن لـە خوێندنەکـەیان دا هـەروەها ڕووبـەروی سـەرجەم ئاسـتەنگەکان دەبنـەوە کـە دێتـە پێشـیان و لەهـەمان کاتیشـدا دەتـوانن زۆر بەئاسـانی بەسـەر هـەموو ئاسـتەنگەکانی ژیـان دا زاڵ بـبن, ڕۆژێکیـان ئادیان و ئادیامان لـە قوتا بخانـە دەگەڕێنـەوە ئادیامـان بـە ئادیـانی هـاوڕێی دەڵێـت: وەرە بـا ئـەمڕۆ لـە مـاڵی ئێمـە بیـت بـۆ خۆمـان دەخـوێنین و یـاریش دەکـەین ئادیـانیش دەڵێـت: باشـە هـاوڕێی گیـان من دێمە مـاڵی ئێـوە, کاتێـك دەڕۆنـە ماڵـەوە ئادیـان دایکـی دەبینێـت کـە کـاری پاکردنـەوە بـۆ مـاڵی هاوڕێکـەی دەکـات , ئادیـانیش ڕاسـتەوخۆ دەسـت بـە گریـان دەکـات و ماڵەکـە بـە جـێ دەهێڵێـت و دایکیشی بەڕاکردن بـەدوای دەکـەوێت و پێـی دەڵێـت: کـوڕە ئازیزەکـەم من هیچ کـارێکی هەڵـەم نـەکردووە تـاوەکو تـۆ هەسـت بـە شـەرمەزاری بکەی من تەنها لە نێو ماڵاندا کـاری پـاك کردنـەوە دەکـەم بـۆ ئـەوەی بژێوی ژیانی تۆ و خوشکە نەخۆشـەکەت پێـی دابـین بکـەم, هـەروەها کوڕەکەم گوێگرە بۆ دایکـت , مـن هیوایـەکی زۆرم پێتـە کـە تـۆ ژیـانی خوشـکە بچـووکەکەت چـاك دەکـەیت و لـەم هەژاریـەدا ئێمـە ڕزگـار دەکـەیت , ئادیـان بـەو قسـەی دایکـی زۆر کاریگـەر دەبێـت بـە گریانـەوە باوەشـێکی تونـد بـەدایکی دەکـات و دەڵێـت: دایکـە گیـان

دڵنیــات دەکەمــەوە کــە ئێمــە ڕۆژێــك دێــت ئــەم هــەموو ناخۆشــیانە تێدە پــەڕێنین  خوشکەکەشـم چــاك دەبێتــەوەو دووبــارە هەڵدەســتێتەوە ســەرپێیەکانی خــۆی و دەســت دەکــات بــە جــەنگ کــردن لەگــەڵ ئــەم ژیانەدا.

ڕۆژێکیـــان  ئادیـــان و ئادیامـــان  لـــەڕێگادان بـــۆ ئـــەوەی بـــڕۆن بـــۆ قوتابخانـــە, بـــەڵام بڕیارەکـــەیان دەگـــۆڕن و دەڕۆنـــە نـــاو دارســـتانێکەوە لـــەوێ دەســـت دەکـــەن بـــە گفتگـــۆکردن و پلانـــدانان لـــە نێـــوان خۆیانـــدا ســـەبارەت بـــە داهاتوویانـــدا , هەرچـــەندە ئادیـــان و ئادیامان جگە لەوەی  هـاوڕێ بـوون هەمیشـە وەکـو دوو بـرایش وابـوون بـۆ یـەکتری کـە هـەردووکیان هـەمان ئامانجیـان هـەبوو لـەم ژیانـەدا ئامەنجەکەیشـیان  ئـەوەبوو کـە لـە داهـاتوو دا بـە هـەر کارێـك و پیشـەیەك بێـت بتـوانن, یارمـەتی هـەژاران و  منـداڵانی بێکـەس  و نەخۆشـەکان بـدەن ,بۆیـە ڕاسـتەوخۆ دەسـتیان خسـتە نێـو دەسـتی یەکتری و بـە دەنگێکـی بـەرزەوە لـەنێو دارسـتانەکەدا هاواریـان کـرد و گوتیـان : ئێمـە سـەردەکەوین و دەگەینـە ئامانجـەکانی خۆمـان هـیچ کەسـێکیش ناتوانێـت ڕێگریمـان لـێ بکـات, بێگومـان سـەرکەوتن و گەیشتن بـە ئامانجـەکان هەوڵـدانێکی  لـە ڕادەبـەدەری دەوێـت بـەڵام ئـیتر بـەم شـێوەیە ئـەم دوو هـاوڕێ کۆڵنـەدەرە بـەردەوام بـوون لـە هەوڵدانەکانیان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکانیان,ڕۆژ بـە ڕۆژ ئـەم دوو هاوڕێیـە نزیـك بوونـە  لـە ئامانجـەکانیان  کـە ئادیـان تـوانی لـە کۆلێـژی پزیشـکی وەربگیرێـت  ئادیامـانیش لـە بەشـی یاسـا وەرگـیرا ئادیامـان بەبـەردەوامی  دەیگـوت: مـن بـە یاسـاوە پشـتیوانی لـە

هـــەژاران و ســـتەملێکراوەکان دەکـــەم و بـــەڵێن دەدەم کـــە ببمـــە پـــارێزەرێکی داد پەروەرانـــە بـــۆ خەڵکەکـــەم و لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دەبێـــت ســـتەمکاران بـــەتوندترین شـــێوە ســـزا بـــدرێن بـــۆ ئـــەوەی جـــارێکی تـــر نـــەتوانن ســـتەم لەبەرامبـــەر کەســـی هـــەژاردا بکـــەن, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دایکی ئادیان بە هاتنـــەوەی نـــاوی کوڕەکـــەی لـــە زانکـــۆ ئـــەو ڕۆژەی کـــرد بە جەژن و خۆشی شـیرینی بەسـەر دراوسـێکانی دابـەش کـرد , ئادیـان بە دایکی گوت: دایکە ئیتر تـۆ لەمـەو بـە دوادا پێویسـت ناکـات کـاری پـاك کردنـەوە بکـەی بـۆ ماڵـان مـن خـۆم دەسـت دەکـەم بـە کـارکردن ,بـەڵام دایکـی پێـی دەڵێـت: کـوڕم تـۆ زانکۆکـەت لـە پێشـە جـارێ وازبێنـە لـە کـارکردن ,بـەڵام ئادیـان بەدایکـە جوانکیلەکـەی خـۆی دەڵێـت: هـیچ کێشـەیەك نیـە دایکـە گیـان مـن هـەردووکیان دەکـەم, دایکی ئادیـان بەگریانـەوە بـاوەش بـە کوڕەکـەی دەکـات پـێ دەڵێـت: مـن شـانازیت پێـوە دەکـەم کـوڕم تـۆ بوویـت بـە پشـت و پەنایـەکی گـەورە بـۆ ئێمـە, بـەم شـێوە ئادیـان لەگـەڵ ئادیامـانی هـاوڕێی خواردنگەیـەکی بچـووك دادەنـێن , ئادیـان تـوانی بـەم خواردنگـە بچووکە داهـاتی خـۆیی و دایکـی و خوشـکە بچـووکەکەی پەیـدا بکـات, هەرچەندە دایـك و بـاوکی ئادیامـان سـەرەتا ڕێگریـان لـە کوڕەکـەیان کرد کە کار بکات چـوونکە پێیـان وت: کـوڕم تـۆ لـە هـیچ شـتێکت کـەم نیە تاوەکو بڕۆیـت کـار بکـەی ئێمـە هـەموو پێداویسـتیەکانی زانکـۆت بە زیـادەوە بـۆ دابـین دەکـەین, ئادیامـان بـە دایـك و بـاوکی دەڵێـت: من ئەو کـارە دەکـەم تـەنها بـۆ ئـەوەی لـە پشـتی هـاوڕێ تاقانەکـەی خۆم بم کە ئەویش ( ئادیانەکەمە ).

ئــەم دوو هاوڕێیــە توانیــان قۆناغــەکانی زانکــۆ بــە ســەرکەوتوویی بیڕن و لــە پــاڵ ئــەوەش توانییــان خواردنگــە بچــووکەکەیان ببــەن بــە ڕێوە کە داهــاتێکی گــرنگ بــوو بــۆ خێزانەکــەی ئادیــان, ڕۆژێکیــان دوو منداڵی بێکــەس کــە بــەلای خواردنگــە بچــووکەکەی ئادیــان و ئادیامــان تێپــەڕدەبن بــەڵام هــیچ پارەیــەکیان پــێ نــەبوو بــۆ ئــەوەی ژەمێکــی خــواردن بکــڕن بــە گریانــەوە لــە ئادیــان و ئادیامــان پاڕانــەوە کــە ژەمێکی خواردنیان پێ بدەن یــەکێك لــە منداڵــە بێکەســەکە وتــی: مــن دوو ڕۆژە بــە هــیچ شــێوەیەك تــامی هــیچ جــۆرە خــواردنێکم نــەکردووە تکایــە براکــانم یارمــەتی مــن و براکــەم بــدەن پــارووە نانێکمــان بدەنێ.

ئــەم دوو هاوڕێیــە بــە یەکــەم یارمــەتی دانــی بچــووکیان دەبێــت کــە پێشکەشــی ئــەم دوو منداڵــە بێکەســەی دەکــەن کــە زۆر هەســتیان بــە دڵخۆشی دەکرد بە یارمــەتی دانــی ئــەو دوومنداڵــە بــێ کەســە, بــەڵام ئــیتر هــەتا کۆتــایی تەمــەنیان ئــەم خواردنگــە بچــووکە نــەبوو بــە هــاوڕێی و هۆکــاری بــژێویان ,چــوونکە ئــەم دوانــە ئــیتر کۆلێــژیان تەواو کرد و ئادیــان لــە یــەکێك لــە نەخۆشــخانە تایبەتیــەکان دەســت بە کــار بــوو, هــەروەها ئادیامــانی هــاوڕێی نووســینگەیەکی تایبــەت بــە خــۆی دانــا بــۆ کــاری پــارێزەری کــە زۆربــەی کارەکــانی بــە بــێ بەرامبەر ئــە نجام دا بــۆ کەســانی هــەژار و لێقــەوماوان هــەروەها بــووە دەنگێکی ڕاســتەقینە بــۆ کەســانی ســتەملێکراو, چــوونکە ئــەوە بەشــێك بوو لە ئاواتەکانی ئادیامــان کــە پیشــەکەی ســەرەتا بخاتــە خزمــەتی خەڵکەکــەی دوایــش لەخزمــەتی خــۆی دا, ئادیامــان جگــە لــە

نووسـینگە تایبەتیەکـەی خـۆی لەلایـەن کۆمپانیەکـەوە بانگهێشـت کـرا کـە وەکـو پـارێزەر بۆیـان کـار بکـات ئەمـەش بـەهۆی ئـەو ناوبانگـە جوانـە کـە لـەلای خـەڵك پەیـدای کردبـوو بۆیـە وای لـە خـاوەن کۆمپانیاکـە کردبـوو کـە بیکاتـە پـارێزەری کۆمپانیاکـەی خـۆی, ڕۆژێکیـان ئادیامـان کەیسـێکی مەترسـیدارو هەسـتیاری دەکەوێتە ژێر دەستی کە ئەگـەری زۆر هـەبوو بـەو کەیسـە ژیـانی خـۆی کۆتـایی بێـت , کەیسـەکە بـریتی بـوو لـە دەسـتدرێژی کردنـە سـەر منـداڵێکی حـەوت سـاڵان کـە هاوکـات ئـەو کەسـەی دەسـتدرێژی کردبووە سـەری کـوڕی دەسـەڵات دارێکـی گـەورە بـوو, بـەڵام ئادیمـان هـەموو هـەوڵی خـۆی خسـتە گـەڕ وەکـو پـارێزەرێکی داد پـەروەر کـەوا تـوانی فشـار لەسـەر دادوەر درووسـت بکـات هـەتاوەکو بڕیـاری لەسـێدارەدان بـۆ تاوانبـار دەربکرێـت ,بـەڵام لـەکۆتایی تـوانی لـە هەوڵەکـەی خـۆی سـەرکەوتووبێت و تاوانبـار بەسـزای خـۆی بگـەینرێت. هەرچـەندە ئادیـانی هاوڕێشـی بـەردەوام بـوو لـە خزمـەت کـردن لـە پیشـەکەی خۆیـدا ,کـە ڕۆژێکیـان کەسێکی بەتەمـەن بـە پەلە دەهێنرێتـە ئـەو نەخۆشـخانە تایبەتـە کـە ئادیـان کـاری تێـدا دەکـات, کەسـە بـە تەمەنەکـە پێویسـتی بـە نەشـتەرگەریەکی گەورەیـە کـەبۆی ئـە نجام بـدرێت کـە تـەنها لـەم نەخۆشـخانە تایبەتـە ئـە نجام دەدریـت بـەڵام برێکـی پـارەی زۆری دەوێـت بـۆ نەشـتەرگەریەکە ,کـە لـە ئـە نجام دا دەمـەقاڵێ ڕوودەدات لـە نێـوان خێزانـی کەسـە بـە تەمەنەکـە و لەگـەڵ بەشـێك لـە کارمەنـدانی نەخۆشـخانەکە بـەڵام ڕاسـتەوخۆ ئادیـان دەگاتـە لایـان و دەڵێـت:

ئەتوانم بـزانـم ئـەم دەمـە قاڵیـە چـیە لێـرە , ڕاسـتەوخۆ کارمەنـدی بەشـی ژمێریاریەکـە دەڵێـت: دکتـۆر ئادیـان ئـەم خێزانـە پێویسـتیان بە نەشتەرگەریە بـۆ ئـەم کەسـە بەتەمەنـەیان بـەڵام ئـەو بـڕە پـارە زۆرەیـان پـێ نیـە بـۆ نەشـتەرگەریەکەیان, ئادیـانیش بـە تووڕەییـەوە بەکارمەندی ژمێریاریەکە دەڵێت: ئـەوە کـەی کێشـەیە خـۆ ئـەم شـوێنە بـۆ خزمـەتکردنی نـەخۆش و هەژارانـە نـەك بـۆ بازرگـانی کـردن پێوەیـان, ئادیـان بـە کارمەندەکـە دەڵێـت: مـن بەشـەکەی خـۆم وەر ناگرم لـەم بـەڕێزە بـۆ نەشـتەرگەریەکەی بەشـەکەی تریشـی تاییـەت بـە نەخۆشـخانەکەتان مـن بـە مووچـەکەی خـۆم پێتـانی دەدەم بۆیـە تکایە ڕاسـتەوخۆ ئـەم بـەڕێزە ڕەوانـەی ژووری نەشـتەرگەری بکـەن بـۆ ئـەوەی نەشـتەرگەریەکەی بـۆ ئـە نجام بـدەم ,خێزانـی کەسـە بەتەمەنەکـە هـەوڵ دەدات دەسـتی ئادیـان مـاچ بکـات, ئادیـان پێـی دەڵێت هەرگیز شتی وا مەکـە چـوونکە ئـەوە ئـەرکی سـەر شـانی خۆمـە, چـوونکە مـن لەمنداڵییـەوە ئامـا نجم یارمـەتی دانـی خـەڵکی هـەژار بووە جگە لەوەش خوشکێکم هەیـە کـە ڕۆژێـك هیـوای چـاك بوونـەوەی بـۆ دەخـوازم, ئـیتر ئادیـان نەشـتەرگەریەکەی بـۆ ئـە نجام داو تـوانی وەکو جـاران بگەڕێتـەوە بـۆ ژیـانی ئاسـایی خـۆی, ئـیتر بـەم شـێوەیە ئـەم دوو هاوڕێیـە توانیـان بـەردەوام بـن لـە خزمـەت کردنـەکانیان بەرامبەر بە خـەڵك و کەسـی هـەژار دا , ئادیامـان دوای چـەندین سـاڵ لە نووسـینگەکەی خۆیـدا وە لەکۆمپانیاکـەش کـە وەکـو پـارێزەر کـاری دەکرد , بەڵام بـۆ دواجـار مـاڵ ئـاوایی لـە هـەردووکیان کـرد چـوونکە ئـیتر خـۆی بـووە خـاوەنی کۆمپانیایـەکی گـەورە کەلەسـەرەتادا

دەسـتی کـرد بـە درووسـکردنی نەخۆشـخانەیەکی گـەورە کـە ئادیـانی هـاوڕێی تێـدا بـووە بەڕێوبـەرو خزمـەتکاری نەخۆشـخانەکە لەگـەڵ دابینکردنـی سـەرجەم پێداویسـتیە پزیشـکیەکان و لەگـەڵ چـەندان دکتـۆری بـە ئـەزموونی هێنایـە نێـو نەخۆشـخانەکەوە, کـە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە خووشـکەکەی ئادیـان لـەو نەخۆشـخانەیە چارەسـەر وەربگرێـت , جگـە لـەوەش ئادیامـان هەسـتا بـە کردنـەوەی خانەیـەکی گـەورە بـۆ منـداڵانی بـێ دایـك و بـاوك كـە بەکردنـەوەی ئـەو خانەیـە بـە هـەزاران منـداڵی بـێ دایـك و بـاوکی لـە خـۆگرت کـەتوانیان بـەجواترین شـێوە ئـەو منداڵانـە پـەروەردە بکـەن , پـاش ماوەیـەکی زۆر لـە ژێـر چـاودێری پزیشـکەکان دا لـە ئە نجامـدا خوشکەکەی ئادیـان تـوانی هەڵبسـتێتەوە سـەر پێکـانی خـۆی و درێـژە بـە ژیـانی خـۆی بـدات دایکـی ئادیـان لەدڵخۆشـی چـاك بوونـەوەی کچـەکەی دا نەیـدەزانی کـە چـۆن خۆشـی خـۆی دەربڕێـت ئـیتر بـەم شـێوەیە خێزانەکـەی ئادیـان ڕۆژ بـەدوای ڕۆژ خۆشـییەکی زۆر ڕوویـان تێـدا کـرد , ڕۆژێکیـان ئادیـان دایـك وخووشـکەکەی بـانگ دەکـات بـۆ شـوێنێك کـە شـوێنەکە ڤێلایـەکی زۆر گەورەیـە , راسـتەوخۆ دایکـی دەڵێـت : ئەمـە چـیە کـوڕم؟ , ئادیـان بـە دایکـی دەڵێـت : دایکـە گیـان ئەمە بۆ ئێوەیـە بۆخۆتـان تێـدا بحەسـێنەوە, دایکـی بـە پێکەنینـەوە بـە ئادیـانی کـوڕی دەڵێـت : کوڕەکـەم ئەمـە بـۆ ئێمـە زۆر گەورەیـە ئێمـە لـەنێو خانوویـەکی بچـووك و سـادەدا دابـنێ و هیچـی ترمـان ناوێت, ئەمەش بیدە بە چەندین کەسی هـەژار بـا بـۆ خۆیـان لـە نـاوی دا بحەسێنەوە. بەم شێوەیە دایـك و کـچ و کـوڕ هەرسـێکیان بـاوەش بـە

یەکـــدی دەکـــەن و خەنـــدە  لەســـەر لێوەکانیـــان  دەگەشـــێتەوەو مالْئـــاوایی لـــە رۆژانـــی ناخۆشـیان دەکـەن و هیـوا دەخـوازن کـە ئـەم خۆشیەی ژیانیان بەردەوام بێت بۆهەتا هەتایە.

2019|8|15

# نارڤین

ڕۆژێکیان لە گوندێکی بچووك دا کچێکی جوان و شۆخ وشەنگ لە دایك دەبێت, ئەو کچە جوان و شۆخ شەنگەش ناوی نارڤین بوو, کە لە خێزانێکی سادەدا چاوەکانی بە دنیا هەڵهێنا , پیشەی دایك و باوکی نارڤین تەنها بریتی بوو لە کشتوکاڵیکردن و بەخێوکردنی مەڕوماڵات لەنێو گوندەکەی خۆیاندا هاوشانی گوندنشینانی دیکەدا , دایك و باوکی نارڤین دڵیان زۆر خۆش بوو بەوەی کە لە پاش چەندین ساڵ لە نەبوونی منداڵێکدا, بەڵام لەکۆتایی دا توانیان بە کچێکی جوان شادبن. ڕۆژ بەدوای ڕۆژ تێپەڕدەبێت لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژەکان و مانگ و ساڵەکان دا نارڤینی شۆخ وشەنگیش بەرەو گەورەبوون دەڕوات , نارڤین ڕۆژانە لەگەڵ منداڵەکانی گوندەکەیان یاری دەکات و سەرجەم ڕۆژە خۆشەکانی تەمەنی منداڵی خۆی لەو گوندە بچوکەیان دا بەخۆشی دەباتە سەر لەگەل دایك و باوکی و هاوڕێکانی دا هەروەها زۆربەی جارەکانیش نارڤین بەرەو ناو مەڕوماڵاتی گوندەکەیان دەڕوات بۆ ئەوەی یارمەتی دایك و باوکی بدات لە دۆشینی مانگا و بزنەکان, نارڤین ئاژەڵی گوندەکەی زۆر خۆش دەویست بە تایبەتی مانگا سپیە قەلەوەکەی ناو گوندەکەیان کە زۆر بەجوانی بەخێوی دەکرد.

کاتێك نارڤین تەمەنی دەبێت بە شەش ساڵ ئیتر ژیانی خوێندنی دەست پێ دەکات و دەبێتە کچێکی قوتابی یەکەم ڕۆژی قوتابیەتی بە جانتایەکی بچوکەوە لەگەڵ کۆمەڵێك دەفتەرو کتێبەوە بە

ڕوویـــەکی پـــڕ لــە پێکەنیناوییـــەوە ڕوو دەکاتـــە قوتابخانـــەی گوندەکـەیان لەگـەڵ هاوڕێکـانی دا , لـەو ڕۆژەوە کـە نـارڤین دەبێتـە کچـێکی قوتـابی بــە بــەردەوامی دەفتــەرو کتێبــەکانی دەکاتــە خۆشەویسترین هـاوڕێی خـۆی کـە هـەرگیز لێیـان دانابڕێت و دەبێتـە قوتابیـەکی زیـرەك و ئاقـڵ هەمیشـە گوێڕایـەلی مامۆسـتاکانی خـۆی دەبێـت, هـەروەها مامۆسـتاکانی نـارڤین ,نارڤینیـان زۆر خـۆش دەوێـت و بـە قوتابیـەکی سـەرکەوتو و ژیـر دایـدەنێن کـە ئومێـدی گـەورەی تێدا بەدی دەکەن لە داهاتوودا.

نارڤین پـاش تـەواو بـونی قوتابخانـەی لـە پشـوەکانی هاوینـدا داوا لە باوکی دەکات کە بڕوات بۆ شـارو کۆمـەڵێك کتـێبی جـۆراو جـۆری بـۆ بهێنێـت بـۆ ئـەوەی لـە پشـوەکەی هاوینـدا بـۆ خـۆی بیا نخوێنێتـەوە چــوونکە ئــەو کچــێك بــوو زۆر ئــارەزووی لــە خوێندنــەوە دەکــرد لەتەمـەنێکی زۆر بچـووکەوە, لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام پرسـیاری زۆر دەکـرد و هـەوڵی دەدا هـەموو شـتێك بزانێـت , هەربۆیـە نـارڤین جیاوازتر بـووە لـە سـەرجەم هاوڕێکـانی دیکـەی گوندەکـەی , چـوونکە نـارڤین زۆرتـرین کـاتی خـۆی بـۆ خوێندنـەوەو شـتی بـە سـوود تەرخاندەکرد .

سـاڵ بەسـاڵ تێپـەردەبێت تەمـەنی نـارڤینیش بـەرەو گـەورە بـوون دەڕوات,ئـیتر لەگـەڵ گەورەبوونیـدا نـارڤین گەیشـتە کۆتـا قۆنـاغی خوێنـدنی کـە ئـەم قۆناغـە بـۆ نـارڤین بـە دیـاریکردنی داهـاتوی دادەنرێـت بـەڵام بـاوکی نـارڤین بـەهۆی نەخۆشـی شـێرپە نجەوە

کۆچی دوایی دەکـات و کچـە تـاقـانەکـەی بـەبێ نـاز بـەجێ دەهێلێـت ، ئـەم نەخۆشـیەی بـاوکی نـارڤین سـالآنێکی دوورو درێـژ لەگـەلی دا ژیـاوە کەتـەنها دایکـی نـارڤین بـە نەخۆشـیەکەی زانیـوە، نـەیان توانیوە کە بە کچە تـاقـانەکەیان بلـێن ،بـەلام نـارڤین ئـیتر بـۆ هـەتـا هەتـایە بەبێ بـاوکی دەمێنێتـەوە ئـازارێکی گـەورەی لـە نێـو دلـی دا دروست دەبێـت کـە هـیچ کاتێك ناتوانێـت لـە یـادی بکـات ، لەگـەلْ ئەوەشـدا بـاوکی نـارڤین سـالانێکی زۆر ئومێـدی ئـەوەی هـەبوو کـە کچە تـاقـانەکەی ببێتـە مامۆسـتا بـۆ ئـەوەی لـە گوندەکـەی خۆیـان دا وانە بـە منـدالانی تـری گوندەکـە بلێتەوە،بـەلام نەخۆشـیەکەی بـووە بەربەسـتێکی ترسـناك لە پێشـی کـە چـیتر ڕێگـەی پـێ نـەدا کـە ئـەو ڕۆژانە بـە چـاوەکانی خـۆی ببینێـت کـە کچـە تـاقـانەکـەی دەبێـت بـە مامۆستای گوندەکەیان، لە پـاش کۆچـی دوایـی بـاوکی ڕۆژانـە نـارڤین سـەردانی سـەر گـۆڕی بـاوکی دەکـات بـە دیـار گۆڕەکەیـەوە فرمێسـکی غـەمباری خـۆی دەڕژێنێـت، نـارڤین لەگـەلْ فرمێسـکەکانی دەسـت دەکـات بەقسـەکردن لەسـەر گـۆڕی بـاوکی دەلێـت : باوکـە گیـان تـۆ بۆچی منـت بـە تـەنیا بـەجێ هێشـت مـن لـە پـاش تـۆ چـۆن بتـوانم بژیم،ئاخر باوکە گیان تـۆ بـیرت لـەوە نـەکردەوە کـە تـۆ ئێسـتا کچـە تاقـانەکەت بـە تـەنیا جـێ هێشـتووە ، نـارڤین بـەدەنگی بـەرزەوە لـە نێـو گۆڕسـتـانەکە هـاوار دەکـات هـەتا ئەوکاتـەی هەسـت بـە مانـدوبوونی خـۆی دەکـات ،بـەلام لە پاشـان نـارڤین ئـەو هەسـتەی بـەلاوە درووسـت دەبێـت کـە ئـیتر گریـان هـیچ سـوودێکی نیـە بۆیـە ڕاسـتەوخۆ نـارڤین لەسـەر گۆڕەکـەی بـاوکی هەلدەسـتێتەوە ،

پەیمانی پێدەدات کە ببێتـە مامۆسـتا لـە گوندەکـەی خۆیـان کـە ئـەم پەیمانەی نارڤین بە بـاوکی لەسـەر گۆڕەکـەی دا, وای کـرد کـە بـاوکی لـەنێو گۆڕەکـەی هەسـت بـە ئـارامی و دڵخۆشـی بکات.نـارڤین خێـرا بـەرەو ماڵـەوە دەکەوێتـەوە ڕێ کاتێـك دەگاتـەوە ماڵـەوە بـە دایکـی دەڵێت: من دەست دەکـەم بـە سـەعی کردنەکـەی خـۆم و هـەموو هـەوڵی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی ببمە مامۆستا کـە ئەمـە ئـاواتی بـاوکم بـوو بۆیـە دەبێـت ئاواتەکـەی بـەدی بهێـنم. دایکـی دڵـی بـە قسـەکەی نـارڤینی کچی زۆر خۆش بـوو لـە دڵـی خۆیـەوە گـوتی: سـووپاس بـۆ تـۆ خوایـە گیـان کـە کچـەکەم تـوانی بگەڕێتـەوە بـۆ ژیانـە ئاسـاییەکەی خۆیـدا بیر لە داهاتووی خـۆی بکاتـەوە, لـە پـاش هەوڵـدانێکی زۆری نـارڤین لــە کۆتـاییــدا تــوانی نمرەیــەکی بــاش بــە دەســت بهێنێــت لەگـەڵ ئەوەشـدا تـوانی لـە باشـترین زانکـۆی شـاردا وەربگیرێـت, باوکی نـارڤینیش بـە ئاواتـەوە بـوو کـە ئـەم ڕۆژە بەچـاوەکانی خـۆی ببینێــت بــەڵام ئــەوەی کــە زۆر جــار ناهێڵێــت مرۆڤــەکان بــە ئاواتیەوەن بۆی دەژین ئەویش مەرگـە کـە ڕۆژێـك دەسـت دەخاتـە بینـە قاقـای هەموومانـەوەو سـەرجەم ئـاوات و ئومێـدەکانمان کۆتـایی پـێ دەهێنێـت, نـارڤین بـە هاتنـەوەی نـاوی لـە زانکـۆ زۆر دڵخـۆش بـوو چوونکە لـە داهـاتوودا دەبێتـە مامۆسـتای گوندەکـەیان بـەڵام لـەدوای کۆچی دوایی باوکی بارودۆخی داراییـان خـراپ بـوو کـە ئەمـەش کێشـە بۆ خوێندنەکەی نـارڤین درووسـت دەکـات بـەڵام دایکـی هەنـدێ پـارەی کۆکردبووەوە بۆ ڕۆژانـی لـەم جـۆرە دا لەگـەڵ ئەوەشـدا دایکـی هەنـدێ لـە زێرەکانیشـی پـێ دا بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـە هـەر شـێوەیەك بێـت

ئەمســـاڵی زانکۆکـــەی تـــەواو بکـــات بـــۆ ســـاڵانی داهاتوویشـــی چارەســـەرێکی تـــر بـــۆی دەدۆزێتـــەوە , هەرچـــەندە نـــارڤین بـــاوکی نـــەمابوو بـــەڵام گـــەورەترین کەســـی لـــەژیان دا مـــابوو کـــە هـــەروەکو قەڵایەکی گەورە لـــە پشـــتی کچـــە تـاقانەکـەی خـۆی وەسـتابوو, تـاکـە دڵخۆشـی دایـك لـەم دنیایـەدا بینـینی منداڵەکانیـەتی بەدڵخۆشـی و سەرکەوتنیان لە ژیان دا, ئەم شەو لـەم گونـدەدا بـۆ نـارڤینی بـێ نـاز کۆتا شـەویەتی هەربۆیـە بـۆ کۆتـا شـەوی لەگـەڵ دایکـی دەخـەوێت, بـــۆ بەیانیەکـــەی هەڵدەســـتێت ســـەرجەم پێداویســـتیەکانی کۆدەکاتەوەو بەڵام پێش ئـەوەی بـڕوات بـۆ شـار سـەردانی سـەر گـۆڕی باوکی دەکات کە بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ دەکات و تەنها

پێی دەڵێت: تـۆم خـۆش دەوێـت باوکـە گیـان مـن وا دەڕۆم بـۆ شـار بـۆ ئەوەی ببم بە مامۆستا تـۆ بۆخـۆت لێـرە بەئاسـوودەیی بخـەوە لـەژێر ئەم خاکە, چیتر خـەمی منـت نـەبێت مـن ئێسـتا گەورەبوومـە , ئـەمڕۆ دەڕۆم بـــۆ شـــارێکی زۆر گـــەورە کـــە لـــە گوندەکـــەی خۆمـــان زۆر زۆر گـەورەترە , پاشـان بـە مامۆسـتایەتی دەگەڕێمـەوە بـۆ ئـەم گونـدە بچـــووکەی خۆمـــان بـــۆ ئـــەوەی منداڵـــەکانی ئـــەم گونـــدە فێـــری خوێندەواری و زانست بکەم.

ئـیتر لـەوێوە نـارڤین بـەڕێ دەکـەوێت بەیەکـەم پاسـی گوندەکـەیان دەڕوات بـــەرەو شـــارێکی گـــەورە هـــەتاوەکو خوێنـــدنی مامۆســـتایەتیەکەی تـــەواو بکـــات لـــەنێو ئـــەو شـــارە گـــەورەو جە نجاڵـەدا,نارڤین لـە نێـو ئـەو شـارەدا چـاوی بـە چـەندین مرۆڤـی

**جۆراوجــۆردا دەکــەوێت لەگــەڵ بینــینی چــەندان باڵەخانــەی گــەورە گــەورەدا, بــە بینــینی ئــەم شــارە گەورەیــە نــارڤین زۆر توشــی سەرسـوڕمان دەبێتـەوە, چـوونکە بەشـێکی تەمـەنی نـارڤین تـەنها لـە گوندێکی بچـکۆلانەدا ژیـانی بەسـەر بـردوە, هەربۆیـە بـەبینینی ئـەم شارە گەورەیە بۆ نارڤین شـوێنێکی نـامۆ بـوو بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی کـە نارڤین کچـێکی وریـاو لەسـەر خـۆ بـوو بـەهیچ شـێوەیەك خـۆی لـەنێو ئـەم شـارە گەورەیـەدا تێـك نـەداو زۆر بـەجوانی مامەڵـەی دەکـرد کـە هەروەکو کچـێکی شارنشـینی تـوانی مامەڵـە بکـات لـە نێـو ئـەم شـارە گەورەیەدا .**

**نارڤین پاش چەندین پرسـیارکردنی لـە خـەڵکی ئـەم شـارە گەورەیـەدا لــە کۆتاییەکــەی دا تــوانی زانکۆکــەی بدۆزێتــەوەو کاروبــاری وەرگرتنەکـەی تـەواو بکـات ,بـەم شـێوە نـارڤین بـووە قووتابیـەکی زانکۆو هەروەها بووە خاوەن کەسایەتیەکی جیاوازتر .**

**نارڤین یەکـەم ڕۆژی زانکـۆی تـوانی بەشـێوەیەکی ئـارام بـە ڕێیکاتـەوە هەرچــەندە شــوێنەکەی بــەلاوە جیــاواز بــوو بەتاییــەتی قوتابیـەکانی کـە لـەڕووی جـل و بەرگـەوە کـە بـە چـەندین جلـی جیاوازە دەردەکەوتن لە پـێش چـاوی نـارڤین, بـەهۆی ئـەوەی نـارڤین کچـە لادێیـەك بـوو کـە پۆشـینی جـل و بەرگەگەکـەی جیـاواز بـوو لەگەڵ ئەوانەی نێـو ئـەم شـارە گەورەیـە, بـەڵام لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کاتــدا نــارڤین لەگــەڵ هــەموو شــتەکاندا تــوانی خــۆی ڕابهێنێــت زاڵ بێت بەسەر سەرجەم ئەو بەربەستانەی کە دەهاتنە پێشی.**

نــارڤین پــاش کۆتــایی وانــەکانی لــە زانکــۆ گەڕایــەوە بــۆ نێــو بەشــە ناوخۆیەکــەی کــە لەگــەڵ کۆمــەڵێك هــاوڕێی دا پێکــەوە لــەو ژوورەدا دەژیــان, لــە سـەرەتا نــارڤین هەسـتی بەتــەنیایی کـرد بــەڵام دواتــر لەگــەل هاوڕێکــانی نێــو بەشــە ناوخۆیەکــەی دا کەوتنــە قســەو پیکەنینەوە کە ئیتر شـەوەکەیان بـە گاڵتـەو پێکـەنین دەبـردە سـەرەوە , زۆربــەی کاتــەکان نــارڤین پەیوەنــدی بــە دایکــی دەکــات و لــە تەندروسـتی دە پرسـێت, دایکیشـی پێـی دەڵێـت: کچـە جوانەکـەم مـن ئەوکاتە باش دەبم کە تۆ بـاش بـی . نـارڤینیش دەڵێـت: دایکـە گیـان مــن زۆر باشــم و دڵیشــم زۆر خۆشــە ,ئیتر دایکیشــی بــە دەم خەنــدەوە پێی دەڵێت: ئـیتر مـن هـەر ئـەوەم دەوێـت کـە تـۆ ببیـنم بـە دڵخۆشـی بــەڵام لــە کــاتی قســەکردندا دەنگــی دایکــی نــارڤین زۆر بەشـێوەیەکی کز دەهات , ڕاستەوخۆ نـارڤین هەسـتی دەکـرد کـە دەنگـی دایکـی هـیچ باش نایەت وەکو ئەوە وابــوو کــە دایکــی نــەخۆش بێــت, بۆیــە نــارڤین ڕاســتەوخۆ بــەدایکی گــوت: تۆباشــی دایکــە گیــان؟ دەنگــت هــیچ بــاش نایــەت بــەلای منــەوە, دایکیشــی وەڵــامی نــارڤین دەداتــەوەو دەڵێــت: نەخێر کچە جوانەکەم من زۆر باشـم هیچـم نیـە تـەنیا تـۆ ئاگـات لـە خۆت بێت و خەمی منت نەبێت .

لــە پاش ماوەیــەکی زۆر دوورو درێــژدا لــە کۆتــایی دا نــارڤین تــوانی قۆنــاغی یەکــەمی زانکــۆی بــە ســەرکەوتویی تــەواو کــرد, هــەروەها پێش ئەوەی بڕواتــە بــۆ گوندەکــەی خۆیــان مالئــاوایی لــە هاوڕێکــانی کــرد ولەگــەڵ خۆیــدا دیاریــەکی جــوانی بــۆ دایکــی دەکڕێــت و, لە پاشـانیش بەیەکـەم پـاس گەڕایـەوە بـۆ گوندەکـەی خۆیـان بــەڵام

کاتێك نـــارڤین دەگەڕێتـــەوە   بـــۆ ماڵـــەوە دەبینێـــت دایکـــی لەســـەر زەوی پاڵکەوتووەو خـــەڵکی گوندەکـــە لـــە ماڵیـــان کۆبوونوتـــەوە بـــە دیاریـــەوە دانیشـــتون نـــارڤینیش بـــە شـــپرزەییەوە دەڕوات بـــەرەو لای دایکـــی و پێی دەڵێت: دایکە گیان تۆ باشی؟

دایکیشـــی دەڵێـــت: هـــیچ بـــاش نـــیم کچـــەکەم ئـــازارم زۆرە .نـــارڤین دەیزانـــی کـــە دایکـــی دەمێکـــە نەخۆشـــەو تەندروســـتی نـــاجێگیرە بەتاییـــەتیش کـــە بـــۆ دواجـــار پەیوەنـــدی بـــۆ دایکـــی کـــرد کـــە هەســـتی دەکرد دەنگی زۆر بـــەخرا پی دێـــت بـــەڵام نەیدەویســـت کچـــەکەی تووشـــی غەمباری و دڵەراوکێ بکات, نـــارڤینیش دەســـت دەکـــات بـــە گریـــان و بـــە دایکی دەڵێـــت: دایکـــە تـــۆش وەکـــو بـــاوکم بـــەجێم نـــەهێڵیت تکایـــە مـــن تـــەنیا تـــۆم مـــاوە لـــەم ژیانـــە . تاکـــە ڕێگـــا لەبـــەردەم نـــارڤین پاڕانەوەیـــە بۆیـــە داوا لـــە خـــوا دەکـــات دەڵێـــت: خوایـــە گیـــان دایکـــم چاك بکەوە هیچ شـــتێکی بەســـەر دا نەیـــەت چـــوونکە تـــەنها هـــەر دایکـــم مـــاوە لـــەم ژیانـــە بۆیـــە ئەویشـــم لـــێ مەســـێنەوە, بـــەڵام لـــە پـــاش چـــەندین ڕۆژ لەگـــەڵ ئـــەو ئـــازارەی کـــە دایکـــی نـــارڤین هـــەبیوو بـــۆ دواجار ماڵئـــاوایی کـــردو کچـــە تاقانەکـــەی بـــە تـــەنیا بـــەجێ هێشـــت لـــەم ژیانـــەدا ,ئیتر لێـــرەوە نـــارڤین دایـــك و بـــاوکی خـــۆی بـــۆ هـــەتا هەتایە لەدەستدا کە ئەمـــەش ئـــازارێکی گـــەورەی لـــە نێـــو دڵـــی نـــارڤین دروســـت کـــرد , پـــاش کۆچـــی دوایـــی بـــاوك و دایکـــی نـــارڤین هـــیچ ڕێگەیـــەکی لـــە پێش نـــەمابوو کـــە ئـــیتر ناچـــاربوو خـــۆی کۆبکاتـــەوە و گوندەکەی بە جێ بهێلێت بەرەو ئـــەو شـــارە گەورەیـــە بـــەڕێ کـــەوت کـــە خوێنـــدنی زانکۆکـــەی تێـــدا دەکات.بـــەڵام ئـــەوەی کـــە بـــۆ نـــارڤین زۆر

سـەختە لـەم شـارە گەورەیـەدا ئەوەیـە کـە دەبێـت هـەموو شـوێنێك بگەڕێت بۆ ئـەوەی کـارێکی دەسـت بکـەوێت بـەڵام گـەڕان بـەدوای کـار لەم شـارەیە گەورەیـەدا کـەمێك ئەسـتەم بـوو , بـەلاّم نـارڤین چـۆکی نەداو بەردەوام بوو لە دۆزینـەوی کارێـك بـۆ خـۆی ,بـەڵام لـە کۆتـایی دا پـاش گــەڕانێکی زۆر بــەنێو کووچــە بــە کووچــەی ئــەم شــارە گەورەیــەدا , بــۆ دواجــار تــوانی کــارێکی پــاك و خــاوێن لــە چێشـتخانەیەکدا بدۆزێتـەوە و ڕۆژانـەی خـۆی پێـی دابـین بکـات ,لـە ئێســتادا نــارڤین دوو ئــەرکی گرنگــی لەســەر شــانە کــە ئــەویش خوێنــدنی زانکۆکەیــەتی بۆئــەوەی بڕوانامــەی مامۆســتایەتیەکی بەدەســت بهێنێــت , لەهــەمان کاتیشــدا کارکردنکــەی لــەنێو چێشتخانەکەدا , بەلاّم نـارڤین نموونـەی کچێکی ئـازاو کۆڵنـەدەر بـوو کە هەرگیز چۆکی نەدا بـۆ ئـەو ڕووداوانـەی کـە ڕووبـەرووی دەبوونـەوە هـەر بۆیـە تـوانی هـەردووکی بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتوانە ئـە نجام بدات بەبێ ئەوەی هەست بە ماندووبون بکات.

2019|7|10

## کچێکی پیانۆ ژەن

لە سەدەکانی بیستەم دا, کچێکی نیمچە ڕەش پێستی جوانی تەمەن بیست و یەك ساڵان, بەناوی ئیمیلی بڕیاری گەشتێك دەدات بەرەو ( لەندەن ) بۆ ئەوەی لەوێ دەست بکات بەخوێندن لە ناوەندێکی هونەریدا هەتاوەکو فێری ژەنینی ئامێری پیانۆ بێت. چوونکە ئیمیلی لە منداڵیەوە خولیای ژەنینی پیانۆی بۆ درووست دەبێت , لەهەمانکاتیشدا باپیری یەکێك بوو لە پیانۆ ژەنە ڕەش پێستەکان بەڵام بەهۆی ئەوەی پیاوێکی ڕەش پێست بوو هەموو کارەکانی پشت گوێ دەخرا , هەروەها زۆربەی جاریش ڕوبەڕوی سووکایەتی دەبوو لەلایەن سپی پێستەکانەوە, ئیمیلیش هاوشێوەی باپیری بەردەوام دەبێت لە بەدی هێنانی خەونەکانی بەڵام لە پاش تێپەربوونی بەسەر چەندین ئاستەنگی ناخۆش دا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەژیانی دا.

خێزانەکەی ئیمیلی هیچ شوێنێکی دیاری کراویان نەبوو تێدا نیشتەجێ بن بەڵکو هەر جارەو بۆ شوێنێك کۆچیان دەکرد, ئەمەش بەهۆی ئەوەی باوك و دایکی ئیمیلی وەکو کۆیلەیەکی ڕەش پێست زۆربەی کاتەکانیان لەماڵی فەرمانڕەوا سپی پێستەکان هەموو جۆرە کارێکیان دەکرد , زۆربەی کاتیش ئیمیلیش لەگەڵ دایك و باوکی بەدرێژایی ڕۆژەکە کاری دەکرد بەبێ ئەوەی هەست بە ماندووبون بکەن چوونکە ئەگەر هەر ناڕەزایتیەکان دەربڕییایە ئەوە ڕاستەوخۆ لەلاین خاوەن ماڵەکەوە بەقورسترین شێوە سزا

دەدران, بـەڵام ڕۆژێکیـان کـوڕی پیـاوە دۆڵەمەندەکـەی ئـەو مامەڵـەی کـە ئیمیلـی و دایـك و بـاوکی کاریـان تێـدا دەکـرد, بەسەرخۆشـی دێتـەوە بـۆ ماڵـەوە ,دەبینێـت ئیمیلـی خـەریکی پاکردنـەوەی زەوی ماڵەکەیـە, ڕاسـتەوخۆ کوڕەکـە پەلـەماری ئیمیلـی دەدات ,ئەمـەش لەکاتێکـدا ئیمیلـی بەجەسـتەیەکی زۆر مانـدوو پـڕ لـەئارەق خـەریکی کارکردنـە لـەناو ئـەو ماڵـە گەورەیـە لەگـەڵ دایـك و بـاوکی کەچـی لـەناکاو کەسـێکی سـەرخۆش پەلـەماری دەدات و بەتونـدی جلـەکانی بـەری دەدرێنێـت و ئیمیلـیش بەگریانـەوە بـانگی بـاوکی دەکـات کـە فریایـەوە بێـت, ڕاسـتەوخۆ بـاوکی گوێبیسـتی هـاواری کچـەکەی دەبێـت و هـەرزوو بـەڕاکردن لـە نهـۆمی سـێیەمی کۆشـکەوە دەگـات بـە فریـای کچـە تـاقانەکـەی و دەسـتبەجێ لە پشـتەوە بـە ئاسـنگێك لە پشـتی کـوڕە سەرخۆشـەکە دەدات و کوڕەکـە دەکەوێتـە سـەرزەوی , کاتێـك کوڕەکـە بەردەبێتـەوە زەوی خـوێنێکی زۆری لـێ دەڕوات و دایکـی ئیمیلـیش دەسـت دەکـات بـەگریان و دەڵێـت: ئێمـە ئـیتر کۆتاییمـان پـێ هـات بۆچـی وات کـرد؟ ئـەی ئەگـەر ئێسـتا خـاوەن ماڵەکە تۆڵـەی خـۆی بـە کچـەکەمان بکاتـەوە,باوکی ئیمیلـی دەیزانـی کە لێدانەکەی بۆ مردن بووە ,هـەر بۆیـە بـۆ کۆتـا جـار دایـك و بـاوکی ئیمیلی ماڵئاوایی لـە کچـەکەی خۆیـان دەکـەن و کـەمێك پـارەی پـێ دەدەن و باوکی بـە ئیمیلـی دەڵێت : کچـە تـاقانەکـەم , لێـرە بـڕۆ زوو ڕاکە پێش ئەوەی خاوەن ماڵەکـە بێتـەوە تـۆ ببینێـت ئەگـەرنا دوایـی زۆر ئازارت دەدات, من و دایکت تاکـە خـەونمان ئەوەیـە کـە تـەنیا تـۆ ئاسـوودە بیـت و ئـیتر ئێمـە هیچـی ترمـان ناوێـت, بۆیـە خێـرا ئێـرە

بــەجێ بهێڵــە بــڕۆ بــەرەو شارۆچــکەیەکی دیکــە بۆخــۆت , بــەڵام تاقانەکــەم پــێش ئــەوەی بڕۆیــت , ئامۆژگاریــەکی بچــووکی بــاوکی خــۆت وەرگــرە , ئامۆژگاریەکــەم ئەوەیــە کــە هــەموو کاتێــك بەســەربەرزی بــژی و هــەرگیز نــەهێلیت هــیچ نامــەردێك زەفــەرت پــێ ببەن بە ئارەزووی خۆیان بەکارت بهێنن و لە پاشان فڕێت بدەن.

ئیمیلیش بــە گریانــەوە باوەشــێکی تونــد بــە بــاوك و دایکــی دەکــات , چوونکە ئیمیلی دەیزانــی کــە ئــیتر ئەمــە کۆتــا دیــداری دەبێــت لەگــەڵ دایــك و بــاوکی , هەربۆیــە پــە یمان بــە دایــك و بــاوکی دەدات کــە ببێتە کچێکی بــاش و ســەربەرز هــیچ کاتێــك چــۆك بــۆ کەســی نامــەرد دانــەنێت , دایکــی ئیمیلــی زۆر بەحەســرەتی ئــەوە بــوو کــە ڕۆژێــك گوێبیستی دەنگی ژەنــینی پیــانۆی کچــەکەی بێــت لــە هۆلەگــەورەکان , دایکــی ئیمیلــی بەکچــە تاقانەکــەی خــۆی دەڵێــت: ئەگــەر نــەمتوانی بەجســتە گوێبیســتی ژەنــینی پیانۆکــەت بم کچــەکەم ئــەوە دڵنیابــە بــە مردوویــی زۆر بــەجوانی گوێبیســتی دەبم و زۆریــش شــانازیت پێــوە دەکەم.

ئیمیلی لــە پە نجەرەکــەی پشــتماڵەکــەوە بــەخێرایی دەڕواتــە دەرەوە دایك و بــاوکی ئیمیلــیش هــیچ خۆیــان تێــك نــادەن و لــەماڵی پیاوەکــە دەمێننــەوە کــاری خۆیــان دەکــەن کوڕەکــەش وەکــو ئــاژەڵ لــەزەوی کەوتوە خوێنێکی زۆری لێ دەچۆڕێت.

خــۆر لــە ئاســمــان ماڵئــاوایی دەکــات شــەو دا دێــت و جەســتەی کوڕەکــە بــەرەو بۆگــەنی دەڕوات و دایــك و بــاوکی ئیمیلــیش خــەریکی کــارکردنن

لــەناو ماڵەکــەدا  بــەڵام لــەکۆتـایی  پیاوەکــە دەگەڕێتــەوە بــۆ ماڵــەوە دەبینێــت جەســتەی کــوڕە تـاقـانەکــەی لــەزەوی کــەوتوە ئــەویش دەســت دەکــات بــەهاوار ودەڵێــت: ئەمــە لێــرە چــی ڕووی داوە کەســێك شــتێکم پــێ بڵێــت   کــێ وا لــە کوڕەکــەی مــن کــردوە؟, بــاوکی ئیمیلــی دەســت دەخاتــە نێــو دەســتی خێزانەکــەی بەشــێوەیەکی ســەربەرزانە دەڵێــت: مــن ئــەو ناپاکــەم کووشــت  چــووکە مــن و خێزانەکــەم و کچــەکەم زۆرتــرین کــات وەکــو کۆیلــە لێــرە بــۆ ئێــوە کــار دەکــەین بــەڵام ئــەوە قبول ناکەین کە ناپاکێـك دەسـت درێـژی بکاتـە سـەر کچـەکەی مـن  , بــاوکی کوڕەکــەش بەقســەکانی بــاوکی ئیمیلــی توڕەدەبێــت دەســت دەکات بــەهاوار و لــەناکاو دەمانچــەکەی لــە کەمــەری  دەردەکــات و دوو فیشــەك بــە بــاوك ودایکــی ئیمیلــی دەنێــت و کۆتــایی بــەژیانیان دەهێنێت.

ئەوکاتــەی کــە دایــك و بــاوکی ئیمیلــی کــوژران بەدەســتی خــاوەن ماڵەکەدا,  ئیمیلی تەمەنی تـەنها 18ســاڵ بــوو ئــیتر ئیمیلــیش ناچــار بــوو لەســەر هــەمان ڕێچــکەی دایــك و بــاوکی بــەردەوام بێــت کــە وەکــو کۆیلەیــەك لــەماڵێکی ســپی پێســت دا کــار بکــات  ئــیتر  ئیمیلــی هــیچ کەسێکی نەماوە لــەم شــارەدا, بۆیــە دەکەوێتــە ڕێ بــۆ ناوچــەیەکی تــر بــۆ ئــەوەی لــەوێ کارێــك بدۆزێتــەوە لەهەمانکاتیشــدا ئــارەزووی پیانۆیەکــەی لــەیاد نــەکردوە  بــەڵام ســەختی ژیــان  ناتوانێــت زۆر بەئاسانی بگات بەخەونــەکانی.  ئیمیلــی پــاش ماوەیــەکی کــەم تــوانی لــــەماڵی بازرگــــانێکی گــــەورە لەگــــەڵ  چــــەند ئــــافرەتێکی   تــــردا کاربکــــات , ئــــەو ماڵــــەی کــــە ئیمیلــــی تێــــدا کــــاری دەکــــرد مــــاڵی

بازرگانێکی زۆر دۆڵەمەنـد بـوو , ئیمیلی لـە نێـو ئـەو ماڵـەدا هـەموو کارێکی دەکـرد بەشـەو بـەڕۆژدا لەگـەڵ خزمـەتکارەکانی دیکـە بـەڵام ئیمیلـی کچـێکی جـوان و گـەنج بـوو کـە جیـاوازتر بـوو لـە خزمـەتکارەکانی تـر, ئـەو شـوێنەی کـە ئیمیلـی تێـدا کـاری دەکـرد کۆشـکێکی زۆر گـەورە بـوو کـە ئیمیلـی لـە ژیـانی دا زۆر بـە ئـاواتی ئەوەبوو کە تـەنیا خانوویـەکی بچـووکی هـەبێت بۆخـۆی بـە ئازادانـە تێدا بحەسێتەوە بۆ ئەوەی چیتر لەم ماڵ و لەو ماڵان نەبێت.

ڕۆژێکیان ئیمیلی دەسـت دەکـات بەگـەڕان بـەناو ئـەم کۆشـکە گەورەیـە کـەوەکو خزمـەتکار کـاری تێـدا دەکـات , بـەڵام لـەناکاو چـاوی بـەژووری خـاوەن ماڵەکـەدا دەکـەوێت کـە ژوورێکـی زۆر گـەورەو شـاهانەیە هـەموو شـتێکی تێـدابوو لـەناو ئـەو ژوورەدا بـەڵام ئیمیلـی چاوی بە شـتێکی سـەرنج ڕاکـێش دەکـەوێت ئـەویش ئـامێرێکی گـەورەی پیـانۆ بـوو, ئـیتر ئیمیلـیش بـەبێ ئاگـەداری خـاوەن ماڵەکـە خـۆی دەکـات بـەژوورە تایبەتەکـەی و ڕاسـتەوخۆ بـەرەو پیانۆکـە دەڕوات و, دەست دەکات بـە ژەنـینی ئـامێری پیانۆکـە, بـەڵام کاتێـك خـاوەن ماڵەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵەوە,هەسـت دەکـات گوێبیسـتی ژەنـینی پیانۆکـەی دەبیـت ئـیتر بـەڕاکردن بـەرەو ژوورەکـەی دەڕوات و دەبینێـت ئیمیلـی لەسـەر پیانۆکـەی دانیشـتووە راسـتەوخۆ خـاوەن ماڵەکـە پاڵێك بە ئیمیلی دەنێت وپێـی دەڵێـت: ئـەی کچـی ڕەش پێسـتی کۆیلـە تـۆ چـۆن بـوێری ئـەوەت کـرد کـە بێیتـە ژوورەکـەی مـن و دەسـت لـە گرانترین ئـامێری مـن بـدەی ئـەی بـە نـەفرەت بیـت تـۆ تـەنها لێـرە وەکـو خزمـەتکارێکیت نـەك بـەئارەزووی خـۆت پیاسـە بـەناو ئـەم

کۆشـکەدا بکـەیت و دەسـت لەشـتەکانی ئـەم کۆشـکە بـدەیت, ئیمیلـیش بــە خــاوەن ماڵەکــە دەڵێــت: مــن لــە منداڵیــەوە ئــارەزووم لــە ژەنــینی ئــامێری پیــانۆ هەیــە وە زۆریــش حەزدەکــەم ببمــە پیــانۆ ژەنێکــی بــەناوبانگ, خاوەن ماڵەکـەش بەقسـەکانی ئیمیلـی دەسـت دەکـات بــە پێکەنین هاهاها کـێ گرنگـی بــەتۆ دەدات تــۆ تــەنیا خزمــەتکارێکیت و هیچ تــر... تــەنها دەبێــت وەکــو خزمــەتکارێك کــاری خــۆت بکــەیت ئەگەرنا فرێـت دەدەمە سەر شەقامەکان.

ئیمیلــیش بــەو قســەیەی خــاوەن ماڵەکــە نیگەرانیــەك بەســەر ڕووخســاری دادێــت بــەڵام لــە دڵــی خۆیــە دەڵێــت: ڕۆژێــك دێــت مــن ســەردەکەوم و دەگەمــە ئاواتــەکانی خــۆم بــۆ هــەموو کەســێك دەیســەلمێنم بەتایبــەتیش بــۆ ئــەو مرۆڤــە ڕەگەزپەرســتانە کــە بــەردەوام چــینایەتی و ڕەگەزپەرســتی دروســت دەکــەن چــوونکە لــە کۆتـایی دا منیش مرۆڤم مافی هـەموو شـتێکم هەیـە, ئـیتر سـاڵ بەسـاڵ ئیمیلـی گـەورە دەبێـت زیـاتر مـاوەی سـێ سـاڵە بەردەوامـە لـەکاری خزمەتکاری لەو ماڵـەدا , ئیمیلـی ئێسـتا تەمـەنی بۆتـە ( 21 ) سـاڵان کەچی هـەروەکو کۆیلـە لـەماڵی ئـەو پیـاوە بازرگانـە کاردەکـات بـە شــەو ڕۆژ بــە کــەمترین کــرێ , هەرچــەندە ســاڵ بەســاڵ لەگــەڵ گــەورەبوونی ئیمیلــی دا کەچــی ڕووخســارێکی جوانیشــی لــێ دەنیشــێتەوە کــە ئەمــەش وای کــرد خــاوەنی ماڵەکــە ئــارەزووی بکەوێتە سەر ئیمیلی تـەنیا بـۆ ئـەوەی شـەوێك کـاری سێکسـی لەگـەڵ بکــات ئەگــەر چــی زۆر جــار بەشــێوەیەکی هێمنانــە خــاوەن ماڵەکــە داوای لێکــردوە کــە شــەوێك لەگــەڵی ســەرجێی بکــات و ئــارەزووە

سێکسـیەکانی پیـاوە بازرگانەکـە تێربکـات, بـەڵام ئیمیلـی ڕەتـی کردۆتـەوە کـە کـاری سێکسـی لەگەڵـدا بکـات چـوونکە ئـەو کچـێك بووتـەنها لەوماڵـەدا بەئارەقـەی نێوچـاوانی خـۆی پـارەی پەیـدا دەکـرد هـەتاوەکو بـژێوی ژیـانی خـۆی پەیـدابکاتن, نـەك لـەڕێگای فرۆشتنی جەسـتەیەوە هەرچـەندە ئەگـەر ئیمیلـی ڕازی بوایـە شـەوێك لەگـەڵ خـاوەن ماڵەکـەدا کـاری سێکسـی لەگەڵـدا بکردبایـە و دڵـی پیاوەکـەی خـۆش بکردبایـە ئـەویش دڵـی ئیمیلـی بەهـەزاران دۆلار خۆش دەکـرد کـە هـەتاوەکو ژیـانی مابێـت لـەناو پارەیـەکی خـەیالی مەلـەوانی بکردبایـە بۆخـۆی, لەگـەڵ ئەوەشـدا دەیتـوانی زۆر بەئاسـانی بگـات بەخـەونی پیـانۆ ژەنینەکـەی , دوو خزمەتکارەکـەی تـر بـەئاواتی ئـەوەبوون کـە بۆیـەك جـاریش بێـت خـاوەن ماڵەکـە داوای ئـەم جـۆرە کارەیـان لـێ بکـات بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی ئـەو دوو خزمەتکارەکـەی تـر زۆر بەتەمـەن بـوون و بەکـەڵکی کـاری سـەرجێی کـردن نـەدەهاتن, بـەڵکوو تـەنیا ئیمیلـی لەنێویانـدا کچێکی جـوان و گـەنج بـوو کـە ئەمـەش وای لـەخاوەن ماڵەکـە کردبـوو هۆشی بکەوێتە سـەر ئیمیلـی و بـۆ شـەوێك سـەرجێیەکەی خـۆی لەگـەڵ ئـەم کچـە خزمـەتکارەی دا گـەرم بکـات, بـەڵام ئیمیلـی لـەو جۆرەکچـانە نـەبوو کـە بەچـەند دۆلارێـك نـەفس و جەسـتەی خـۆی پێشکەش بکـات یـاخود لـە پێناو گەیشـتن بـە خەونـەکانی کەرامـەتی خۆی بشکێنێت, ئیمیلـی بـەڵێنی بـە بـاوکی دابـوو کـە چـۆك بـۆ هـیچ کەسـێك دانـەنێت , ئـیتر بەهـەموو شـێوەیەك ئیمیلـی ڕازی نـەبوو بـۆ کـاری سـەرجێکردن لەگـەڵ خـاوەن ماڵەکـەدا ئەمـە وای کـرد کـە ئـیتر

خـــاوەن ماڵەكـــە بەچـــاوێكی تـــوڕەیی ســـەیری ئیمیلـــی بكـــات كـــە لەناخیـــەوە ئـــەوە نیشـــاندرا كەهـــەردەبێت سێكســـی لەگـــەڵ دا بكـــات ئەگـــەر بـــەزۆریش بێـــت, ڕۆژێكیـــان ئیمیلـــی لـــە چێشـــتخانە خـــەریكی ئامـــادەكردنی خـــواردن دەبێـــت بـــەڵام لـــەناكاو خـــاوەن ماڵەكـــە بـــە هێواشـــی خـــۆی دەكـــات بەچێشـــخانەكەو دەبینێـــت ئیمیلـــی بەدەســـتەكانی خـــەریكی ئامـــادەكردنی خواردنـــەو پرچـــەكانی بـــۆ پشتەوەی بەستوە جلێكـی جـوانی لەبـەركردوە بـۆنێكی خۆشـی لـەخۆی دابـوو كـە ,ئـیتر ئەمـەش وا لـەخاوەن ماڵەكـە كـرد كـە ئـیتر هۆشـی خـۆی لەدەسـت بـدات ,ڕاسـتەوخۆ بـە تونـدی خـۆی بـە ئیمیلیـەوە دەنووسـێنێت هـەردوو دەستیشـی دەبـات بـۆ مەمكـەكانی ئیمیلـی و بەتوندی لـەناو دەسـتەكانی یـاری بـە هـەردوو مەمكـەكانی دەكـات , بـــەڵام ئیمـــیلش چـــیتر قـــەبولی ئـــەم كۆیلایـــەتی و ســـووكایەتی پێكردنـە ناگرێـت كـە هـەر جـارەو بەشـێوەیەك ئـازار دەدرێت,بۆیـە ڕاسـتەوخۆ خـۆی دەسـوڕێنێتەوە بـۆ خـاوەن ماڵەكـەو پـاڵێكی پێـوە دەنێـت و خـاوەن ماڵەكـەش بەردەبێتـەوە سـەرزەوی و سـەری بەتونـدی بـە زەویەكـە دەكـەوێت كـە ئیمیلـی هەسـتی دەكـرد پاڵدانەكـەی زۆر بەتووندی بووە كـە ئەگـەری مردنـی هـەبوو بـەهۆی ئـەو پاڵدانـەوە. ئیمیلـــی ســـەرجەم جلـــەكانی لـــە جانتایـــەك كۆدەكاتـــەوە لەگـــەڵ كۆمـــەڵێك پـــارە لەگـــەڵ خـــۆی دەبـــات ,هـــەروەها لـــەژووری خـــاوەن ماڵەكـــە پارچـــە كاغـــەزێكی بچـــووك دەدۆزێتـــەوە كـــە ناونیشـــانی ناوەنـــدێكی هونـــەری لەســـەرە ئـــەو ناوەنـــدەش ناونیشـــانەكەی شـــاری ( لەنـدەن )ە , ئـیتر ئیمیلـیش پارچـە كاغەزەكـە لەگـەڵ خـۆی دەبیـات

بـــۆ ئـــەوەی لـــەوێ دەســـت بکـــات بـــە فێربـــوونی پیـــانۆ, ئیمیلـــی لەمنداڵیـــەوە شـــارەزاییەکی پەیـــداکردبوو لـــەلای بـــا پیری لـــە ژەنـــینی پیانۆ دا.

ئیمیلی تـــوانی خـــۆی بـــەخێرایی کۆبکاتـــەوەو لـــەو ماڵـــە بڕواتـــە دەرەوە چـــوونکە ئەگـــەر لەســـەر ئـــەو ڕووداوە دەســـتگیربکرابایە ئیمیلـــی ئـــەوە ڕاســـتەوخۆ ســـزای ســـێدارە دانـــی بـــۆ دەرکـــرا , بـــەڵام لەوکاتـــەدا دووخزمەتکارەکـــەی تـــر لەماڵـــەوە نـــەبوون کـــە ئیمیلـــی خـــاوەن ماڵەکـــەی کووشـــت ئـــەوان بـــۆ کـــڕینی شـــت چـــووبونە دەرەوە ,ئیمیلـــیش توانی خـــۆی بـــەخێرایی بگەیەنێتـــە وێـــستگەی شـــەمەندەفەر بـــۆ ئـــەوەی بەیەکەم شەمەندەفەر بتوانێت گەشت بۆ لەندەن بکات.

هەرچـــەندە ئەنجامـــدانی گەشـــتەکە بـــۆ کچـــێکی ڕەش پێـــست زۆر ئەســـتەم بـــوو لـــەو ســـەردەمەدا بـــەهۆی ئـــەو جیاوازیکاریـــە لـــە نێـــوان بەشـــێکی زۆری مرۆڤـــەکان هـــاتبووە ئـــاراوە کـــە نـــەیان هێشـــت کەســـانی وەکـــو ئیمیلـــی زۆر بەئاســـایی لـــەنێو شـــەمەندەفەرەکە دابنیشـــێت, بـــەڵکو دەبوایـــە بـــە پێوە بووەســـتابایە هـــەتاوەکو شـــەمەندەفەرەکە دەگەیشـــتە شـــوێنی مەبەســـتی خـــۆی ,بێگومـــان ئەمـــەش کـــارێکی ناخۆشـــە تـــۆ بەچـــەند کاتـــژمێرێکی زۆر بـــەبێ هـــۆ بـــە پێوە بووەســـتیت کەچـــی شـــوێنی زیـــادیش هـــەبوو بـــۆ دانیشـــتن لێـــی, بـــەڵام ئیمیلـــی گوێینەدایـــە ئـــەو شـــتانە تـــوانی شـــوێنێکی بـــۆ خـــۆی بدۆزێتـــەوە لـــەناو شەمەندەفەرەکە بـــۆ ئـــەوەی لـــێ دابنیشـــێت بـــەڵام پـــێش ئـــەوە ئیمیلـــی بڕێـــك پـــارەی دابـــوو بـــە کـــاپتنی شـــەمەندەفەرەکە , چـــوونکە ئیمیلـــی

دەیزانی کـە ئـەم جـۆرە مرۆڤانـە لەبەرامبـەر پـارە بـێ دەنـگ دەبـن و هیچ شتێك ناڵێن.

کاتێك ئیمیلی لە نێـو شـەمەندەفەرەکەدایە بـەرەو لەنـدەن بـڕوات لـە تەنیشـتیەوە پیـاوێکی باڵابـەرزی سـپی پێسـتی پـرچ زەرد دانیشـتوە, پیاوەکە بـە پێکەنینـەوە دەڕوانێتـە ئیمیلـی و قاچـە ڕەشـەکانی وەکـو ئەوە دەهاتە پـێش چـاوی ئیمیلـی کـە هـەرگیز مرۆڤـی ڕەش پێسـتیان نـەبینیبێت , بـەڵام ئیمیلـی هـیچ قسـەیەك ناکـات و سـەری خـۆی دەهێنێتـە خـوارەوە خـەریکی کتێـب خوێندنەوەکـەی دەبێـت بـۆ خـۆی خوێندنـەوەش بەشـێکی گرنگـی ژیـانی ئیمیلـی بـوو چـوونکە تاکـە هاوڕێی بوو کـە هـیچ کاتێـك ئـازاری نـەدەدا بـەڵکو بـووە بەشـێك لـە هەڵگری ئازارەکـانی, لەگـەڵ ئـەوەش دا لاپـەڕەکان بوونـە دڵنـەوایی کچێکی بـێ کـەس و هـەژار وە لەلایـەکی تـریش کتێبـەکان بـۆ ئیمیلـی وەکـو چـرایەك وابـوو بـۆ ژیـانی کـە وای لـێ کـرد بـەردەوام بێـت لـە جەنگ کردن لەگەڵ خەونەکانی دا .

ئیمیلـی بـۆ خـۆی خـەریك بـوو بەخوێندنـەوەی کتێبەکـەی لـەناو شـەمەندەفەرەکەدا بـەڵام پیـاوە سـپی پێسـتەکە بـەردەوام بـوو لەگاڵتە پێکردن بـەئیمیلی , بـەڵام لـە ناکـاو پیـاوە سپی پێسـتەکە دەستی خۆی بـۆ قاچـی ئیمیلـی درێـژ دەکـات و زۆر بەتونـدی دەیگرێـت , ئیمیلـیش ڕاسـتەوخۆ تفێکـی گـەورە بەسـەر دەسـتی پیـاوە سـپی پێسـتەکەدا دەکـات , پیـاوە سـپی پێسـتەکەش دەسـتی خـۆی دەکشـێنێتەوە دواوە لەسـەر قاچـی ئیمیلـی و پێـی دەڵێـت: ئـەی

بەنـەفرەت بیـت کچـی ڕەش پێسـتی کۆیلـە , ئیمیلـیش بـە قسـەکانی پیاوە سپی پێسـتەکە هـیچ ناڵێـت و هـیچ خۆیشـی تووشـی پەشـۆکاوی ناکـــات و بـــەردەوام دەبێـــت لـــە خوێندنـــەوەی کتێبەکـــەی, بـــەڵام دووباره پیـاوە سـپی پێسـتەکە دەسـتی خـۆی درێـژ دەکـات بـۆ ئیمیلـی بـەڵام ئـە مجارەیان دەسـتی دەبـات بـۆ هـەردوو مەمکـەکانی کـە زۆر بەتونـدی دەیانگرێـت , ئیمیلـیش هاواردەکـات و یـەك شـەق و کەلەیەك لە پیاوەکـە دەدات و پـاڵێکی پێـوە دەنێـت بـۆ دواوە, بـەڵام پیـاوە سـپی پێسـتەکە زۆر تـووڕە دەبێـت تفێـك و زلەیـەکی گـەورە بـەنێو چـاوانی ئیمیلـی دەدات و ڕاسـتەوخۆ هێرشـی بـۆ دەبـات و جلەکەی بەری دەدڕێنێـت هەوڵـدەدات دەسـتدرێژی بکاتـە سـەری لـەنێو شەفەندەفەرەکەدا , هـیچ کەسێکیش ناگـات بـەفریای ئیمیلـی بـەڵام ئیمیلـی کچـێکی ئـازاو چـاو نەتـەرس بـوو کـە نەیهێشـت جەسـتەی بکەوێتە ژێر چنگی پیـاوە سـپی پێسـتەکە کـە تـوانی زۆر بـە ئازایانـە لەگـــەڵ پیاوەســـپی پێســـتەکە بجـــەنگێت, بـــەڵام ئـــەو ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ پیـاوە سـپی پێسـتەکە بـووە هـۆی ئـەوەی , کـە لەشـەفەندەفەرەکە فڕێـی بدەنـە خـوارەو بـەبێ ئـەوەی کـە هـیچ تاوانێکی کردبێت هەمیشە چارەنووس پێچەوانەی ئیمیلی بوو .

کـە هەرچـەندە نزیکـەی چـەند کاتـژمێرێك مـابوو بـۆ گەیشـتن بـۆ لەندەن بـەڵام بـەخۆی و جانتاکەیـەوە فـڕێ درایـە خـوارەوە , بـەڵام ئیمیلی بەردەوام بـوو لـە گەشـتەکەی خۆیـدا کـە بڕیاریـدا ئـەو چـەند کاتـژمێرەی کـە مـاوە بـۆ لەنـدەن بـە پێیـەکانی خـۆی بـڕوات بـەڵام لەسـەرەتادا لـە نێـو جانتاکـەی کـەل و پـەلێکی نـوێی دەرهێنـا و

لەبەری کـرد, چـوونکە پیـاوە سـپی پێسـتەکە وەکـو گـورگ پەلـەماری جلەکـەی داو لەبــەری درانــدی, بــەڵام ئەمــە بــووە دووەم جــار کــە ئیمیلـی خـۆی ڕزگــار بکــات لــە پەلــەماردان لــەژێر دەسـتی مرۆڤــە خراپەکان.

ئیمیلـی تـوانی ئـەو ڕێگــا دووردوودرێــژەی ببڕێـت, بــۆ دواجــار تــوانی بگاتــە نێــو لەنــدەن بــەڵام زۆر مانــدوو بــوو ئارەقەیــەکی زۆری لــێ دەهاتە خوارەوە بـۆنی جەسـتەی وەکـو بـۆنی مردویـەك وابـوو ئەوەنـدە نــاخۆش بــوو, ئیمیلـی نزیکـەی سـێ هەفتەیـە جەسـتەی خـۆی خــاوێن نەکردۆتەوە .

بــەبینینی ئــەم شــارە ئیمیلــی هەســتی بــە دڵ خۆشــی کــرد بــەلام لەلایەکی دیکەوە هەستی بـە نـامۆبوونی خـۆی دەرکـرد بـەهۆی ئـەوەی کە کچێکی ڕەش پێسـتە لـە نێـو ئـەو هـەموو سـپی پێسـتانەدا لەگـەڵ ئەوەشـدا کاتێـك بەتەنیشـتی سـپی پێسـتەکانەوە دەڕۆیشـت هـەمووی بەچـاوێکی زۆر نـامۆوە سـەیریان دەرکـرد وەك ئـەوە وابـوو کـە ئیمیلـی مـرۆڤ نــەبێت بــەڵکو بونــەوەرێکی تربێــت و لەشــوێنێکی نــامۆوە کەوتبێتــە ئــەم جیهانــە, ئەمــەش بــەهۆی ئــەوەی تــەنها ئیمیلـی کچــێکی ڕەش پێســتی هــەژار بــوو, ئیمیلــی بــەردەوام بــوو لــە بــۆ گەیشــتن بــەو ناونیشــانەی کــە لــە مــاڵی ئــەو پیــاوە بازرگانــە دۆزیییــەوە کــە ناوەنــدێکی هونــەری بــوو بــۆ خوێنــدنی ئامێرەکــانی مۆسیقا کـە نووسـرابوو لـە شـاری لەندەنـە بۆیـە ئیمیلـیش بڕیـاری دا بێتە لەندەن وە لە پێشتردا ئـەو پیـاوەی کـە ئیمیلـی وەکـو کۆیلەیـەك

لــە ماڵەکــەی کــاری دەکــرد کــە بــۆ دواجــار کۆتــایی بــە ژیــانی هــات ،کەچــی ئــەویش پێشــتر لــەو شــوێنەدا خوێندبووی، بــەڵام ئیمیلــی هەستی دەکرد کە ناتوانێت ئـەو شـوێنە بدۆزێتـەوە لـە نێـو ئـەم شـارە گەورەیـەدا. بـەڵام کاتێـك دوو پیـاوی سـپی پێسـتی بـە تەمـەن بـە تەنیشــتی ئیمیلیــەوە دەڕۆن ، ئیمیلــیش داوای یارمــەتی لێیــان دەکــات هــەتاوەکو ئــەو ناونیشــانەی بــۆ بدۆزنەوە، ئەگــەر چــی دوو پیــاوی سپی پێست بــوون بــەڵام کەســانێکی زۆر تێگەیشــتووبون کــە دژی فکــری ڕەگەزپەرســـتی بـــوون هەربۆیـــە زۆر بـــەجوانی ناونیشـــانەکەیان بـــە ئیمیلــی دا، ئیمیلــیش دڵــی زۆر خــۆش بــوو کــە تــوانی ناونیشــانەکە بدۆزێتــەوە هەربۆیــە پــێش ئــەوەی بــڕوات ماچــێکی هــەردوو پیــاوە بەتەمەنەکــەی کــردوو پێیــان گــوت: ســوو پاس بەڕاســتی ئێــوە کەســانێکی زۆر چــاکن خۆزگــە ئــەوانی تــریش وەکــو ئێــوە بیریــان بکردبایەوە .

پــاش ئــەوەی بــە هاوکــاری دوو پیــاوە ســپی پێســتەکە ئیمیلــی تــوانی ناونیشانی ئـەو ناوەنـدە هونەریـە بدۆزێتـەوە، ئیمیلـیش هـەرزوو بـە ڕاکــردن و دڵخۆشــی بــەرەو ناوەندەکــە ڕای کــرد ، کاتێــك ئیمیلــی گەیشــتە نێــو ناوەنــدە هونەریەکــە ڕاســتەوخۆ گوێبیســتی دەنگــی ژەنــینی پیــانۆ بــوو کــە ئەمــەش وای لــە ئیمیلــی کــرد هەســت بــە ئارامبوونەوەیــەکی قــوولی دەروونــی بکــات، ئیمیلــی بــەرەو ژووری بەڕێوبەرەکــە دەڕوات دەبینێــت بەڕێوبەرەکــە لــە پــێش دەرگاکــەی راوەســتاوە ، بەڕێوبــەری ناوەنــدە هونەریەکــە کاتێــك چــاوی بــە ئیمیلـــی دەکـــەوێت دڵخۆشـــی بـــە ڕووخســـاری بەڕێوبەرەکـــە

هەڵدەکەوێت,هەناسـەیەکی قـوڵ هەڵدەداتـەوەو دەڵێـت: ئـۆو خوایـە زۆرسـوو پاس بـەخێربێیت مـن بەڕێوبـەری ئـەم ناوەنـدە هونەریـەم ,ئـەی بـەڕێزتـان ناوتـان چـیە؟ئیمیلیش تووشـی سەرسـوڕمان دەبێـت کە وەکـو ئـەوە وایـە دەمێکـە یـەکتر دەناسـن یـاخود زۆر خۆشـحاڵە کـە فێرخـوازێکی تـر هـاتووە بـۆ ناوەندەکـەیان, ئیمیلـیش بەخەنـدەوە بـە بەڕێوبەرەکـە دەڵێت:خۆشـحاڵ بـووم منـیش نـاوم ئیمیلیـە, ئـۆو نـاوێکی خۆشـە خۆشـحاڵ بـووم ئیمیلـی گیـان, تەمـەنت چـەندە؟ تەمـەنم 21 سـاڵە, زۆرگـەنج و جـوانی بەڕاسـتی ماوەیـەکی زۆرە بـەدوای کـارگوزار دەگـەڕاین بـۆ ناوەندەکـەمان بـەڵام لـە کۆتـایی دا کەسێك بە پێی خۆی هات بـۆ ناوەندەکـەمان بـۆ کـاری کـارگوزاری بۆیـە فـەرموو وەرە بـۆ ژوورەکـەم بـا گفتگـۆ بکـەین دەربـارەی کارەکـەت و مووچـەکەت,ئیمیلیش بـەم قسـەیە تۆشـی شـۆکێکی گـەورە دەبێـت چوونکە ئـەو بـۆ شـتێکی تـر هـاتبوو کەچـی بەڕێوبەرەکـە داوای چـی لێ دەکات هەرچـەندە کـارگوزاری بـەلای ئیمیلیـەوە کـارێکی شـەرمنانە نەبوو بـەڵکوو جێگـای شـانازی بـوو بـۆی چـوونکە لـەڕێگای ئـەو کـارە داهاتێـك بەمانـدووبونی خـۆی پەیـدا دەکـات ,بـەڵام ئـەم جارەیـان ئیتر ئیمیلی دەیەوێت لەگەڵ خەونەکانی خۆیدا بژیەت.

ئیملـیش بـە بەڕێوبەرەکـە دەڵێـت :نـەخێر بـەڕێز مـن بـۆ کـاری کـارگوزار نـەهاتووم مـن دەمـەوێت لێـرە نـاوی خـۆم تۆماربکـەم بـۆ فێربـوونی پیـانۆ چـوونکە مـن زۆر خولیـای ئـامێری پیـانۆ دەکـەم, بەڕێوبـەریش بەقسـەکانی ئیمیلـی دەسـت دەکـات بە پێکـەنین وقاقـا لێـدان هاهاهـا ئـەوە تـۆ شـێت بوویـت یـان گاڵتـەم پێدەکـەیت کچـی

ڕەش پێســـت خـــۆ تۆمـــارکردنی چـــی دیـــارە کوێریـــت ســـەیرناکەیت ئەوانـــەی ئێـــرە هـــەمووی ســـپی پێســـتن تـــەنها ســـپی پێســـتەکان مـــافی خۆفێرکردنیـــان هەیـــە لـــە هـــەموو شـــتێك دا نـــەك تـــۆ, ئـــەوجا تـــۆ لـــە پیـــانۆ چـــی دەزانیـــت , تـــۆ تـــەنها دەبێـــت لێـــرە پاشماوەکـــانی ئێمـــە خـــاوێن بکەیتـــەوە یـــاخود بـــڕۆ بـــۆ ئـــەو یانـــەی بەرامبـــەرمان بـــۆ خـــۆت کـــاری لەشفرۆشـــی بکـــە تـــۆی ڕەش پێســـت چیت داوە لـــە پیـــانۆ لێـــدان لە پاشـــان کـــەس گوێـــت لـــێ ناگرێـــت بۆیـــە خـــۆت ماندومەکـــە ئەگـــەر دەتەوێ وەرە بۆخۆت لێرە کار بکە بۆ ئەوەی شتێکت پێ بدەین.

نـــەخێر نـــەخێر نـــەخێر بێـــدەنگ بـــە ئیمیلـــی دەســـت دەکـــات بـــە هـــاوار بەســـەر بەڕێوبەرەکـــە و پێـــی دەڵێـــت: ئـــەی بەنـــەفرەت بیـــت مـــن دەمەوێت لێرە بخـــوێنم گونـــاحی مـــن چـــیە منـــیش مـــرۆڤم مـــرۆڤم مـــافم هەیـــە وەکـــو ئێـــوە بۆچـــی وام لـــێ دەکـــەن تـــاوانی مـــن چـــیە؟, بەڕێوبەرەکـــەش بـــە تورەییـــەوە بـــە ئیمیلـــی دەڵێـــت:: بـــڕۆ دەرەوە دەی ئەگـــەرنا ئێســـتا پـــۆلیس بـــانگ دەکـــەم بـــە خـــرا پترین شـــێوە ئـــازارت بـــدەن دەی بـــڕۆ دەرەوە چـــەند بـــۆنێکی پیســـت لـــێ دێـــت زوو هەرئێســـتا بڕۆ دەرەوە بۆنی ئەم شوێنەت وەکو خۆت پیس کرد.

بـــۆ جـــارێکی تـــر مرۆڤـــە خرا پـــەکان ئیمیلیـــان بـــێ هیـــوا کـــرد لەخەونەکانی, ئیمیلـــی بـــەبێ هیـــوایی لـــە نـــاوەنـــدە هونەریەکـــە هاتـــە دەرەوە بـــە حەســـرەتەوە دەیڕوانیـــە بینـــای هونەریەکـــە, بـــەڵام تـــەنیا لـــە ڕووخســـارە بـــێ ئومێـــدی پێـــوە دیـــاربوو , کەچـــی لـــەنێو دڵـــی دا ئیمیلی هیوای گەورەی بـــۆ خـــۆی هەڵچـــنی بـــوو , کـــە هـــەر ڕۆژێـــك دێـــت

لــەم ناوەنــدە دەســت دەكــات بەخوێنــدنی پیــانۆ و دەبێتــە پیــانۆ ژەنێكی لێهاتووش.

لــە تەنیشــتی ناوەنــدە هونەریەكــەدا, یانەیــەكی شــەوانی لێبــوو كــە بەچــەندین كچــی جــوانی ڕەش پێســت و ســپی پێســتی لــەش فرۆشــی تێــدابوو بــۆ دڵخۆشــكردنی ئــارەزووە سێكســیەكانی پیــاوان, ئیمیلــیش بەناچاری بڕیاریــدا بڕواتــە ئــەو شــوێنە بــۆ ئــەوەی لــەوێ هەوڵبــدات كاری پاكردنەوە بكات لــەناو یاناكــە هەرچــەندە ئیمیلــی دەیزانــی كــە شــوێنەكە شــوێنێكی بــاش نیــە , بــەڵام ئامادەنــەبوو لــە ناوەنــدە هونەریەكــە كــاری پاكردنــەوە بكــات و هــەموو ڕۆژێــك چــاوی بــەناو چــاوی بەڕێوبەرەكــە بكــەوێت , كاتێــك ئیمیلــی بــەرەو یانەكــە دەڕوات دەبینێت دووكچی جــوانی نیمچــە ڕووت لەبــەردەم یانەكــە وەســتاون بــە پێكەنینــەوە بــە ئیمیلــی دەڵــێن: وا دیــارە تــۆش هاتوویــت لێــرە دڵــی پیاوان خۆش بكــەیت بــەس كچــی جــوان بــە ڕووخســارتەوە دیــارە كــە ناتوانیت ئەم كــارە ئــە نجام بــدەیت بــڕۆ ژوورەوە ســەیركە بزانــە چــی ڕوودەدات , بزانــەتۆ دەتوانیــت ئــەم جــۆرە كــارە بكــەیت؟, ئیمیلــیش هیچ شــتێكی دەربــارەی ئــەم كــارەی نــەدەزانی بــەڵام دەیزانــی كــارێكی قێزەونانەیــە , كاتێــك چــووە ژوورەوە دەبینێــت چــەندین ئــافرەتی ڕووتــی تێدایــە بــە بــێ هــیچ جلێكــەوە كــە پیاوەكــان بەدەوریانــەوە دەســووڕێنەوەو پارەیــان بــۆ هەڵــدەدەن و لەلایــەكی تــرەوە ئیمیلــی چاوی بەكچێك و پیــاوێكی پــیر دەكــەوێت كــە خــەریكن لەگــەڵ یــەكتری دا جووت دەبــن, ئیمیلــیش چــۆكەكانی هاتــە لــەرزین لــە بینــینی ئــەم جــۆرە مرۆڤــە برســیانە , ئیملــی لــەدڵی خۆیــە گــوتی: ئەمەشــوێنێكە

هەروەکو کێڵگەی ئاژەڵـان وایـە بەڕاسـتی ئەمانـە مـرۆڤ نـین , نـەخێر مرۆڤ نین بەڵی بێگومان مرۆڤ نین ئەمانە.

خـاوەنی یانەکـە چـاوی بـەئیمیلی دەکـەوێت و خـۆی لـێ نزیـك دەکاتـەوەو بـەخێرهاتنی دەکـات پێـی دەڵێـت: مـن خـاوەنی ئـەم یانەیـەم چـۆن دەتـوانم خزمـەتان بکـەم؟ئیمیلی: سـوو پاس مـن هاتووم بـەدوای کـار ێـك دا بگـەڕێم لێـرە ئەگـەر پـاك کردنـەوە بێـت یاخود هەرشتێکی تر بێت, خـاوەنی یانەکـەش بـە ئیمیلـی دەڵێـت: تـۆ ناوت چیە کچی جوان؟ نـاوم ئیمیلیـە تەمـەنم 21 سـاڵە ڕێگایـەکی دوورم بڕیـوە هـاتووم بـۆ ئێـرە بـۆ ئـەوەی فێـری پیـانۆ بم لـەو ناوەنـدەی تەنیشـت یانەکەتـەوە , بـەڵام منیـان ڕەت کـردوە بـەمنیان گوت: تۆ کچێکی ڕەش پێسـتی شـایەنی ئـەم شـوێنانە نیـت منـیش زۆر ئـارەزووی ژەنـینی پیـانۆ دەکـەم بـەڵام ئـەوان مـن ڕەت دەکەنـەوە بەڵام من هەرگیز دەستبەرداری خەونەکانم نەبوومە.

خاوەنی یانەکە: ئافەرین ئیمیلی گیـان وەرە بـۆ ژوورەکـەم بـا تۆزێـك قسـەت لەگـەڵ بکـەم , ئیمیلـی لەگـەڵ خـاوەن یانەکـە دەڕواتـە ژوورەکـەی کـە هەرچـەندە ئیمیلـی زۆر دەترسـا لـە دڵـی خۆیـە وا هەسـتی دەکـرد کـە لەژوورەکـەی خـۆی دەسـت درێـژی سێکسـی دەکاتەسـەری, بـەڵام ئیمیلـی بەهەڵـە لـە پیاوەکـە دەڕوانـی هەرچـەندە ناحـەقی نـەبوو بـەهۆی ئـەوەی گـورگی زۆر بینیبـوو کـە بـەردەوام هـەوڵی پەلـەماردانیان دەدا, بـەڵام ئـەم جارەیـان گـورگ نەبوو بەڵکو مرۆڤێکی پاك بوو بۆ ئیمیلی .

خـاوەنی یانەکـە دەسـتی ئیمیلـی دەگرێـت پێـی دەڵێـت: کچـی جـوان کەسـانی خـراپ زۆرن لـەم جیهانـە نەفرەتیـە بـەڵام ڕۆژێـك دێـت ئـەوانیش بیرکردنـەوەیان دەگۆڕێـت و دەسـتبەرداری خرا پەکـەی خۆیـان دەبنـەوە, بۆیـە تـۆ لێـرە داوای کـاری پاکردنـەوە دەکـەیت بـەڵام لێـرە ئەوانـەی کارگوزاریشـن دەبێـت لەگەڵیشـیدا میوانـەکان تێربکات.

گـوێیگرە ئیمیلـی ئێـرە تـەنیا کـاری لەشفرۆشـی لێیـە واتـە ئێـرە شـوێنی ئەوکچـانەن کـە بـەزۆری کراونەتـە کۆیلـەی سـێکس واتـە هەنـدێکیان بـەزۆری هێنـراون بـۆ ئێـرە وە بەشێکیشـیان بـە ئـارەزووی خۆیـان هـاتوون جەسـتەی خۆیـان بـە پیاوان بفرۆشـن لـە پێناو بڕێـك پارەدا کە زۆربەی ئـەم کچـانەی نێـو ئـەم یانەیـە کۆتاییـەکانیان بـە قێزەونترین شـێوە لـە درەنگـانێکی شـەو لـە کووچـی شـەقام و کۆڵانـە تاریکـەکان جەسـتەیان بـەمردوویی دەدۆزرێتەوە.بـەڵام تـۆ لـەو جۆرە کچانەنیت تۆ کچێکی بـەهرەداری بۆیـە دەبێـت ڕێـزت لـێ بگیرێـت و هەرگیز نابێت تـۆ تێکـەڵاوی ئـەم جـۆرە کەسـانە بیـت , هەرچـەندە من توانیومە چەندین کچـی وەکـو تـۆی گـەنج لـەم کـارە دووربخەمـەوە , بەڵام زۆرێکیان گوێیان بۆمن نەگرتوە هەربەردەوام بوونە.

ئیمیلی گیـان ئێسـتا مـن تـۆ دەنێرمـە لای هاوڕێیـەکی خـۆم کـە هـۆڵی ئاهـەنگی شـەوانی هەیـە بـۆ ئـەوەی لـەوێ دەسـت بکـەی بـە ژەنـینی ئـامێری پیـانۆ بـۆ میوانـەکان,زۆریش دڵنیـام تـۆ لـە داهـاتوودا دەبیتە پیانۆ ژەنێکی سەرکەوتوو.

ئیمیلـیش زۆر دڵ خـۆش دەبێـت بەقسـەکانی خـاوەن یانەکـە , بـەهۆی ئـەوەی کـە جـارێکی تـر دەرگـای هیواکـانی بـەڕووی دانـەخرا, خـاوەنی یانەکـە بـە ئۆتـۆمبیلێکی تاییـەتی ئیمیلـی بـەرەو لای هاوڕێیەکـەی خـۆی دەبـات و لـەوێ بەهاوڕێکـەی دەناسـێنێت پێـی دەڵێـت: هـاوڕێ ئـەم کچـە نـاوی ئیمیلیـە زۆر ئـارەزووی لـە ژەنـینی پیـانۆ دەکـات بـەڵام کەسـانێك نـاهێڵن لەناوەنـدە هونەریەکـەی ئـەم شارە بخوێنێـت بۆیـە مـن هێناومەتـە لای تـۆ بـۆ ئـەوەی پە نجـەکانی بکەوێتـە سـەر ژەنـینی پیـانۆ هـەتاوەکو پێویسـتی بـەو ناوەنـدەش نەبێت چیتر, ئەگەر تـۆ قـەبولی بکـەیت مـن سووپاسـت دەکـەم هـاوڕێ گیان,

هاوڕێی خـاوەن یانەکـە بـە دڵخۆشیەوە قـەبولی دەکـات و بـە ئیمیلـی دەڵێـت: دەی بـڕۆ خـۆت ئامـادە بکـە کچـی جـوان ئەمشـەو ئاهـەنگیکی گەورەمان هەیـە بتبیـنم بـە پە نجـەکانت ئەمشـەو ئاهەنگەکـە جـۆش و خـرۆش بکـەیت هیـوادارم پەشـیمانم نەکەیتـەوە لـەم بڕیـارم کـە داومـە , ئەگـەر ئەمشـەو میوانـەکان تۆیـان بـەدڵ نـەبێت , ئـیتر مـن پـێم وایـە کـەتۆ بۆخـۆت بڕۆیـت بـەدوای کـارێکی تـردا بگـەڕێت , چـوونکە میوانـەکانی ئەمشـەومان بەشـێکیان تاییـەتن بۆیـە دەبێـت تـۆش بەشـێوەیەکی تاییـەت ئـامێری پیانۆکـە بۆیـان بـژەنیت بـۆ ئەوەی تۆیان بەدڵ بێت و ناوبانگ پەیدابکەیت.

ئیمیلیش لـە دڵخۆشـیە وەخـت بـوو دڵـی لـە لێـدان بوەسـتێت هـەرزوو بەڕاکردن بەرەو گەرماو دەڕوات بـۆ ئـەوەی خـۆی زۆر بـە جـوانی خـاوێن

بکاتــەوە چــوونکە مــاوەی ســێ هەفتەیــە ئیمیلــی جەســتەی خــۆی خاوێن نەکردۆتەوە بــۆ نێکــی ئێجگــار ناخۆشــی لــێ دەهــات, ئیمیلــیش دەســتی بــەخۆ خاوێنکردنــەوەی تــەواوی جەســتەی خــۆی کــرد. لــە کۆتایی دا خۆی خــاوێن کــردوەو بــەجوانترین شــێوە خۆیشــی ئامــادەکرد بــۆ ئاهانگەکــەی کاتــژمێر (9) ی شــەو, ئیمیلــی بــەردەوام بــوو لــە پڕۆڤەکردن و ڕاهێنان هەتاوەکو شەو.

کــات بــەرەو نزێــك بوونــەوە دەڕۆیشــت بــەڵام ئیمیلــی هــیچ دڵــە ڕاوکێیــەکی نــەبوو بــەڵکو زۆر بەئاســایی هەڵســوکەوتی دەکــرد وەك ئــەوە وابــوو کــە هــیچ جــۆرە ئاهــەنگیکی نــەبووبێت چــوونکە ئیمیلــی کچێك بوو زۆر باوەڕی بەسەرکەوتنەکانی خۆی هەبوو.

کاتــژمێر بــووە نــۆی شــەو ئاهانگــە گەورەکــەی شــەو دەســتی پێکــرد ئیمیلــیش بــەجلێکی جــوان و پۆشــتەوە بــە ڕووخســارە جوانــە پــڕ لــە خەندەکەیــەوە بــەرەو ســەرتەخت ڕۆیشــت و پە نجەکانیشــی زۆر گــەرم کردبــوو بــۆ ژەنــینی پیــانۆ , لەهۆلەکــەدا میــوانێکی زۆر ئامــادەببون بۆئــەوەی گــوێ لــە نــوێترین کچــی پیــانۆ ژەن بگــرن کــە لــەدەرەوی هۆلەکــەدا وێنەیــەیکی جــوانی ئیمیلــی بەگــەورەیی هەڵواســرابوو , ئەمــەش وای لــە خــەڵکی کردبــوو کــە چــرکە بــە چــرکە بــژمێرن هەتاوەکو بگەنە ئاهەنگەکە .

ئیمیلــیش بــە دڵخۆشــیەوە لەگــەڵ پیانۆکــەی دەســتی کــرد بــەژەنینی نــوێترین و تایبــەترین ئــاوازی خــۆی , هــەر لەگــەڵ یەکــەم دەنگــی ژەنــینی پیانۆکــە ســەرجەم میوانــەکانی بــە پیانۆکــەی مەســت کــرد

وایان لێ کرد بڕۆن بەرەو نێو دنیایەکی تر کە هیچ کاتێك نەیان بینیوە ئیمیلی وای لە میوانەکان کرد کە بە پیانۆکەی و جوانیە سەرنج ڕاکێشەکەیەوە بچێتەوە نێو دڵی هەموو میوانەکانی هۆلەکە, بەڵام لەناکاو ژەنینی پیانۆ کۆتایی هاتوو هەموویان بە ئاگای هێنایەوە , میوانەکانیش بە چەپڵەوە هەستانە سەرپێ و خۆشی خۆیان بۆ ئیمیلی دەردەبڕی ئیمیلی دڵی خۆش بوو کە توانی سەربکەوێت و دڵی هەموو خەڵکی پێ خۆش بکات , بەڵام دایکی بە ئاواتی ئەو ڕۆژە بوو کە ئەم ئاهەنگەی کچەکەی ببینێت بەڵام ئێستا بە ڕووحی گوێبیستی ژەنینی پیانۆی کچەکەی دەبێتەوە.

لەنێو ئاهانگەکە پیاوێك بەتەمەن هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێت: هەربژی تۆ کچێکی زۆر زیرەکی شایەنی هەموو شتێکی نەفرەت لە ڕەگەزپەرستی و چینایەتی, پیاوە بە تەمەنەکەی ناو ئاهەنگەکە کەسێکی بازرگان و سیاسەتمەدار بوو هەربۆیە بڕیاریدا گەورەترین هۆڵ پێشکەش بەئیمیلی بکات بۆ ئەوەی ئیتر لەو هۆڵەوە دەست بەژەنینی پیانۆ بکات کە ئەمەش بووە دەرگایەکی گەورە بەڕووی ئیمیلی دا کرایەوە .

ڕۆژ بەدوای ڕۆژ و ساڵ بە دوای ساڵ ئیمیلی ناوبانگێکی گەورە بەدەست دەهێنێت لە هەموو جیهان کە تەنیا یەك پلیتی ئاهەنگەکانی شەوانی ئیمیلی بەچەندین دۆلار دەفرۆشران, ئەمەش وای کرد ئیمیلی ئەو کچە ڕەش پێستەی کە بەشێکس زۆری سپی پێستەکان گاڵتەیان پێدەکرد ئێستا هەمووان ڕێزی لێ دەگرن

بەتایبەتیش بەڕێوبەری ناوەندە هونەریەکە کە پێی گوت: تۆ کچێکی لەشفرۆشی ئێستا بە پێیەکانی خۆی دێت بۆ ئاهەنگەکانی شەوانی ئیمیلی و گوێ لە ژەنینی پیانۆکەی دەگرێت, ئیمیلی لە پاڵ ئەو ناوبانگە زۆرە بووە خاوەن سامانێکی زۆر زەبەلاح, بەڵام بەردەوام سامانەکەی بۆ کاری مرۆیی و چەندین کار و پڕۆژەی سوودبەخش خەرجی دەکرد.

ئیمیلی لەشەوە ئاهەنگێکی گەورەدا کەبەهەزران کەس ئامادەببون بەڵام پێش ئەوەی دەست بکات بە ژەنینی پیانۆکەی, لەناوکا دەبورێتەوەو ڕاستەوخۆ دەیگەیننە نەخۆشخانە, بەڵام لە پاشان پزیشکەکان هەواڵێکی ناخۆشی پێ دەدەن کە پێی دەڵێن : بەداخەوە ئیمیلی تۆ تووشی نەخۆشی هەورکردنی سیەکانت هاتوویت .

ئیمیلی لە پاش ئەو هەموو ئازارەوە کەچی بۆ دواجار دەرگایەکی بەختەوەری لێ کرایەوە و توانی ببێت بە پیانۆ ژەنێکی ناودار و هەموو خەڵکی گوێی لێ بگرن و سەرسامی ژەنینی پیانۆکەی بن, بەڵام مەرگ و نەخۆشی هاتە سەرێگای بەختەوەریەکانی ئیمیلی, بەڵام ئیمیلی هەر بێ هیوای نەبوو بۆیە ئەمجارە بڕیاریدا دەست بکات بە نووسینی کتێبێك بەناوی( من توانیم ) کە لە 110 لاپەڕە پێك هاتبوو, ناوەڕۆکی کتێبەکە باس لە ژیانی خۆی دەکات لە منداڵیەوە هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کە دەگات بە سەرکەوتنەکانی خۆی, لەلایەکی تری کتێبەکە باس لە جیاوازی ڕەگەزی دەکات و

دەڵێت:ئێمە مرۆڤین هیچ کات نابێت ئەو جیاوازیە لەنێوان خۆمان دا درووست بکەین و ئەگەر ڕەش پێست بێت یاخود سپی بێت یان قاوەیی بێت هیچ جیاوازیەك نیە چوونکە ئێمە لە کۆتایی دا یەك مرۆڤین, لەدیویکی تری کتێبەکە کە زۆر ڕەخنەی توند لە جیاکاری نێوان ئافرەت و پیاو دا دەگرێت و داوا دەکات ئیتر ئەو نایەکسانی کۆمەڵایەتیە نەمێنێت و لەلایەکی تریشەوە داوا لە ئافرەتانی کردوە کە دەست بەرداری کاری ناو یانە شەوانەکان بن بۆ ئەوەی چیتر ئافرەت تەنیا بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکان تەماشانەکرێت, لەکۆتایی لا پەڕەکانی داوای نەهێشتنی چینایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەك دەکات کە هەمووان لە یەك ئاستی خۆشگوزەرانی دا بژین , ئیتر ئەمانەو چەندین پرسی تر کە ئیمیلی لە کتێبەکەی دا بەشێوەیەکی کورت و پووخت ئاماژەیان پێ کردوە , ئەم کتێبە دە نگدانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناو زۆرترین خوێنەری هەبوو لەسەرجەم چین و توێژەکانی وڵات دا.

بۆ دواجار ئیمیلی لە تەمەنی سی و دووساڵی دا لە شەوێکی باراناوی دا لە ژوورەکەی خۆیدا لەسەر ئامێری پیانۆکەی , ترپەکانی دڵی لە وەستان دەکەوێت و بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە هەموو شتێکی ئەم ژیانە دەکات کە بەدەستی هێنابوو.

2020|2|28



# Rojêkm Legell Azarekanî Kçêk

**Ehmed kameran**